MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# كێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەکردنی

د. ڕەفیق شوانی

هەولێر - ٢٠٠٧



**ناوی کتێب: كێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی**

- نووسینی: د. ڕەفیق شوانی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: (٤٢٢)
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- چاپی یەکەم ٢٠٠٧
- نرخ: (١٢٥٠) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی دەزگای ئاراس

زنجیرەی کتێب (١٩)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: ٢٢٦٠٣١١

## پێشکەش

- بە شەهیدانی شاری خامۆش و فەرامۆش، بە تایبەتی ئەرپە و

مامەڕیشە، کە بە داخی رزگارکردنی شاری کەرکووکەوە

سەریان نایەوە.

# پێرست


پێرست........................................................................................ ٥
پێشەکی....................................................................................... ٧
کێشەی کەرکووك بەرەو کوێ؟................................................................ ٩
کێشەی بە عەرەبکردنی کەرکوك لە کۆنەوە تا ئەمرۆ .................................... ١٧
کێشەی کەرکووك و راگوازتنی کورد ........................................................ ٦١
سیاسەتی بە عەرەبکردن، دەرکردن، داگیرکردنی کوردستان تاکەی؟!! .................٦٥
کەرکووك شارێکی خامۆش و فەرامۆش ...................................................... ٧١
با خەڵکی کەرکووك: شوان، ساڵەیی، قادر کەرەم، قەرەحەسەن بگەڕێنەوە بۆ هەواری
باو باپیران.......................................................................................٧٩
بەرنامەی بووژاندنەوەی رووماى کوردانەی شاری کەرکووك...............................٨٥
١٩٨٥/١٠/١٥ رۆژی رەشی شاری کەرکووك.....................................................٩٣
بەری ڕۆژی کوردبوونی کەرکوك  بە بێژنگی کەس ناگیرێ..................................٩٥
کەرکووکی کوردان مەسەلەیەك نییە دوابخرێت! ...........................................١٠٥
نەك کەرکووك!
بەڵکو عەقڵیەتی شۆڤێنییە بۆتە بەربەستی دانانی دەستوور ...............................١٠٩
چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی بۆ شوێنی خۆیان .... ١١٤
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەرێزان هەر دوو سەرۆکی فراکسیۆنی زەردو سەوز
پەرلەمانتارە بەڕێزەکان .........................................................................١٢٢
بۆ لێپرسراوو ڕێکخەری  C PA  لە کوردستان / هەولێر..................................١٢٤
پاشکۆ ........................................................................................ ١٢٧

## پێشەكی

ئەم كتێبەی لەبەردەستدایە، لە ئەنجامی كۆمەڵێ وتارێكەوە سەرچاوەی گرتووەو هاتۆتە بەرهەم. هەمووی لە گۆڤارو ڕۆژنامە كوردییەكانو كۆنفرانسە زانستییەكانی دەربارەی كێشەی كەركووك بڵاوكراوەتەوە.

هەندێك لەم وتارانە شێوەی یاداشتنامەی گرتۆتە خۆی، بەرێپێوانەوە بۆ بەردەمی پەرلەمانی كوردستانو نوێنەری (CPA) لە خانزادو، چاوپێكەوتنو كۆبوونەوەیەك، بە بەشداریی ژمارەیەك مامۆستای كەركووكی سەر بە زانكۆی سەلاحەددین، لە زانكۆی كەركووكو لەگەڵ نوێنەری پریمەرو وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراقی پێشكەش بەو لایەنانە كراوە لە چەند داواكارییەكی ڕەواو پێویستدا داوا كراوە ئاوارەكانی كەركووك یارمەتی بدرێنو بگەڕێندرێنەوە بۆ شوێنەكانی خۆیانو عەرەبە هاوردەكانیش بنێرێنەوە شوێنی بنەڕەتیان كە لێوەی هاتوون.

لەم لێكۆڵینەوەو وتارانەدا، پێناسەی كێشەی كەركووك بە شێوەیەكی زانستی كراوە، بەوەی كێشەیەكی نەتەوەیی هەستیارەو، بەندە بە لایەنی مێژووییو جوگرافیو زمانی نەتەوەییەوە، كە كەركووك شارێكی كوردیو كوردستانییەو مافی خۆیەتی، داوا دەكات بۆی بگەڕێتەوە. كورد لەمەدا چاوی نەبڕیوەتە سەر خاكو مافو ماڵی خەڵكی تر، تا زەوتی بكات، بەپێچەوانەوە مافی خۆی لەو بوارەدا داگیركراوە.

كێشەكەش كێشەیەكی نەتەوەییە، بەستراوە بە پەیوەندی مرۆڤی كورد بە خاكەكەیەوە، لەم بەرهەمەدا، كێشەكە لەپێش ڕووخاندنی سەددامو لە دوای ڕووخاندنیشیدا بە چارەسەری گەڕاندنەوەشی خراوەتەڕوو.



هیواردارم بە دڵی خوێنەرانو نەتەوەكەم بێتو تۆزێك دڵەی پڕ حەسرەتی من لە چاوەڕوانیدا بحەسێتەوە، وەكو كوردێكی خەڵكو زێدی ئەو خاكە داگیركراوە پڕ كێشەو ئاڵۆزە، بریا دڵۆپێك نەوتی تیا نەزابیایە تا ئێمە بەم دەردە نەدەچووینو لەسەر ماڵو موڵكو شوێنی بنەڕەتی خۆمانو باوباپیرانمان دەبووین. بە هیوای چارەسەری.

**د. ڕەفیق شوانی**

**هەولێر- گەڕەكی خانووەكانی كۆلێجی ئەندازە**

**٢٠٠٧/٢/٨**

## کێشەی کەرکووک بەرەو کوێ؟*

شاری کەرکوك، لە کۆنەوە کوردنــشین و شــارێکی کوردانــە بــووە و مەڵبەنــدی نەیالەتی شارەزوور بووە و وەکو لــە ســاڵنامەی جــوگرافی ســەردەمی ســەرجۆنی ئەکەدی (٢٥٣٠-٢٤٤٧) پێش زایین هاتووە، شــارێکی زۆر کۆنــە و، نــاوی بــە (ئارانجا) هاتووە. ئەم شارە کەوتۆتــە داوێنــی دەشــتاییەکانی چــیای زاگرۆســەوە بەتایبەتی لــە بەشــی ســەرووی رۆژهــەڵاتێوە، لــەلای باشــوورییەوە بــە نزیکــی (١٠٠)کم ڕێزە چیای (حەمرین) دێت و ئەم ریزە چیایە، لــەڕووی جوگرافییــەوە، کۆتایی سنووری وڵاتی کوردستانە، کە بەرەو مەندەلی درێژ دەبێتەوە.

کەرکووك بە (باوەگوڕگوڕ)یش نــاوی دەرکــردووە و، لــەناو کــوردەواری، لــەڕووی فۆلکلۆرییەوە. ئەم ناوە پیرۆزە و لە هۆنراوەی فۆلکلۆری دەوترێت: باوە گوڕ گــوڕ بەگوڕ هاتم بۆ کوڕ هاتم. بێجگە لەوەی کە ئەم شوێنە بە سامانترین شوێنی نەوتە و بریتییە لە ریزە ئاگرێك، هەمیشە دەوروبەری شارەکەی رووناك کردۆتەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە و، بۆ کێشەی رەوای کوردستانی عێــراق، رەواو مەبەســتی ناوهێنان بێت، ئەوەیە شاری کــەرکووك شــارێکی کــوردە و ئەمــەش لــە بەڵگــە جوگرافی و مێژووییەکانی سەرچاوە کۆنــەکان، کوردبــوونی ئــەو شــارەی، لــەلای نووسەرانی غەیرە کوردیش سەلمێندراوە. یــەکێك لــەو سەرچــاوانە، کــە لەلایــەن مێژوونووسی تورك (شمس الدین سامی)یەوە لــە فەرهــەنگی (قــاموس الاعــلام) ناوی هاتووە و دەڵێت: سێ چارەگی دانیشتوانی ئەم شارە کوردن و ئەوانیتر بریتین لە تورکمان و عەرەب و خەڵکی تر، کە دەکەوێتە لای باشووری رۆژهەڵاتی شاری موسڵ بە ١٦٠کم.

* لە رۆژنامەی "برایەتی"، ژ(٢٨٩٩)، ١٩٩٩/٨/١٢، بڵاوکراوەتەوە.



کورد بوونی ئەم شارە لە مێژووی نوێی ئەم گەلەشدا بەڕاستی و بە بەڵگە زانستی و واقیعی ژیانی خەڵکەکەی و بەسیما و مۆرکی کوردانەی، زۆر روون و ئاشکرا و دیــارە و وەکــو راســتییەك ئــاو لێــڵ ناکــات. یــەکێك لــەو دیاردانــە ئەوەیــە، ئینگلیزەکان لەکاتی داگیرکردنی باشووری عێراقــدا لــە ســاڵی ١٩١٧دا بــەیانی سەرکەوتنەکەنیان لە ناوچە جیاجیاکانی ئەم وڵاتەدا بەزمانی ناوچەی دانیــشتوان بڵاودەکردەوە لە کەرکووك و دەوروبەری بەزمانی کوردی و تورکی. پاشــان شــاری کەرکووك لە چل و پەنجاکانی ئەم ســەردەمەدا، شــوێنی نــاوداران و رۆشــنبیران و پیاوماقوڵانی کورد بووە و، زۆربــەی رۆشــنبیرانی کــورد، تیایــدا کۆبوونەتــەوە و سەقامگیربوونە و، دەتوانرێت لەم رووەوە بە مەڵبەندی لایەنی ژیــانی سیاســی و رۆشنبیری کوردان دابنرێت، وەکــو ســێ کوچــکەی یــەکگرتنی نێــوان شــارەکانی کوردستان بووە، خانەقا و تەکیەی تاڵەبانی و خادم سجادە لەم رووەوە بە ناوەندی بەیــەك گەیــشتنی دادەنرێــت، هــەمزە عەبــدوڵڵای ســکرتێر و کــوردی ئــاوارەی کوردستانی تورکیا لە خانەقای ماڵی حوسێن سەید پــەنادرابوو، بارەگــای پــارتی دیموکراتی کوردســتان کــە لــە ١٩٥٨ و ١٩٥٩دا بــە بارەگــای (خــەبات) نــاوی دەرکردبوو. دەورێکی یەکجار چالاك و کوردانەی لە هوشــیارکردنەوەی سیاســیدا دەبینی و ئێستاش ئەو شوێنە لە کەرکووك بەناوی (خەبات)ەوە ناسراوە.

یەکێك لە خەسڵەتەکان و سیمای کوردانەی ئەم شارە لەو سەردەمەدا بریتــی بــوو لە کتێبخانەی ((کوردستان))ی عومــەر بێکــەس و کتێبخانــەی محەمــەد ئــەمین عەسری و دەرکەوتنی گۆڤاری ((شەفەق)) ((رۆژنامەی ئازادی)) و ((رای گەل)).

ئەمە بێجگە لە بیر و داخوازنامــەی رۆشــنبیران و مامۆســتایانی کوردســتان بــە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (مــەعاریف) بــۆ کوردســتان و شــوێنەکەی لــە کەرکووك بێت کە لە لایەن ئەفسەری عێراقــی (نــازم الگبقجلــی)یــەوە دژایــەتی کراوە، کە ئەوسا (قائد فرقەی دوو)ی کەرکووك بووە، ئــەم ئەفــسەرە ئــەو کاتــە

دەورێکی چالاکی هەبووە لە دژی (مەعاریفی کوردستان) و بوون و کردنی شاری کەرکووك بە مەڵبەندی ئەو مەعاریفە کە داواکراوە لیوای (سلێمانی، هەولێر، کەرکووك و خانەقین و کوردەکانی لیوای موسڵ) بگرێتەوە.

شاری کەرکووك لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە، عەرەبی هەر لێ نەبووە، لە سیەکان و چلەکانەوە دەست کرا بە نیشتەجێکردنی عارەب لە ناوچەی (حویجە) و دەوروبەری، (حدیدییەکان)یش لە دەرەوەی باشووری شاری کەرکووك بوون و لە چەند ماڵێك پێکهاتبوون، کە ئەم شارە گەورە بوو کەوتنە ناو شارەوە.

پاش ئەمە، وەکو بەرپاکردنی سیاسەتی بە عارەب کردنی کەرکووك، لە (١٩٥٩)ەوە، خەریکی پیلان دانان و ئاژاوە بوونە، بۆ ئەوەی بتوانن بەهەر رێگەیەك بێت، سیمای کوردانەی ئەم شارە، بسڕنەوە، لە سەرەتاوە بە چاندنی تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە و کوشتن و لەناوبردنی ناودار و رۆشنبیری ئەم شارە، کوشتنی رۆشنبیری کورد ((سدیق بلوکێنی و کاك قادر بابان)) نموونەی گەشی ئەم رووەن، ئەم سیاسەتە لە ساڵی ١٩٦٣دا گەیشتە ئەوپەڕی توندوتیژی و بەرپاکردنی سیاسەتی رەگەزپەرستانە، دژ بە کورد و شاری کەرکووك و، بڕیاردانی رووخانی گەڕەکی (خانووە جمهورییەکان) لە ئازادی و نزیك ئیمام قاسم و هەروەها کاولکردنی دێی (شۆراو) و (سۆنەگولی) و (چالا) و (سێکانیان) و هیتر و سووتاندنی دێهاتەکانی ناوچەی شوان و ساڵەیی و قەرە حەسەن و هەموو بەرووبووم و فەلاحەتیان، شاڵاوێکی توندوتیژی وا دەستی پێکرد، خوێنی کورد حەڵاڵ کرابوو، لە دێهاتەکانی ئەو ناوچەیە (کەفەر قاسم و دێر یاسین) زیندوو کرانەوە و خەڵکی بە پشتێنەکەی خۆی دەبەسترایەوە و دەکوژرا، تەنانەت ئەم توندوتیژییە پەك کەوتە و شێت و ژن و منداڵیشی گرتبۆوە، تەنها لە رۆژێکی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ لە دێی (بیرەسیان) چواردە کەس پێکەوە کوژران و لە دێهاتەکانی تر چەندین کەس و تیایاندا شێت و کەڕوڵاڵ هەبوو. ئەم



سیاسەتە نەك هەر کەرکووك، شارەکانی تریشی گرتبۆوە، لە ٢٣/حوزەیرانی/١٩٦٣ لە شاری کەرکووك (٢٨) کەس لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی ئەم سیاسەتە، بە بیانووی جۆربەجۆر پێکەوە هەڵواسران، وەکو: (شێخ مارفی بەرزنجەیی و هاوڕێکانی) کە دووربوون لەو مەبەستەی، کە بووە هۆی کوژرانیان، ئەگینا وانەبێت چاوی تەماح و پیسیان نەبڕیبێتە ئەم شارە سەلمێنراوە کە کەرکووك شارێکی کوردە و بەپێی ئاماری سەرژمێری گشتی ساڵی (١٩٥٧)ی عێراق، کە لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆ/ بەڕێوەبەرێتی نفووسی گشتییەوە، ئەنجام دراوە، دانیشتوانی ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکووك بریتی بووە لە (١٨٧٥٩٣) سەدو هەشتاو حەوت هەزار و پێنج سەدو نەوەت و سێ کەس، بەڵام هی عارەب (١٠٩٦٢٠) هەزار بووە.

خاڵێکی تر لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە، ئەگەر ئەو شارە هی کورد نییە، یا کوردی تیا نییە ئەی ئیتر ئەوانەی دەریان دەکات کێن وا! لە چ نەتەوەیەکن، هەموو بەڵگەکان ئەوە دەسەلمێنن کە کەرکووك شارێکی کوردستانییە.

کاتێك بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەشێوەی سیاسی و چەکداری دەستی پێکرد، دروشمی داواکارییەکانی هەردەم کەرکووکی گرتۆتە خۆی و لە گفتوگۆدا کێشەی کەرکووك بۆتە کێشە و ناوەندی مەسەلەکە و، هەرگیز لە داواکردنی ئەم شارە دوا نەکەوتووە و ناکۆکی نێوان میری و شۆڕشی کورد، لەسەر ئەم مەسەلەیە بووە، هەموو رێککەوتنێك لەگەڵ میریدا لەسەر کێشەی کەرکووك هەڵوەشاوەتەوە، رێککەوتننامەی یانزەی ئازار و بە ئاکام نەگەیشتنی لەبەر کەرکووك بوو، لەدوا هەفتەکانی مانگی ئاداری ١٩٧٤ وەفدی کورد کە بریتی بوون لە دوو کەسی سەرکردایەتی شۆڕشەکەی چوونە بەغدا و نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێك، هەر لەسەر کێشەی ئەم شارە، جارێکی تر، ئاگری شەڕ هەڵگیرسایەوە و، شەڕێکی سەختی خوێناوی لە ماوەی ساڵێکدا چەندین کارەساتی جەرگبڕی

وەکو بۆمبابارانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤ و هی هەڵەبجەش لە ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٦ و لە شار و لادێ و ناوچەکانی تریش، بۆمبابارانی فڕۆکە و تۆپی دوور هاوێژ بەدەیان خەڵکی کوشت و، شوێنی خاپوور کرد و نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی بەدواداهات و جارێکی تر ماڵوێرانی و سیاسەتی بەعارەب کردن و ڕاگوێزان و داڕشتنی پیلانی توانەوەی ڕەگەزی کورد و لەبیر بردنەوەی کەلتووری شۆڕشی کورد و خەباتەکەی دەستی پێکرد، ئەگەر چی ساڵێکی نەبرد ئاگری شۆڕشی نوێی گەل بەشێواز و گڕوتینێکی تازەوە هاتەوە مەیدان و لەناو شۆڕشیشدا، داخی گرانم ناکۆکی دەستی پێکرد و لە ساڵی ١٩٨٥ ڕێگای نێوان دێهات و شارەکان لەلایەن دەوڵەتەوە بڕا و دەرگای قوتابخانەکانی داخران و چەندین هەزار منداڵی کورد، بێ مامۆستا و قوتابخانە مانەوە و شەڕی توند و خوێناوی دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨دا خراپترین و توندترین سیاسەتی ڕاگوێزانی دێهات و شارۆچکەکانی بەخۆیەوە بینی و هەموو کوردستان لە چەند ئۆردوگایەکی وشك و برینگ و بێ کار و کاسبی کۆکرانەوە و هەوڵی فەوتان و لەبیربردنەوەی دابونەریتی کوردەواری خرایە کار و، دوای شەڕی دووەمی کەنداو ڕاپەڕینی گەلی کورد و کۆچڕەوی وڵاتێك دەستی پێکرد و ئەنجامەکەی بەباش ڕووی دا و کورد هەلێکی لەباری بۆ ڕەخسا و حکوومەت و پەرلەمانی دامەزراند.

تا ئێرە ئەم هەموو ڕووداوانە بەهۆی بەردەوام بوونی شۆڕشی کورد و وازنەهێنان و دەس لەبەرنەدانی شاری کەرکوك و ناوچەکانی تری وەکو خانەقین و شەنگار بوو.

ئیتر بۆ دەبێ! کێشەی ڕەوای هەزاران ماڵوێرانی و هەڵواسین و کوشتن و بڕین بمێنێتەوە، کەرکوك و شوێنەکانی تر، لە دەرەوەی نەخشە و کارگێڕی هەرێمی کوردستان بێت، لە سەروی هەموو ئەوانەشەوە، سیاسەتی ڕاگوێزان و چۆڵ کردنی



ئەو شارە، زیاتر پەرەی سەندووە و دێهاتەکانی لەلایەن خێڵە عەرەبەکانەوە، ئاوەدان کراونەتەوە و، لەلایەن دەوڵەتەوە ڕێگایان بۆ خۆش کراوە و خزمەت دەکرێن، زەوی و زار و بەراوەکانیان بەخوتوو خۆڕایی بەناودەهێنرێن و داواکردنی بڤەبێت، لێرەوە چەند پرسیاری ڕەوا و واقیعی لە بەردەمان خۆی قوت دەکاتەوە و دەپرسین!:

- ئەگەر کێشەی کەرکوك و خانەقین و شوێنەکانی تر نەبوایە، ئایا کێشەی کورد ڕەوتێکی دیکەی بەخۆوە نەدەگرت؟
- بۆچی لە ساڵی ١٩٧٤ شەڕی کورد و حکوومەتی ناوەندی هەڵگیرسایەوە؟!.
- ئایا کوردستان بەبێ کەرکوك چ لەڕووی ئابووری و چ لەڕووی سیاسییەوە چی دەگەیەنێت؟
- بۆچی داواکردنی شاری کەرکوك بڤەبێت؟
- بۆچی شاری کەرکوك، وەکو شاری موسڵ، کە ئێستاش نیوەی کوردە، لەبیربچێتەوە و وەکو بەرزەکی بانان، لەدەست بچێت؟
- هەموو کێشەی کورد و شۆڕشەکەی، لەبەر کێشەی کەرکوك ئاڵۆز بووە، بۆیە دەبێت ئەو کێشە و مەسەلە ڕەوا و یاسایی و شەرعییانەی ئەم شارە، هەردەم لەسەر مێزی گفتوگۆ بێت و، ئەی ئەوەندە ساڵە بۆ خوێنمان ڕشت!، لەبەر چی بێت داوای مافی ڕەوای گەورەترین شار، پێشێل بکرێت و، مەسەلە و بابەتی ناوەندی شۆڕشەکە، کە کەرکوك بوو نەهێڵرێت باس بکرێت؟

ئایا ئەو بەرژەوەندییەی کە لە کەرکوکەوە، بۆ ئەم و ئەو دەبێت، ئەگەر کەرکوك بدرێتە دەم ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە، بەرژەوەندییەکەیان لە دەست دەچێت؟ وابزانم نەخێر و گەلیش ڕازییە.

بارزانیی نەمر لە کاتی خۆیدا وتی: ((من ناتوانم لێپرسراوی داماڵینی کەرکوك لە کوردستان هەڵبگرم))، سەرکردەکانی ئێستا دڵنیام هەر هەمان بیروبۆچوونیان

هەیە و بە ئاشکرا رایان گەیاندووە، ئەوەی لێرەدا پێویستە، هێمای بۆ بکرێت، ئەوەیە هەوڵبدرێت ئەو دەوڵەتانە بەڕەوایی کوردستانێتی کەرکوك رازی بکرێن و پیشاندانی بەڵگەنامە رەسمییەکانی خۆیان و بەڵگە رەسمییەکانی، کە لەلایەن دەوڵەتی عێراق خۆیەوە کراوە، وەکو لە لیستەی ئەنجامی سەرژمێری گشتی وەزارەتی ناوخۆیی ساڵی ١٩٥٧ و ساڵی ١٩٤٧ی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، کە کورد لەو شارەوە لەو پارێزگایەدا، لە (٧٥٪)ی کوردبووە.

پێویستە مەسەلەی کەرکووك، بدرێتە دادگای دادی نێودەوڵەتی (محکمە العدل الدولیە) بۆ چارەسەرکردنی بەهۆی بەڵگەنامەکان و بەڵگەی ئاوارەبوونی خەڵکەکەی. بە چ جۆرێك رەوابێت، خەڵکێکی خاوەن ماڵ، لەسەر ماڵ و موڵکی باوباپیرانی دەربکرێت و، خەڵکێکی نامۆ و دوور لە شارەوە بکرێتە خاوەنی شارەکە و خاوەن ماڵ بێت.

هەر گیروگرفتێك چارەسەر نەکرێت گیروگرفتی تری لێدەبێتەوە و پتر ئاڵۆزتر دەبێت و پێویستە کێشەی کەرکووك چارەسەر بکرێت و لەم رووەوە هەوڵبدرێت سوود لە کات و ساتی بارودۆخەکە ببینرێت سیاسەتی کورد ئەدەبیاتی خۆی بۆ بخاتە کار و هەوڵی بۆ بدات.

هەروەها شۆڕشی کورد، دەتوانێت راستی مەسەلەی کەرکووك بۆ دەوڵەتە عەرەبەکان روون بکاتەوە، کە کەرکووك شارێکی کوردە و ئایا عارەب چ زیانێك دەکات بە کوردێتی کەرکووك؟ ئایا بەرەو سامان و خێر و بیری ئەم شارە تا ئێستا لە زیان و ناخۆشی بەولاوە چیتری هێناوە بۆ عارەب و بۆ عێراق، لە ماڵکاولی زیاتر و لە کڕینی چەکی کۆمەڵ کوژ و هەڕەشەی گرتنی وڵاتەکانیان بەدەست سیاسەتی دەوڵەتی عێراقەوە، ئەگەر کێشەی کورد و لە ناویدا مەسەلەی کەرکووك، بە تەواوی چارەسەر بکرایە، ئایا شەڕی عێراق و ئێران دەبوو؟! شەڕی عێراق و ئێران داگیرکردنی کوێت و هەڕەشەی وڵاتانی تری لەم ساڵانەی دوایەدا رووی دەدا؟.



دەتوانم بڵێم: کورد لە هەموو مێژووەکەیدا خەنجەری لە پشتەوە بە عارەب نەداوە، عارەبیش بە دەستی کوردەوە قازانج و پشتگیری بینیوە، نەك خیانەت و دوژمنایەتی؟ لە شەڕی سێقۆڵی ساڵی ١٩٥٦ بۆ سەر میسر و لە شەڕی ١٩٦٧ی جەنگی حوزەیران و شەڕی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٧٣، ئایا کورد یارمەتیدەر و پشتیوان بوو یا دوژمن؟ بێگومان بە راگەیاندن و بەکردەوە، کوردی نەوەی سەلاحەدین و بابە شاسوار چاوی نەبڕیوەتە ماڵی کەس و یارمەتیدەری عەرەب بووە، ئیتر بۆ ماڵی کورد بۆ کورد خەڵکی تر تووڕە و نیگەران بکات، بەتایبەتی شار و وڵاتێك لەدوای جەنگی جیهانەوە بە بڕیاری ئەنجامی جەنگ بدرێتە دەم وڵاتێکی ترەوە.

سیاسەتی دەسەڵاتی پێڕەوکراوی حکومەت دژی خەڵکی رەوای ئەو شارە دژی بڕیاری (٦٨٨)ە، کە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی بەرگری لێدەکات، ئیتری بۆچی کەرکووکێك وەکو کێشەیەکی سەرەکی وا بمێنێتەوە، کە لە راستیدا مەسەلەی ناوەندی شۆڕشی کوردە.

دەبا بۆ ئەم کێشە سوود لە هاوکێشە گونجاوەکان وەربگرین، دەبا هەوڵی یەك لایی کردنەوەی کەرکووك بدرێت، لەکاتی گۆڕانکاری و هەڵکەوتنی رێکەوتدا، با خۆمان رەفتاری بۆ بکەین و واقیعی گونجاو بقۆزینەوە و هەست و ویستی میللەت بەپێی رێنمایی شۆڕشەکەمان واقعی پێویست دروست بکەین.

## کێشەی بە عەرەبکردنی کەرکوک لە کۆنەوە تا ئەمرۆ*

### دەروازەیەك

کێشەی بە عەرەبکردنی کەرکوك و هەوڵی بەردەوامی داگیرکردن، بۆ لە کوردکردنی، کێشەیەکی یەکجار ئاڵۆزو قووڵە، ئەم کێشەیە، وەکو بەشێکی هەست بزوێن، لە کێشەی نەتەوەیی وڵاتی کوردستان دادەنرێت. کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد کێشەیەکی کۆن و دێرینە، لەوساوە دەست پێدەکات، کە یەکەم دەوڵەتی کوردی (میدیا) لە ساڵی ٥٥٠ پ. ز دەڕووخێت. چونکە لەو کاتەوە کورد و وڵاتە گەورەکەی، کە کوردستانە، داگیرکراو بووە.

کێشەی نەتەوەیی هەر میللەت و نەتەوەیەك، بە داگیرکردنی وڵاتەکەی، یا بەشێك یا ناوچەیەك لە نیشتمانەکەی سەر هەڵدەدا، سەرهەڵدانی ئەم کێشەی داگیرکردنە، دوو شێوازی جیاواز لە یەك دەگرێتە خۆی. یەکەمیان، لەئەنجامی سەرنەکەوتنی لایەکیان لە شەڕی نێوان دوو وڵاتدا، ناوچەیەك یا شارێك، دەکەوێتە بن دەسەڵاتی لایەکەی تریان و، ئەو کێشەیە وەکو کێشەیەکی نەتەوەیی، لە نێوانیاندا درێژە دەکێشێ، تا چارەسەر ئەکرێت. دووەمیان، سەرکەوتنی وڵاتێکیان بەسەر وڵاتەکەی تردا و، وڵاتە سەرنەکەوتووەکە، دەبێتە وڵاتێکی داگیرکراو، بە میللەت و خاك و هەموو سامان و بنەماکانیەوە. ئەم جۆرە داگیرکردن و کێشەیە، لە جۆری یەکەمیان ترسناك و کوشندە ترە، چونکە وڵاتی داگیرکەر، هەوڵی خۆی بۆ گۆڕینی رووماو هێمای وڵات و نەتەوە داگیرکراوەکەی ژێر دەستەڵاتی تەواوی دەخاتە کار.

* لە گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٢٠)ی ٢٠٠١، تایبەت بە کۆنفرانسی زانستیی ئەکادیمی کەرکوك بلاوکراوەتەوە.



وەکو هەوڵی، گۆڕینی ناوە نەتەوەییەکانی و، بوار نەدان، بەچالاکی نەتەوەیی و میللی و، قەدەغەکردنی زمانەکەی و، هەموو داب و نەریتێکی، تا بە تەواوی لە ناویدا بتوێتەوە و، بە درێژایی زەمان، داگیرکراو ژێر دەستەڵات بێت. بگرە هەوڵی سڕینەوەی دەدات، لە مێژوودا. ئەم جۆرە داگیرکردنە، لە مێژووی میللەتاندا نموونەی زۆرە، بۆ نموونە وەکو داگیرکردنی جەزایر، لەلایەن فەرەنساوە، دابەشکردنی فەڵەستین و دەرکردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانی و ئاوارەکردنی لە ساڵی ١٩٤٨ دا[1]، داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی لیبیا، لە لایەن ئیتاڵیاوە[2]. باشترین نموونە بۆ ئەم حاڵەتە کە تا ئێستا وڵات و نەتەوەکەیی بەژێر دەستەیی و ماوەتەوە، وڵاتی کوردستانە. بەشێکی باشووری کوردستانی نەبێت، لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بەیەك لایەنی، خۆی حوکمی خۆی بەڕێوە دەبات. ئەویش بەهۆی راپەڕین و کۆچڕەوی بەهاری ئەو ساڵە کەلە ئەنجامی پەلاماردانی کوێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەر پابوو.

نموونەی داگیرکردنی یەکەمیان، وەکو ناوچەیەك، یا شارێك دەکەوێتە دەستەڵاتی لایەکی ترەوە، وەکو کێشەی دوورگەی فۆکلاند، لە نێوان بەریتانیاو ئەرجەنتین، یا کێشەی شاری ئەسکەندەرۆنە، لە نێوان تورکیاو سوریا، یا کێشەی ئاوی شەتی عەرەب لە نێوان عێراق و ئێران. لە مێژووی هاوچەرخیشدا، کێشەی هەر سێ دوورگە (طنب الکبری، طنب الصغری، جزیرة ابو موسی) لە نێوان ئێران و عەرەبەکانی کەنداو، ئەم کێشەیە، وەکو کێشەی یەکەم ترسناك نیە، چونکە تەنها زیان بە ئابووری و ئابڕووی سیاسی وڵاتەکە دەگەیەنێت. بەڵام نموونەی دووەمیان ئەگەر هەروا بمێنێتەوە هەڕەشەی نەمان و توانەوەی نەتەوە و وڵاتێکی بەدواوەیە.

## کێشەی کەرکوک چ جۆرە کێشەیەکە؟

کێشەی داگیرکردنی کوردستان، کێشەیەکی نەتەوەییە، لە نموونەی کێشەی دووەم، لایەنی نەتەوەیی، ئابووری، کۆمەلأیەتی، دابڕانی میللەتەکەی، هەرشەکردن لە نەمان و فەوتانی کەلەپووری نەتەوەیی و بەتالأن بردنی سامانی نەتەوەکە دەگرێتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی، کوردستان دابەشکراوە بۆ چوار بەشەوە، لە هەر بەشێکی، بێجگە لە کێشەی نەتەوەیی، تووشی کێشەی ئایینی و مەزهەبی و[٣] کۆمەلأیەتی و ئابووریش بووە. کێشەی بە عەرەبکردنی شاری کەرکوکی کوردان، یەکێکە لە کێشە گەورەو ترسناکەکانی بەشێکی ولأتەکەی، کە هەڕەشە و هەولّی سڕینەوەی کوردیەتێدا بەردەوامە و گەیشتۆتە قۆناغێك کە پێویستی بە چارەسەرکردن و هەولّدان هەیە، بۆ ڕزگارکردنی لە دەستی شالأوی گۆڕینی بەعەرەبکردنی و، ڕاگوێزانی خەلّکەکەی، پێویستە ئەم مەبەستە، شێوازی جیاجیای خەبات بخرێتە کار[٤]. کێشەی شاری کەرکوك، ئەوە نەبێت وەکو سیاسەتێك تازە بێت، لە کوردستاندا، وەکو کێشەی دەرکردنی خەلّکەکەی، بۆ ناوچەکانی تری کوردستان و، بۆ باشووری عێراق، بەلّکو سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەنجامی شەڕی چالّدێرانی نێوان دەولّەتی سەفەوی ئێران و، دەولّەتی عوسمانلی ١٥١٤ ز، کە لە ئەنجامی پەیمانی (زەهاو) لە سالّی ١٦٣٩ ز بە ڕەسمی و بە کردەوە، کوردستان کرا بە دوو بەشەوە. لەو کاتەوە کێشەی گۆڕین و دەرکردنی کوردان، لە بەشێك لە ولأتەکەی، دەستی پێکردووە، نموونە: وەکو دەرکردن و ڕاگوێزانی هۆزە کوردەکانی ناوچەی زەهاو و لورستان و کرمانشا لە هۆزی کەلّهۆر و لەك و باجەلان و دەربەندی بۆ ناوچەجیاجیاکانی کوردستان، یا هۆزی شێخ بزێنی بۆ ناوچەی ئەرزە ڕۆم و لوڕ بۆ نێوان شاری قۆنیا و ئەنکەرە[٥]. ئەمجا پێش ئەوەی بێینە سەر ناوەڕۆکی لێکۆلّینەوەکە، لە ئەنجامدانی شێوازە



جیاجیاکانی گۆڕینی دیموگرافیای شاری کەرکوك و ناوچەکانی، پێویستە بۆ پشتگیری باسەکەو، ڕەوایی داواکاری کورد، بۆ کوردبوونی ئەم شارە، ئاوەڕێکی جوگرافی لە شوێن و ژمارەی دانیشتوانی بە پێی سەرچاوە و ئامارە گشتییە ڕەسمیەکانی ئەم شارە بدەینەوە.

## ناوی شاری کەرکوک

شاری کەرکوك، لە کۆنەوە کوردنشین و شارێکی کوردەواری و مەلّبەندی ئەیالەتی شارەزوور بووە[٦]، وەکو لە سالّنامەی جوگرافی (مەبەستم لە تەقویمی جوگرافییە بڕوانە وریا جاف، کەرکوك، ل١٨) سەردەمی سەرجۆنی ئەکەدی (٢٥٣٠ - ٢٤٤٧) پ - ز هاتووە، شارێکی زۆر کۆنە و ناوی بە (ئارابخا) هاتووە[٧]، ئەم شارە کۆنە کەوتۆتە داوێنی دەشتاییەکانی چیای زاگرۆسەوە، بە تایبەتی لە سەرووی ڕۆژهەلأتیەوە، لەلای باشووریەوە، بە نزیکی (١٠٠) کم ڕیزە چیای حەمرین دێت و ئەم ڕیزە چیایە، لە ڕووی جوگرافییەوە، کۆتایی سنووری ولأتی کوردستانە، کە بەرەو مەندەلی درێژەبێتەوە[٨].

کەرکوك لە مێژووی کۆندا چەند ناوێکی وەك (کەرەك، کەرکینی، کەرخ یا کەرك سلوق، کورکورە، گرگر.. هتد) هەبووە و پاشان بۆتە کەرکووك[٩]، ئەم ناوەی دوایی، بۆ یەکەمجار، لە سەردەمی تۆهەمی کۆچی بەکارهاتووە. هەرچۆنێك بێت لە پالّ وشەی کەرکوکدا وشەیەکی لفانەی وەکو (گوڕگوڕ) یا (گڕگڕ) لە مێژووی کۆندا و لە سەرچاوەکانیدا بەکارهێنراوە. ئەمجار (گوڕگوڕ) کە بە واتای (بەگوڕ و بەخۆ) دێت لە زمانی کوردیدا، ئەگەریش (گڕگڕ) بێت ئەوا (گڕی) ئاگری بەتین و بەهێز دێت کە ئەمەیان و یەکەمیان هەر گوڕ و تینی ئاگری بەهێزی نەوتی کەرکوك دەگەیەنێت و، کوردبوونی ئەم شارە کۆنەی کوردان لە ڕووی زمانەوانییەوە دەسەلمێنێت. وشەی (باوەش) پیرۆزییە لە کوردیدا وەکو باوە

نوور، باوه شاسوار، باوه گوڕگوڕیش لەلای کورد لە ئاییینی کۆنی زەردەشتیدا، پیرۆز بووه، لە فۆلکلۆری کوردیدا بە شیعر ڕەنگیداوەتەوه[١٠].

ئەگەریش دوژمنان بە شارێکی کوردی نازانن، بۆچی کوردی لێ دەردەکەن؟ یا ئەوانە کێن کە دەردەکرێن؟ ژمارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك لە سەرچاوەی (قاموسی الاعلام)ی شمس الدین سامی سێ چارەکی دانیشتوانی کوردن و چارەکەکەی تری لە تورکمان و عەرەب و خەڵکەکەی ترن، شارەکەش بە ١٦٠ کم دەکەوێتە لای باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری مووسڵ. ئەمە لە کۆندا وابووه، لێرەدا جێگەی خۆیەتی، هەندێك بەڵگەی کۆن بۆ کوردبوونی شاری کەرکوك لە مێژوودا بهێنینەوه، یەکێك لەوانە ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) کە لە لایەن لیژنەی تایبەتییەوه لە ناوچەکە لە کوردستانە لە ساڵانی (١٩٢٢ - ١٩٢٤) ئەنجام دراوه: ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك، گەیشتۆتە (١١١,٦٥٠) کەس و بە پێی نەتەوەکانیان بەم پێیە دابەشبوونە: کورد لە سەدا (٤٢,٥٪)، عەرەب (٣١، ٩٪)، تورکمان (٢٣,٤٪)، هی نەتەوەی تر (٢,٢٪) کۆی ژمارەیان دەکاتە ١٠٠٪ [١١]. هەروەها بەڵگەی شوێنە کارگێڕییەکانی لیوای کەرکوك، لە سەردەمی پێکهاتنی دەوڵەتی نیشتیمانی عێراق لە بیستەکاندا، بریتی یە بووه لە مەڵبەندی لیوای کەرکوك، ئەم شوێنانەی گرتۆتەوه: کەرکوك (مەڵبەندی لیوا)، داقوق، ئاڵتوون کۆپری، قەرە حەسەن، شوان، مەڵحە، قەزای کفری سەربە کەرکوك بوونە کە بریتی بووه لەم شوێنە کارگێڕیانە: کفری (مەڵبەندی قەزا)، توز، قەرەتەپە، قەڵای شێروانە، شبیجە، چەمچەماڵیش: چەمچەماڵ و ئاغجەلەری گرتۆتەوه، قەزای (گێل)یش گێل و سەنگاو بووه [١٢]. لێرەوه دەپرسین لەو دامەزراوە کارگێڕییە ئەی کوا قەزای حەویجە؟ ئەگەر چی لەو کاتەدا (مەڵحە) بووه ئەویش کوردی لێ نیشتەجێبووەو زۆرینەیان پێکهێناوەو لە سەرەتاوه ناوی (شۆرجە) بووه واتە خاکی شۆر پاشان کرا بە (مەڵحە)ی عەرەبی کە ناحیە بووه. لە ساڵی ١٩٦٢ مەڵحە بە ناوی



حەویجە کرایە قەزایەك لە کەرکوك [١٣]. یاداشتی مامۆستایانی کوردستان بۆ وەزارەتی زانیاری (المعارف) دەربارەی دانان و دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی مەعاریفی کوردستان مەڵبەندەکەی لە کەرکوك بێت، دیسان کوردبوونی کەرکوك دەگەیەنێت لەو ناوەندە کوردەدا و بوونی بارەگای (موفەتیشی عامی کوردستان لە کەرکوك - بڕوانە - هاواری کەرکوك ژمارە (٤). لە ساڵی ١٩٣١ و ١٩٣٢ پاشان ژمارەی دانیشتوانی کوردی پارێزگای کەرکوك لە سەر ژمێری گشتی ساڵی ١٩٥٧ دا بەوەی ژمارەی کورد گەیشتۆتە ١٨٧٥٩٣ بەرامبەر ١٠٩٦٢٠ عەرەب و تورکمانیش ٨٣٣٧١ کەس[١٤]. یاسای زمانی ناوخۆیی ژمارە (٧٤)ی ساڵی ١٩٣١ کە لە الوقائع العراقیەی ژمارە (٩٨٩) ی حوزەیرانی ١٩٣١ بڵاوکراوەتەوه، لە گەڵ ناتەواویەکەیشیدا دانی بە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگا و خوێندن، لە کەرکوك ناوه. لە ٣٠ ئەیلولی ١٩٢٢ دا کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) لیژنەیەکی ناردە شاری مووسڵ بۆ لێکۆڵینەوه، دەربارەی بارودۆخی دانیشتوانی نەتەوەیی لە ویلایەتی مووسڵ، لە ئەنجامدا کۆمەڵەی نەتەوەکان، لە لێدوانێکی ڕەسمیدا، ئەمەی ڕوونکردەوه (نە تورك و نە عەرەب مافی ئەوەی نییە ویلایەتی مووسڵ بدەنە دەم خاکی وڵاتەکانیانەوه، چونکە دانیشتوانی ئەم ویلایەتە کوردن)[١٥]. لە ئاماری سەر ژمێری گشتی ساڵی ١٩٧٧ دا بە هۆی سیاسەتی بە عەرەبکردن و هێنانی هەزاران خێزانی عەرەب و دەستکاری کردنی ئەنجامی سەر ژمێری ئامارەکە، ڕادەی بوونی کورد لە پارێزگاکە [١٦]. لەگەڵ هەموو دیاردەکانی بە عەرەبکردنی کەرکوك و ناوچەکانیدا، سەرچاوە کۆن و زانستیەکان لە مێژوودا کورد بوونی ئەم شارە دەسەلمێنن. ئەگەر چی دەستەڵاتدارە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق، ئەم ڕاستیە دەشارنەوه و، نکۆڵی لە کوردبوون و لە کوردستانی دەکەن و بەرنامەی گەلاڵە کراوی بۆ ئامادەکراوه و بودجەیەکی یەکجار زۆر بۆ گۆڕینی ڕووخساری کوردانە و بە عەرەبکردنی تەرخانکراوه.

لە خوارەوە هۆی سیاسەت و پیلانی بە عەرەبکردنی کەرکووك دەخەینە ڕوو، پاشان شێوازە جیاجیاکانی ئەم سیاسەتە لە جێبەجێکردنی گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووك، بە پێی مێژووی سەردەم و کاربۆکردنیان بە بەڵگەوە ڕوون دەکەینەوە.

ئێستاش وەکو وتمان، هۆی دەستپێکردن و بە عەرەبکردنی دەگەڕێنینەوە، بۆ هەڵکەوتەی شوێنی کەرکووك لەم ناوچەیەدا، لەبەر ئەم هۆیانە[١٧].

١- شوێنی ستراتیژی کەرکووك لە ناوچەکەدا، لە ڕووی هاتووچۆ و ئابوورییەوە.
٢- ناوەندی ڕێگای هاتووچۆ و گەیاندنی شارەکانی باکووری عێراق، بە ناوەڕاستی عێراق، بە تۆڕێك ڕێگا و بان.
٣- بوونی سەرچاوەی نەوتێکی یەکجار زۆر لەم شارەدا، کە پێویستی زۆر وڵات بۆ نەوت جێبەجێ دەکات. ئەمە بێجگە لە بوونی سامانی کشتوکاڵیو ئاژەڵداری.
٤- لە سەردەمی عوسمانلیشدا، ڕگایەکی گرنگ و پڕ بایەخی بازرگانی و هاتووچۆی نێوان دەوڵەتی عوسمانلی و دەوڵەتی ئێراندا بووە، کە لە شەنگار و مووسڵ و هەولێر و پردێ بەسەر کەرکووك و داقووق و بەرەو کفری و خانەقین و مەندەلی، پاشان بۆ ناو ئێران لە کرمانشاوە.

ئەم شوێنە ستراتیژییەی شاری کەرکووك، وای کردووە، دوژمنانی کورد و دەوڵەتی عێراقی، بەردەوام هەوڵیان داوە، هێمای کوردەواری لەم شارە کوردییە بسڕنەوە، بە ئامانجی بە تالآن بردنی خێرو بێر و سامانە نەتەوەییەکەی، بۆیە دەستیان داوەتە گۆڕین و، شێوازی جۆراوجۆریان بۆ دابڕینی لە کوردستان و کورد بەکارهێناوە، ئەم سیاسەتەی گۆڕینی دیموگرافیای نەتەوەیی کورد، بە زۆری لە شوێنە سنووری و تخوبیەکانی نێوان خاکی کوردستان لە گەڵ خاکی عەرەب و تورك و فارس لە شوێنە ستراتیژییەکانیەوە دەستی پێکراوە، بەمەبەستی تەسکردنەوە و کەمکردنەوەی ڕووبەری خاکی کوردستان و سڕینەوەی ڕووخساری نەتەوەیی کورد لەو شوێنانەدا[١٨] لە ڕووی ئابووری و جوگرافییەوە.



ئەو شێوازانەی، کە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکووك خراوەتە کار، لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە، بۆ گوێنەدانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) لە حوزەیرانی ١٩٢١ دا، بە ئەنجامی ڕاوەرگرتنی خەڵکی شارەکانی کوردستان، وەکو شاری کەرکووك و سلێمانی و مووسڵ، بۆ ڕازیبوونی پێوەلکاندنی ویەلایەتی مووسڵ بە دەوڵەتی تازەی عێراقەوە، کە کوردی ئەو شارانە لە ساڵی ١٩٢١ دا ئەنجامی چەواشەکردنی ڕاوەگرتنی خەڵکەکەیان بە توندی وەکو سیاسەتێك ڕەتکردەوە و، خەڵکی ئەم شارانە داوای سەربەخۆیی ئەم بەشەی کوردستانیان کرد، ئەنجامی ڕاوەرگرتنی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢١، بەتەواوی پێچەوانەی خواست و ئارەزووی کورد بوو، بە پێچەوانەوە، کاری پێنەکراو، ویلایەتی مووسڵ بە زۆر درایە دەم عێراق، خەڵکی شاری کەرکووك لەم ڕاوەرگرتنە دا، داوای کارگێڕییەکی سەربەخۆی کوردیان کرد (ادارة کوردیة مستقلة)، خەڵکی سلێمانیش دژی بەشداریکردنی ئەو ڕاوەرگرتنە بوون و بەشدارییان تێدا نەکرد[١٩]. لەو ڕۆژەوە هەموو ڕاستییەکانی کوردانەی شاری کەرکووك لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، بەهاوکاری و بەپێلانی کۆمپانیای نەوتی عێراق، سەر و بن دەکرێت و، هەوڵی ئاژاوە نانەوە، لە نێو خەڵکی شارەکە دراوە، بۆ ئەوەی جێگای دەستیان ببێتەوە و، کوردیش لە ئەنجامی پیلانەکانیان تووشی دەرکردن و ماڵوێرانی بێت و، ئەم پیلانەش لە پەنجاکانەوە دەستیان داوەتێ[٢٠] و، هی مووسڵیش لە سەرەتای ئەم سەدەیەوە بە تایبەتی لە بیستەکانەوە.

سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکووك و جێبەجێکردنی بریتییە لە **دوو قۆناغ:**

**قۆناغی یەکەم:** خۆ ئامادەکردن و، هێنانی عەرەب و، پەیداکردنی نفوزی عەرەبە لە ناوچەی کەرکووك و گەرمیاندا،تا بتوانن وردە وردە شوێن پێی خۆیان خۆش بکەن و، جێگای وەکو نەتەوەیەکی خەڵکی پارێزگای کەرکووك و شارەکەی

قایم بکەن و، جێگای خۆیان بکەنەوە، ئەمە لە سییەکانەوە لە سەردەمی حکومەتی مەلیك غازی و وەزارەتەکەی یاسین هاشمییەوە دەستی پێکردووە.

**قۆناغی دووەم:** سیاسەتی ئەم قۆناغە، بریتییە لە جێبەجێکردنی هنگاوەکانی پیلانی بە عەرەبکردنی کەرکووك، کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و، لە لایەن ئینگلیز و دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٢٧ لەم شارەدا، بۆ گۆڕینی واقیعی ڕاستی نەتەوەیی و جوگرافی شارەکە[٢١] و داننەنان بە کوردبوونی ئەم شارە دەستی پێکردووە.

یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی ئەم کارە ڕەگەز پەرەستانەی دەوڵەتی عێراق، بە کردەوە لە سەردەمی دەسەڵاتی مەلیك غازی و وەزارەتەکەی یاسین هاشمییەوە لە ساڵی ١٩٣٧ هەنگاوی بۆ نراوە، ئەویش بە نیشتەجێکردنی (٢٠) هەزار خێزانی عەرەب بە ناوی (یەکەی بەناو هێنانی زەویوزار)ەوە لەنێوان حەوێجە ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان داقوق و تازە خورماتۆوە لە پارێزگای کەرکووك جێبەجێکراوە، پاش ئەمە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩ دا، دەزگا سەربازی و ئەمنیەکان توند و تیژییەکی وایان بەکارهێنا، چەندین ماڵە کوردیان دەرکرد و، هەندێکیش لە ئەنجامی ئەو شاڵاوە شارەکەیان جێهێشت و، لە بەغدا و لە شارەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ بوون[٢٢].

دوای ئەم هەنگاوە، مەسەلەی گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکووك بوو بە سیاسەتێکی نەگۆڕی دەوڵەتی عێراق و، بە پێی بەرنامەیەك لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ ەوە بەتوند و تیژی و پاشان لە ١٩٦٨ ەوە بە شێواز و سیاسەتێکی هێمنانەوە، جێبەجێدەکرێ و شێوازی جیاوازیشی گرتۆتە خۆی.

ئەم سیاسەتە، بە زۆری لە لایەن سەرکردەی فیرقەی دووەمەوە جێبەجێ دەکرا، بۆ نموونە زەعیمی روکن نازم تەبەقچەلی بەردەوام خەریکی تاوانبارکردنی نیشتمانپەروەرانی کوردی ئەو شارە و ئاژاوەنانەوە بوو، دژی هەموو خواست و



داخوازییەکانی خەڵکی شارەکە بوو لە داواکردن و جێبەجێکردنی خوێندنی کوردی و پێکهاتنی بەڕێوبەرایەتی مەعاریفی کوردستان لە کەرکووك و جێبەجێکردنی مافە ڕۆشنبیری و پیشەیی و دامەزراندنی ڕکخراوە جەماوەرییەکانی کوردی، هەموو ئەمانەی بەجوداخوازی و بە پێکهێنانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە سەربەخۆ، لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی بۆ وەزارەتی بەرگری و بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەدایە قەڵەم و، داواکارانی ئەم مافانەی بە گێرەشێوێن و ئاژاوەچی دەناساند و بە ئاشکراو بە نهێنی پشتگیری لە تورکمان دەکرد و پەیوەندی لە گەڵ ناودارەکانی دژ بە نیشتمانپەروەران و کورد پەیداکرد، ڕاستیەکەی هەر ئەمە بوو بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕووداوی دڵتەزێنی ڕۆژی ١٥ تەمموزی ١٩٥٩، کە هەردوو لایەنی کورد و تورکمان زیانێکی زۆریان کرد و تاکو ئێستاش هەردووکیان بەو سیاسەتەوە دەناڵێنن باجەکەی دەدەنەوە و، لەو نێوانەدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەت، قازانجی کردو وردە وردە دەسەڵاتیان بەسەر شارەکەدا سەپاند و سیاسەتی بەعەرەبکردنی لەو ڕۆژەوە تاکو ئەمڕۆ لە کارو خێرو بێری سامانی شار لە خەڵکی ڕەسەنی شارەکە کراوە و خەڵکەکەی بەردەوام دەربەدەر دەکرێت، شارەکەش لە ماڵوێرانی زیاتر، هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەدیوە[٢٣]. هەر لەو سەردەمەدا، ئەنجامی ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیە ڕێگای جۆراوجۆری بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکووك گرتەبەر، هەر لە ساڵی ١٩٥٩ ەوە چەند مانگێك لە دوای ڕووداوی ١٥ی تەمموزەوە چەندین کوردی ڕۆشنبیر و ناودار و دیاری شارەکە بەبێ تاوان و، هەر لە بەر ئەوەی کوردن، تیرۆرکران[٢٤]، بەتیزاب ڕشاندن چاویان کوێر دەکرا.

لێرەدا پێویستە، هێما بۆ ئەوە بکەین، کە لە سۆڤێتی جاراندا و لە شەستەکاندا کتێبێك دەرچووە ئەوەی ئاشکرا کرد بوو کە دەوڵەتی سۆڤێتی ٢٠٠ هەزار دیناری عێراقی بە هۆی کۆمپانیای نەوتەوە تەرخانکردووە بۆ ئاژاوەنانەوە لە شاری کەرکووك [٢٥].

بۆ ئەم مەبەستە، ڕێکخراوی نهێنی، بە یارمەتی پیاوانی دەوڵەت پێکهاتبوو، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی چەندین کەس ماڵ و موڵکی خۆی لە شارەکەدا جێ بهێڵێ، یا هەندێکیان لە دوکان و ئەو گەڕەکەی کەلێی بوون وازیان هێنا و جێیان هێشت[٢٦] بۆ ئەوەی تیرۆر نەکرێن، ئەمجا لێرەوە شاڵاوی تۆقاندن دەستی پێکردو، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ گەیشتە چڵەپۆپەی.

شاڵاوی کوشتن و بڕین و گرتن و ڕووخاندن و تاڵانکردن و بەرپاکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی سووتاندنی تەڕو وشك پێکەوە، لە هەموو کوردستانی باشووردا لە شارو پارێزگای کەرکووکەوە دەستی پێکرد و[٢٧] سوپا بە هاوکاری (حرس القومی) کە بریتی بوون لە خێڵەکی عەرەب، ئەم کارەیان جێبەجێ کرد[٢٨].

## ڕەفتاری بە عەرەبکردنی کەرکووک ساڵی ١٩٦٣ دا

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ دا، بە هەزاران کەس، لە خەڵکی شاری کەرکوك، بەرەو بەندیخانەی (المسیب) گیران و ڕاپێچ کران و دەسەڵات کەوتبووە دەست حەرەسی قەومیەوە، ئەم سیاسەتانە بۆ گۆڕینی سیمای نەتەوەیی شاری کەرکوك جێبەجێکران کە دەمێك بوو خۆیان بۆ ئامادە کردبوو، وەکو:

١- ڕووخاندنی گەڕەکی کۆماری (خانووە جمهورییەکان) کە پاشان گەڕەکی ئازادی لێکەوتەوە.

٢- ڕووخاندنی دێهاتی دەوروبەری شار، وەکو: پەنجە عەلی، جەوەڵ بۆر، چیمەن، سۆنە گوڵی، یارولی، چالاو، هەنجیرە، قوتان، قوشقایە، شۆراو، باجوان، قەرەدەرە، قزلقایە، وەلی پاشایی، زۆربەی ئەم دێهاتانە نزیکی بیرە نەوتەکان بوون و لە دێی قەرەدەرەدا شەش کەسیان گوللە باران کرد.



٣- سووتاندن و تاڵانکردن و چۆڵکردنی زۆربەی دێهاتی پارێزگای کەرکووك، مەگەر دێهاتە سەخت و دوورەکانم نەبێت، ئەویش لە دوورەوە بە تۆپ بارانکردن دەیڕووخاندن و بەرووبوومیانی دەسووتاند و خەڵکەکەش چۆڵیان دەکرد.

٤- دەیان کەس لە پیرو ئافرەت و منداڵ، لە دێهاتەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووك، بە دەست (حەرەس قەومی) یەوە کوژران[٢٩].

٥- پچڕاندنی پەیوەندی و هاتووچۆ کردنی نێوان دێهات و شاری کەرکووك.

٦- گرتن و دوورخستنەوەی سەدان کەسی بێ تاوان کورد بۆ گرتووخانەی (المسیب) لە خەڵکی شار.

٧- چۆڵکردن و کۆچپێکردنی دێهاتە کوردەکانی سەر بە ناوچەی دوبز لە هەردوو دیوی ناوچەکە لای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەوە کە بەشی دووەمیان دەکەوێتە دیوی لای دیبەگە (کەندیناوە) وە، کە بە هەمان شێوە شوێنی نەوتێکی زۆرە، پاشان عەرەبی لەو شوێنانە نیشتەجێ کرد کە بریتی بوون لە خێڵە عەرەبە کۆچەرەکان[٣٠].

٨- تەنینی ناوچەی کەرکووك و دەوروبەری بەسەدان ڕەبایە و سەربازگەی عەسکەری، بە شێوەیەك ناوچەکەی کردە پێگەیەکی سەربازی و ڕووخساری ناوچەکەی هەر لەو کاتەوە تاکو ئێستا شێوەی توند و تیژی و کوشتن و بڕینی دژ بە کورد بەخۆیەوە گرتووە.

٩- دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکارانی کوردی نەوتی کەرکووك هەروەها گواستنەوەی فەرمانبەرە بچووکەکانی هەمان کۆمپانیا بۆ شارەکانی تری عێراق.

١٠- پێکهێنانی جاشی کورد بە هۆی پەیوەندیکردنی دەوڵەت بە هەندێك کەسەوە و، بڕینی مووچەی چاك بۆیان یان بە هۆی هەڕەشە کردنی ڕووخاندنی دێهاتەکانیانەوە، ئەگەر بۆ دەوڵەت چەك هەڵنەگرن.

١١- هێنانی چەند خێڵێکی عەرەب بۆ ناوچەی کەرکوك و چەکدارکردنیان بە شێوەی جیاجیا وەکو (جاش) و پۆلیس[٣١].

١٢- دەستپێکردن بە گۆڕین و دانانی ناوی عەرەبی بۆ شوێنە جیاجیاکانی کەرکوك وەکو گەڕەکی قەسابخانە بووە (المجزره) گەڕەکی (تسن) بووە (تسعین) پاشان بووە (تسعین الجدیدە).

١٣- دەرکردنی خێزان و کەسوکاری پێشمەرگە لە مەڵبەندی ناوچەکانی وەکو: ڕێدار لە شوان، لەیلان، دوبز.. هتد بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٦٤ و بەدواوە کە سەر بە پارێزگای کەرکووکن.

١٤- بڕینی ئازووقەی (مبایعات) لە خێزان و ماڵە پێشمەرگە، هەروەها دەرکردنی ئازووقە و سووتەمەنی لە شارەوە بۆ دێهاتەکان، بە ڕادەیەکی زۆر کەم و بە زەحمەت بوو، بۆ نموونە شەکرو چای، نەوت،.. هتد.

١٥- لە سێدارەدانی (٢٨) کوردی بێ تاوانی خەڵکی کەرکگوك، وەکو شێخ مارفی بەرزنجیی و هاوڕێکانی لە ڕۆژی ٢٣/٦/ ١٩٦٣ دا بە تاوانی ڕووداوی ١٩٥٩/٧/١٤ ی شاری کەرکوك لە یادی ساڵڕۆژی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ دا دوای بەردانیان لە جاری یەکەمدا و گرتنەوەیان لە کاتی هاتنی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ دا و تاوانبارکردنیان بە بزووتنەوەی (الشعوبیە)[٣٢].

١٦- سووتاندنی هەندێك دێهاتی ناوچەی شوان، لە بناری چیای خاڵخاڵان بۆ جاری دووەم، لە ساڵانی ١٩٦٤ و ١٩٦٥ دا، بەبیانووی شەڕکردنی پێشمەرگە لە گەڵ هێزی سەربازی دەوڵەتدا.

ئەم شێوازەی گۆڕینەی دیمۆگرافیای شاری کەرکوك، کە لە سەرەوە باسکرا وەکو قۆناغێك لە گۆڕینی کوردبوون و، بە عەرەبکردنی لە دامەزراندنی حکومەتی مەلیکی عێراقیەوە تاکو مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ دەگرێتەوە[٣٣].



شالاوی بە عەرەبکردنی کەرکوك و دەوروبەری، لە شوێنە نەوتی و نزیکەکانی پارێزگاکەدا، بە نەمانی دەسەڵاتی بەعسیەکان، لە هەمان ساڵی ١٩٦٣ دا، کە خۆی لە حوکمی (حەرەس قەومی) دەنواند، پاشان تا ڕادەیەکی زۆر هێمن بۆوەو، شێوازێکی هێمنانەی گرتەخۆی، کە ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندنی فەرمانبەرو کرێکاری عەرەب لە شوێنە جیاجیاکانی پارێزگای کەرکوك وەکو کۆمپانیای نەوتی کەرکوك دامودەزگا کارگێڕیەکانی لە بەڕیوبەری ناحیە و قایمقامی قەزاکان و ئەفسەری پلەداری پۆلیسی مەڵبەندەکانی پۆلیس، لەو ناحیەو قەزایانەدا، هەروەها لە ناو مەڵبەندی پارێزگای کەرکوکدا و، زیاکردنی شوێنی سەربازی و هێنانی سەرباز و ئەفسەری عەرەب، بۆ پارێزگاکە و ناردن و گواستنەوەی سەرباز و ئەفسەری کورد، لە پارێزگای کەرکووکەوە بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق و، کەمکردنەوەی مامۆستا و فەرمانبەری کورد لە شارەکەدا و گواستنەوەیان بۆ شارەکانی تری عێراق و کوردستان[٣٤].

هەر لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٣ تاکو ١٩٦٨ زۆربەی خێزانە ناودارەکانی کوردی کەرکوك، بە هۆی زەبر و زەنگی دەوڵەتەوە، شارەکەیان جێهێشت و، بەزۆری لە بەغدا، یان لە شارەکانی تری کوردستان، نیشتەجێ بوون[٣٥]، ئەم قۆناغەی بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکوك لە ساڵی ١٩٦٣ ەوە تاکو ساڵی ١٩٦٨ بەهاتنی دەسەڵاتی بەعسییەکان بۆ سەر حوکمی عێراق دەخایەنێت کە بریتییە لە قۆناغی یا شێوازی دووەمی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەم شارە و پارێزگاکەی، کە خۆی لە نێوان سێ حوکمی جیاوازی نەتەوە پەرەستەکانی عەرەب دەنوێنێت، وەکو ماوەیەکی کەم لە حوکمی بەعسیەکان کەلە ئەنجامی کودەتای (٨)ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ دا هاتنەسەر دەسەڵات و پاشان ڕووخان و دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف و براکەی دەستی پێکرد کە دەسەڵاتی یەکەمیان توند و تیژ و، دووەمیان لاواز بوو، لە ١٧ ی تەمموزی ١٩٦٨ دا کۆتایی بە ڕژێمی عارفی هات و دەسەڵاتی بەعس بۆ جاری دووەم بە شێوازێکی تازەوە

دەسەڵاتیان وردە وردە بەسەر عێراقدا سەپاند و، شاڵاوی بە عەرەبکردنی کەرکووك لە سەردەمی دەسەڵاتیاندا، ڕۆژ بەڕۆژ، بە شێوازی جیاجیاوە، تاکو ئێستا بەردەوامە و بریتییە لە قۆناغ و شێوازی سێیەمی بە عەرەبکردنی کەرکووك، کە لە خوارەوە شێوازەکانی دەخەینە ڕوو:

## شێوازی گۆڕینی ڕوومای کوردانەی کەرکووک

یەکێك لەو شێوازانەی، کە بۆ گۆڕینی ڕوومای کوردانەی شاری کەرکووك، گرتوویانەتەبەر، بەردەوام ڕفتاری توند و تیژی دەسەڵاتدارانی بەغدایە، کە هەمیشە شێوازی دەسەڵاتی (عورفی) بەم شارەوە دیارە، هەر دەستوور و ڕێنماییەك لە لایەن دەوڵەتەوە دەرچوو بێت، بە تایبەتی کە خێر و بێری هاووڵاتیانی تێدا بووبێت، پارێزگای کەرکووك لەو بڕیارە دەرکراوە و نەیگرتۆتەوە، یا بڕگەی تایبەتی بۆ دانراوە دەرهەق فەرامۆشکردنی کورد لەو مافە، وەکو دابەشکردنی زەویوزار بەسەر فەرمانبەر و هاووڵاتیاندا، بە پێچەوانەوەش بۆ خزمەتی سەربازیش حیسابی کوردی بۆ نەکراوە، هەردەم خزمەتی سەربازی کوردی کەرکووك و ناوچەکانی دەرەوەی بەناو حوکمی زاتییان گرتۆتەوە و خەڵکی پارێزگاکانی ئەو ناوچەیە، وەکو (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) ی نەگرتۆتەوە و سەربازییان نەکردووە، تا گەنج و لاوی خەڵکی کەرکووك وەڕس بکەن و خۆیان شارەکە جێ بهێڵن [٣٦].

باشترین نموونە بۆ توند و تیژی و تۆقاندنی خەڵکی شارەکە، ئەوە بوو، لە ڕۆژی ١٥/١٠/ ١٩٨٥ لە بەرەبەیانەوە، بەناوی پشکنینەوە ئابلۆقەی شارەکە و گەڕەکەکانیان دا، بە تەقەکردن و ئارپیجی تەقاندن، ماڵەکانیان پشکنی و، خەڵکێکی زۆریان گرت و، چەندین کەسیان کوشت و بریندار کرد. بۆ نموونە وەکو کوڕی حاجی نصرالدین دوکاندار لە گەڕەکی ئازادی لە گەڵ کچەکەیدا.



هەر لەم ڕووەوە، پارێزگاری کەرکووك یەکێك بووە لە ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبی بەعس و بە زۆری عەسکەری بوونە، سەربەست کراوە لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی فەرمان و بڕیاری سەرەوەی دەوڵەت.

لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە، بە پێی بەرنامەیەکی گەڵاڵە کراو و داڕێژراو، دەستیان بەعەرەبکردنی شاری کەرکووك و ناوچەکانی تری کردووە، بۆ نموونە گواستنەوەی زۆربەی ئەو فەرمانبەر و مامۆستا و کرێکارانەی کە لەوە پێشتر مابوونەوە، بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق یان هەندێکیان بۆ کوردستان گوێزرانەوە، کە تەنانەت دوای خانەنشینکردنیش نەیاندەتوانی و بواریان نەدرا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و خانووی زێدی باو و باپیرانیان[٣٧] بەمەرجێك تۆماری ڕەگەزنامەشیان بەبێ ئاگاداربوونی خۆیان گوێزرایەوە بۆ ناوچەی بەناو حوکمی زاتی و، کردنەوەی لیستی تازەی سەر بە ئاماری ساڵی ١٩٥٧ بەناوی عەرەبەوە لەپاڵ تۆمارە کۆنەکان.

پشتگوێ خستنی شاری کەرکووك و ناوچەکان لە هەموو ڕوویەکی پێشکەوتن و شارستانییەتەوە، لە پرۆژەی گشتی و چالاکی و ڕۆشنبیری و هونەری لە لایەن کوردەوە ئەگەر بە کوردی و لەسەر کوردیش نەبێت، ئەم دیاردەی گوێ نەدان و فەرامۆشکردنەی شاری کەرکووك، وای لێهاتووە، بووە بە مۆرکێك بە ڕووی خەڵکی شارەکەوە،کە بەردەوام ڕووی ماتەمینی پێوە دیاربێت و شارەکەش لە شارێکی سووتاو دەچێت.

لە ناو ماددەی جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیاننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠دا، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧١ و بەدواوە دەستیان بە دروستکردنی گەڕەکی نوێ کرد وەکو (حی المثنی، حی الکرامة، حی الوحدة، حی الحریة، حی الاندلس، حی غرناطة، حی البعث، حی الشرطة، حی السکك، الفین دار، عرفة، حی الرشید، حی العروبة، واحد اذار، حی النور، واحد حزیران، دور الامن،

شوقەکانی گەڕەکی موسەللا، حی الحجاج، حی القتیبة، حی حطین، حی العسکری،... و دەیانی دیکە لە دەوروبەری شار بە تایبەتی لەسەر ڕێگای کەرکووك - دوبز، کەرکووك - شوان، کەرکووك - پردێ، کەرکووك - حەویجە، کەرکووك — داقوق، ئەم گەڕەکانەی ناو شار، لە گەڕەکە کوردیەکانی وەکو ئازادی، ڕەحیم ئاوە، ئیسکان، ڕێگای بەغدا، شۆڕیجە، ئیمام قاسم،.. هتد بۆ عەرەبی دە هەزاری قوتکرانەوە. ئەم دیاردەیە تاکو ئێستاش درێژەی هەیە.

گۆڕینی ناوی پارێزگای کەرکووك بە (التامیم)، بە پێی بڕیاری ڕەسمی لە ساڵی ١٩٧٦[٣٨] و، داماڵینی قەزا و ناحیەکانی کوردیەکانی وەکو چەمچەماڵ، لە کەرکووکەوە لکێنرا بە سلێمانیەوە و، کفری بە دیالە و، کەلار بە سلێمانی و، توز خورماتوو بە پارێزگای سەلاحەدین و، تەنها حەویجەی بەعەرەبکراو و دوبز و شوان و پردێ لەسەر پارێزگای کەرکووك مانەوە، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لەم پارێزگا کوردستانیەدا[٣٩]. هەر لەم کاتەوە، زۆر چالاکانە، کەوتنە گۆڕینی هەموو ناوە کوردییەکانی ناو شاری کەرکووك، لە گەڕەك و شەقام و قوتابخانە و بازاڕ و دوکان و.. هتد، بۆ نموونە ڕەحیم ئاوە کرا بە (حی الاندلس) و قوتابخانەی (پیرەمێرد) بە (البکر) و کتێبخانەی (ئاسۆ) بە (الطلیعة) و (هندرێن) بە (التامیم).

پووچەڵکردنەوەی خوێندنی کوردی، لە قوتابخانەکانی کەرکووك کە جێگری بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی کەرکووکی لە کورد بۆ دانرابوو سەرپەرشتی دەکرد و، سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی بوو لە وەزارەتی پەروەردە،[٤٠] ئەوە لە ساڵی ١٩٧٤ ەوە ساڵ بە ساڵ، قۆناغ بە قۆناغیان کردە خوێندنی عەرەبی، لە هەمان ساڵ لە مانگی ئادارەوە زۆر دێهاتی کەرکووك تووشی سووتاندن و تۆپ باران و چۆڵکردن بۆوە.

لە پێناوی دژایەتیکردنی کورددا، هەردەم بۆ بەڕێوبردنی سیاسەتی خۆیان، بایەخیان بە تورکمانی کەرکووك داوە، بۆ نموونە زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەرانی



دەزگاکانی کارگێڕی شارەکە تورکمانن و، دەستیان لێ نەدراوە و وەکو کورد نەگوازراونەتەوە بۆ شارەکانی تر، مەگەر بە دەگمەن و یەکێك دژایەتی سیاسەتی بەعسی کردبێت، هەروەها ڕێگادان بە چالاکی ڕۆشنبیری و هونەری تورکمانەکان لە کەرکووك وەکو نمایشکردنی شانۆگەری بە تورکمان و دانانی دوو پەیکەری تورکمانی لەوانەی لە ڕووداوی ساڵی ١٩٥٩ دا کوژران و لە ساڵی ١٩٨٩ لە مەیدانی مەحکەمە و بەرامبەر بانکی ڕافیدەینی کەرکووك بۆ وروژاندنی هەستی تورکمانەکان دژ بە کورد قوت کردەوە، جێگای خۆیەتی بڵێین لە ڕووداوی ١٩٥٩ دا زۆر ماڵە کورد تورکمانیان حەواندەوە و، لە مردن ڕزگاریان کردن، بۆ نموونە وەکو ماڵی حاجی عیزەت ئاغای زێویەیی و زۆری دیکەش.

چاندنی دارخورمایەکی زۆر لە شەقامە گشتییەکانی شاردا و نەهێشتنی باخچە گشتییە دێرینەکانی ناو شاری کەرکووك، وەکو باخچەی قەڵا لەسەر ڕێگای سلێمانی لە حەسیرەکە و باخچەی ئەمبەر و ئەوبەری جادەی ئیمام قاسم لە گەڕەکی زێویە و، عاشوور و باخچەی ام الربیعین لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵڵا و، گۆڕینی شوێنەکانیان بە ئاوایی ڕێکخراوی بەعس و، بەیانەی حەسانەوەی ئەمن و بە دەزگای ئەمنی گەڕەکەکان، هەر لەم بارەیەوە گەڕەکی شۆڕیجەی بە دوو سایتی شەقامێکی گەورە کەرت کرد و بە دەیان ماڵی بەم بیانووەوە بێ ماڵ و حاڵ لە شوێنی خۆیان تاراند، تا بە ئاسانی بتوانێ ڕوومای کۆن و دێرینی کوردانەی شارەکە بسڕێتەوە.

بەرنامەی تەلەفزیونی کەرکووك بە ناوی کوردی لە چالاکی خەڵکی کەرکووك لە هەموو ڕوویەکی ڕۆشنبیری و هونەری و نەتەوییەوە قەدەغەکراوە، ئەوانەی لەم ڕووەوە چالاك بوون، مەگەر لە ڕێگای تیپە هونەری و ڕۆشنبیرییەکانی شاری سلێمانی یان هەولێرەوە، توانای خۆیان پێشکەش بکردایە یان بنواندایە، بۆ ئەوەی نیشانی بدات کە کورد لە کەرکووك نییە و توانای لەم ڕووەوە تێدا نییە،

تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٧ دا هونەرمەندە گۆرانی بێژە کوردەکانیان لە گۆرانی وتن لەشایی و زەماوەندی شوێنە گشتییەکاندا قەدەغە کرد.

داخستنی دەرگای قوتابخانەکانی دێهاتی سەر بە کەرکوك لە سەرەتایی ساڵی خوێندنی ١٩٨٤ - ١٩٨٥ ەوە وەکو دێهاتی ناوچەی شوان، پردێ، فرەهەنجیر (الربیع)، ڕێگای ئۆتۆمبیل و هاتووچۆکردنیشی لە دێهاتەکان بڕی بە بیانووی بوون و چالاکی پێشمەرگەوە، ئەمە بێجگە لە قەدەغەکردنی ئازووقەی شەکر و چا و سووتەمەنی غاز و نەوت و قەدەغەکردنی وەرگرتنی نەخۆشی دێهاتەکان لە نەخۆشخانەکانی شاری کەرکوك، مەگەر بەهۆی خزم و کەسی ناو شاریانەوە نەبووایە، دەکرانە خەڵکی شار، ئەمجا میوانی خزم و کەسی پلەیەکی دێهاتیش، لە ماڵی کەسوکار، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٧ ەوە لەلایەن ڕێکخراوی بەعسەوە گەڕەکەکانی ناو شاری کەرکووکەوە قەدەغە کرابوو، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٨ی بەرپاکردنی ئەنفالی بەدناو دا چەندین کەس لەسەر میوانی کەسوکار گیران یان بزر کران[٤١]. ساڵی ١٩٨٧و ١٩٨٨ تەواو دێهات و شارۆچکەکانی کەرکوك وێران کران و لە دوایشدا تووشی ئەنفال بوون.

دوورخستنەوەی و گواستنەوە و دەرکردنی هەزاران هاووڵاتی کورد بە پێی بڕیاری ژمارە ١٣٩١ ڕۆژی ١٩٨١/١/٢٠ی سەرکردایەتی شۆڕش [٤٢] بۆ باشووری عێراق.

بوارنەدان بە دەرچوونی چەندین کورد کە خۆیان بۆ پۆستی ئەندامەتی پەرلەمانی عێراق (ئەنجوومەنی نیشتمانی) پاڵاوتبوو کە لە ١٩٨٠/٨/٢٠ بەڕێوەچوو، لە کاتێکدا دەنگێکی زۆریان درابوویێ[٤٣].

لە ساڵی ١٩٨٦ بەرپاکردنی شاڵاوێکی گرتن و کوشتن و هەڵواسین بە بیانووی تەقینەوە و سەربازی نەکردن لە کوردی شارەکە، بە ڕادەیەك بوو کە بە بەرچاوی



خەڵکەوە، چەندین کەسیان، لە گەڕەکی ڕەحیم ئاوە، ئیسکان، لە شەقامی کۆماری، یاریگای (ئیدارە محلیە) گوللە باران کرد و پارەی گوللەکانیشیان لە کەسوکاریان دەسەند. چەند تێکۆشەرێکی وەکو مامۆستایانی شەهید عەبدولقادر مەلا عومەر گومەتی، ڕەئووف یابە، شێرزاد شێخ حوسێن جەباری لە ئەمنی گشتی بەغدا دوای خوێن لێدەرکردنیشیان کوژرابوون، هەمان شاڵاوی گرتن و تۆقاندن لە مانگی نیسان و ئایاری ساڵی ١٩٩٤ دووبارە کرایەوە، بە دەیان کەس لە شارەکە گیران و، لە ئەنجامدا ئەفسەری سەرهەنگ ئەسعەد ئاغا لە بەندیخانەی ئەبو غرێب گوللە باران کراو، ئەندازیاری زیرەکی کارەبایی عارف فەقێ فەتاح خدر هەڵواسراو ڕۆژانە دەیان جەنازەی کوژراوی خەڵکی سلێمانی و هەولێر لە بەندیخانەی ئەبو غرێب و بەغدا دەدرایە مزگەوتەکانی کەرکووك لەوێوە بەرەو شارەکانی خۆیان دەبرانەوە، ئەمە بەم شێوەیە تەنها بۆ تۆقاندن و نەسرەت بەردانی خەڵکی کەرکووك بەم شێوەیە بە ئاشکرا بەڕێوە دەچوو، ئەمە بێجگە لە کوشتنی دەیان کەسی جل کوردی لەبەر کە لە گۆڕستانی شێخ محێدینی کەرکووك خەڵك دەیانبینین لەلایەن قەبر هەڵکەن و پیاوانی ڕژێمەوە بەیانیان یا نیوەڕوان دەنێژران، کە شوێنێکە کەوتبووە دامێنی گۆڕستانەکەوە لەسەر ڕێگاکەی مزگەوتی بەرتەکیە، خەڵك کە ناوی (گۆڕستانی غەریبان)ی لێنابوو[٤٤].

دەرکردنی کوردی کەرکووك، بە بیانووی جیاجیای وەکو ئەوەی لە بنەماڵەکانیاندا، یەکێکیان پێشمەرگەیە، یان لە دەرەوەی وڵاتە، یان سەربازی ڕاکردووە یان جەیشی شەعبی نەکردووە، کۆبۆنی ئازووقە وەرگرتنی لێدەسەنرایەوە و بەرەو شارەکانی تری کوردستان دەردەکرا و لەوێش جارێکی تر، تووشی ئەو مەسەلانە دەبۆوە.

قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی خانووبەرە، لە کوردەوە بۆکورد، تەنها بە عەرەب نەبێت[٤٥]، هەر لەم ڕووەوە، بە هەزاران عەرەبی ناوەڕاست و خوارووی عێراق

عەرد و پارەیان درایەولە ئیش وکاری جیاجیادا، دامەزرێنران و لە شاری کەرکووکدا یا لە دەوروبەریدا نیشەجێ کران و بەسەر کوردەوە بوونە چاودێر و سیخوڕ.. بە شێوازێکی تری بەرامبەر ئەمە بڕیاری دەوڵەتی دەرچوو بوو کە هەر کوردێك لە کەرکووك دەربچێت و ناسنامەکەی بکاتە ناوچەی بەناو حوکمی زاتی یا بچێت بۆ شارەکانی باشوور، پارچەیەك زەوی لەگەڵ ١٥٠٠ دیناری دەدرێتێ[٤٦].

گواستنەوەی شوێنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی و خزمەتگوزاری و هەر دیمەنێکی شارستانی لە گەڕەکە کوردییەکانەوە بۆ شوێنە بەعەرەبکراوەکانی خوارووی ناو شارەکەوە، تا خەڵکەکە لە سوود و قازانجی بێبەش بن، هەروەها لە ڕووی باری ئاسایشی خۆیانەوە بێجگە لەوەی بارەگای گەورەترین دەزگا تۆقێنەرەکانی ڕژێم لە کەرکووکبوون وەکو: لجنة مكافحة النشاط المعادى، هيئة كركوك، المنضومة الشمالية، سەرکردایەتی فەیلەقی پێنجەم، سەرکردایەتی پاراستنی نەوتی کەرکووك، فرۆکە خانەی فرۆکەی جەنگی و سەمتی و.. هتد.

ماڵ بارکردن لە گەڕەکێکدا تەنها بەڕەزامەندی دەزگای ئاسایشی گەڕەك و لیژنەی ئاسایشی پارێزگای کەرکووك دەبوو ئەویش بەپێی پسولەی ڕەزامەندی تایبەتی هەمان لیژنەکە ئەویش زۆر بە گرانی دەردەچوو بۆ ئەوانەی ناسنامەی نفوسیان سەر بە شاری کەرکووکە، بۆ ئەوانەی کە ناسنامەکانیان سەر بە ناوچەکانی دەرەوەی شارەکەیە مەحاڵە یا دەگمەنە[٤٧].

دوای کارەساتی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١، لە ساڵی ١٩٧٥ دا، بە نووسراوێکی ڕەسمی، مەگەر بە دەگمەن یا بە عەمدی نەبێت، کتێبە کوردیەکانی کتێبخانەی ناوەندی گشتی کەرکووك لە لایەن (الادارە المحلیە)وە ئاراستەی کتێبخانەکە کرابوو، بۆ گەڕانەوەی کتێبەکانی بۆ هەمان هۆبەی پارێزگا و لە تۆماری کتێبەکانی کتێبخانەکەدا هێڵی سووریان بەسەر هەر یەکێك لە کتێبە کوردیەکان



هێنابوو، لەسەریان نووسرابوو (سحب بكتاب رسمي المرقم - والمؤ رخ / ١٩٧٦(بەداخەوە ژمارەو ڕۆژ و مانگەکەیم لە بیرنەماوە - نووسەر)[٤٨] بێجگە لەوەی، هیچ گۆڤار و کتێبی تازە دەرچووش بۆ کتێبخانە کە لە ١٩٧٤ ەوە تاکو ئێستا نەچووە، دۆلابێك کتێبی بێ سوود یا سیاسی و مێژوو کە ژمارەی ئەمانەی دواوە، تەنها یەك دوانێکە بە ئەنقەست دانراوە بۆ ئەوەی بزانرێت کێ دەیخوێنێتەوە، یا داوای دەکات، وەکو تەڵە دانرابوو.

دەوڵەتی عێراق بودجەیەکی زۆری دارایی بۆ بەعەرەبکردنی پارێزگای کەرکووك و ناوچە تخویبەکان تەرخان کردووە، بەتایبەتی لە ڕووی نیشتەجێکردنی عەرەب لە شارەکە و دەوروبەریدا،باشترین نمونەش بۆ سەلماندنی سەرنەگرتنی گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی بەغدایە، وەکو شەڕکردنەوەی ساڵی ١٩٧٤، دوای بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، هەر لەوەشەوە شەڕی نێوان عێراق و ئێران و پاشان داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە ڕوویدا، بەهۆی گیروگرفتی ئاوی کەنداو و شەتی عەرەب و نەوتەوەش، کە عێراق بە ملیار زیانی لێ کەوتووە و تا ئێستاش پێوەی دەناڵێت کە دواییان ئابڵۆقەی ئابوورییە.

گرتنی نزیکەی (٧) حەوت هەزار کوردی کەرکووك لە ڕۆژانی ١٠ و ١١ی ئاداری ١٩٩١ی ڕۆژانی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ئەمەش وەکو بارمتە، لە ترسی دەستپێکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی شارەکە، پاشان لە گۆڕانی بارودۆخەکەدا بەرەڵاکران[٤٩]. هەروەها لە ساڵی ١٩٩١ەوە تاکو بەپێی هەواڵی دەزگای ڕاگەیاندەوە ڕاگەیاندنەوە کە ١٥٨٣٩ خێزان کە کۆی ژمارەیان دەکاتە ٩٣٨٨٨ کەس بەرەو ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان دەرکراون، بەتایبەتی بەرەو پارێزگای سلێمانی[٥٠].

دەوڵەتی عێراق لە دوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ئادارو بەهاری ساڵی ١٩٩١، بەبڕیاری ڕەسمی دێهاتەکانی سەر بە پارێزگای کەرکووکی خستەسەر

ناوچەی بەناو حکومی زاتی و تۆماری ڕەگەزنامەکانی گواستەوە بۆئەو پارێزگایانە بەو بیانووەوە ئەو خێزانانەی تۆماری نفوسیان گۆڕاوە و لە کەرکووکن، بەسەدانی لێیان دەرکرد و تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە لە و شێوازەی. ئەمە بێجگە لەوەی بەبیانووی بوونی یەکێك لە خێزانە کوردەکان بن کەسوکاریان دەردەکات بەوەی لە ژێر دەسەلات و بەشداری دەسەلاتی هەرێمی کوردستانەو کۆبۆنی ئازووقەی مانگانەی لێ دەسەنرێتەوە.

نەدانی کۆبۆنی ئازووقەی مانگانە بەهەموو ئەو خێزانانەی کەوا بەلای دەوڵەتەوە بە ڕێگای نایاسایی لە شاری کەرکووك نیشتەجێ بوونە، یان لە بنەڕەتدا خەڵکی پارێزگاکەش بن و منداڵی ئەوانەش لە قوتابخانە و خوێندن بێبەش کراون و وەرناگیرێن.

داننەنان و وەرنەگرتنی بڕوانامەی دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان، تەنانەت هی زانکۆی سەلاحەدینیش کە بەلای خۆیەوە ڕەسمی و دەستوورییە، ئەمە بێجگە لە وەرگرتنی قوتابیانی گەڕاوەی زانکۆی ناوبراو بۆ کەرکووك بە پۆلێك یا دوو پۆل خوارتر، یان گەڕاندنەوەیان سەر لەنوێ بۆ پۆلی یەکەمی خوێندنی زانکۆ و پاشان ئەمەش لە ساڵی ١٩٩٤ بەدواوە ئەمەش خزمەتی سەربازی ئەو قوتابیانە سەربار و بن بار بوو.

گرتن و بەندکردنی یەکێك لە ئەندامانی هەر خێزانێك تا ملکەچیان بکەن خۆیان ماڵەکەیان بار بکەن و، بیهێننە بەردەم مەڵبەندی پۆلیسی کە بەندکراوەکەی لێیە، تا بەڕەڵا بکرێن و دڵنیا بن لەبارکردنیان، گەورەترین شاڵاوێك لەم ڕووەوە بەرپاکرابێت ئەوە لە ڕۆژی ١٩٩٧/٥/١٧ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو هەموو کۆڵان و گەڕەکێکی شارەکەی گرتەوە، هێزی بەناو ئامادە (قوات الطوارىء) لە گەڵ لۆریەکەدا ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵان، بەدوای ماڵە کوردا دەگەڕان بۆ دەرکردن و بەندکردنیان، ئەم شاڵاوە هەموو کەسێکی کوردی پلە جیاوازی



فەرمانبەری و کۆمەڵایەتی دەگرتەوە[٥١]، پاشان، لەپڕ، بەهۆی گوشاری نێودەوڵەتییەوە وەستێنراو لەدواییدا بە شێوازی هەر جارەی چەند خێزانێك دەستی پێکردەوە.

قەدەغەکردنی وتار و خوتبەی ڕۆژی هەینی لە مزگەوتەکانی کەرکووك بە زمانی کوردی، ئەمە لە سەرەتای مانگی تەمموزی (٢٠٠٠) ەوە جێبەجێکرا.

نیشتەجێ کردنی ئەو عەرەبانەی خەڵکی شاری بەسرا کە لە ساڵی ١٩٨٧ دا لە ئەنجامی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا شارەکەیان تۆپ باران دەکرا و ڕایانکردبوو[٥٢].

هەرگیز لێپرسراوی تەلەفزیۆنی کەرکووك، لە کورد نەبووە و لە هیچ ڕوویەکی ژیانەوە بەهیچ جۆرێك بایەخی بە شارەکە نەداوە.

دوای ئەم هەموو هەوڵ و شێوازی جۆراوجۆرەی کە بۆ گۆڕینی ڕوومای (ملامح) کوردانەی شاری کەرکووك داوێتی، بەزۆر و بەناوی هەڕەشەکردنی دەرکردن و دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی کوردی شارەکەوە، دەبێت خۆیان بکەنە عەرەب، خەڵکێکی زۆریان لەم ڕووەوە ناسنامەی ڕەگەزی خۆیان لە کوردەوە کردۆتە عەرەب، سەرەتای ئەم هەوڵەش، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٦ و لە ساڵی ١٩٩٧ داوایان لە هۆزە کوردەکانی کاکەیی، تاڵەبانی، داودە بەتایبەتی ئەوانەی لە سنووری ناوچەی داقوق و توزخورماتون، کردووە یا دەبێت دێهات و ماڵ و موڵکیان جێبهێڵن یا دەبێت خۆیان بکەن بە عەرەب[٥٣]، بۆ ئەم مەبەستە دەوڵەت خۆی پەیوەندی کردبوو پێیانەوە، دوای شاڵاوی بە عەرەبکردنی کەرکووك و دوای ڕزگارکردنی کەرکووك بەتایبەتی دوای شەڕی ناوخۆی کورد توندو تیژتر بوو[٥٤].

## هەڵوێستی بەرهەڵستکارانی عێراقی دەربارەی کەرکووک

دوای ڕوونکردنەوەی هەوڵە جیاجیاکانی گۆڕین و بەعەرەبکردنی شاری کەرکووک، بەپێی پەیوەندی بە باسەکەوە، بیروڕای بەرهەڵستکارانی دەوڵەتی عێراقی کە لە دەرەوەن، لەبارەی کوردبوونی کەرکووکەوە دەخەینەڕوو:

بیروڕای زۆربەیان ئەوەیە، کە شاری کەرکووك بە تەنها بۆ کوردی بە ڕەوا نابینن و بەلایانەوەش هەڵەیە، سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیرانی کورد، شاری کەرکووك، بە تەنها وەکو شارێکی کوردی سەیر بکەن و بزانن[٥٥] بۆیە ڕاشکاوانە، جەخت لە هەمەلایەنی ئەم شارە دەکەن و بە مافی هەمووانی دەزانن[٥٦].

هەندێك لەمانە، کەرکووك بە شارێکی تورکمانی دادەنێن و ناوچەی دیکەشی پێوە دەدەن. وەڵامی ئەمانە، بەبەڵگەی زانستی و زانیاری ڕاستی مێژوویی دەدرێتەوە، کە لە سەرچاوەکاندا، کوردبوونی ئەم شارە کوردستانییە دەسەپێنن و لەم لێکۆڵینەوەیەدا خراوەتە ڕوو، کە بریتییە لە سەرچاوەکەی (شمس الدین سامی، قاموس الاعلام ١٨٩٨ کە سێ چارەگی دانیشتوانی کەرکووکی بە کورد داناوە، ئەمە جگەلە نیشاندانی ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکووك، لە ساڵی ١٩٢٢، ١٩٢٤ بەپێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) و ئاماری گشتی لیوای کەرکووك، بەپێی زمانی دایك، لە ساڵی ١٩٥٧ کە زۆربەی کورد بووە ئەگەر چی ئەم ئامارانەش لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەستکاریش کراون، بەڵام زۆرینەی هەر کورد پێکدێنی،[٥٧] ئەگەریش کەرکووك شارێکی کوردنشین و زۆرینەی کورد پێکناهێنێت، ئەی ئیتر بۆچی دانیشتوانی کوردی لێکەم دەکەنەوە و کوردی تیادا دەردەکەن و ڕایدەگوێزن و ماڵ و موڵك و سامان و زەوی و زاری لێ زەوت دەکەن و ناوی خاوەنەکانیان لە سەر تاپۆی مولکییەتی شارەکەو دێهاتەکانی بە ڕەسمی لەلایەن دەوڵەتەوە دەکوژێننەوە.



باشترین بەڵگەش بۆ ئەمە، بڵاوکردنەوەی ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی تەئمیمە، کە لە ڕۆژی ٢٠ ی تشرینی دووەمی ٢٠٠١ لە ڕۆژنامەی (الثورة) ی عێراقی بڵاوکراوەتەوە[٥٨] تیایدا داوا لە خاوەن زەوییەکانی دێی یاروەلی دەکات، کە ٧ کم لە کەرکووکەوە دوورە، تا ئامادەبن و ناویان بە ڕەسمی، لە پارچە زەوییەکانی ژمارە (٢٢، ١١٢، ١٢٥، ١٢٠ /١، ١٣٤، ٢٥، ١٣٥، ١٣٨) کەرتی (٥٨) ی یاروەلی بکوژێننەوە. هەمان کردەوەی بۆ خەڵکی دێهاتی زەوتکراو و ئەنفالکراوی (قزڵقایە، چیمەنی گەورە، دووبزنی) بە ڕاگەیاندنی فەرمی (ڕەسمی) لە ڕۆژنامەی (الثورة) بڵاوی کردۆتەوە، بەوەی خاوەنداریێتی جووتیار ەکانی ئەم دێیانە لەسەر زەوییەکانیان بکوژێننەوە *.

دەربارەی تورکمانیش سەرچاوەی مێژوویی هەیە، بەوەی ئەم کەمینەیەی کە ئێستا لە کوردستان دەژین و لە کەرکووك نیشتەجێن لەو گەلەن پێیان دەوترێ تورکمان و، لە گەلانی ئاسیای ناوەڕاست و لە ڕووی زمانەوەش بە یەکێك لە زارەکانی زمانی تورکی دادەنرێت، کە تورکیش زمانێکی ئۆرال - ئالتیکییە و[٥٩] لە بنەڕەتدا نیشتەجێی ناوچەی چیای ئالتایین و لە سەدەی (٩) ی زایینیدا، کە دەکاتە ساڵی ٨٣٣ز لەلایەن خەلیفەی عەباسی (موعتەسەم بیللا)وە بۆ پارێزگاری خۆی دژی بەرهەڵستکارانی لە خۆراسان و وڵاتی ئەودیوی دەریاوە هێنایانی بۆ بەغدا[٦٠].

چاکترین شت بۆ کورد و تورکمان و کەمینەکانی دیکە لە کوردستاندا ئەوەیە کە ئێستا و زەمانێکە پێکەوە دەژین پێویستە لە یەکتری بکەن و بە گیانی برایەتی و هاووڵاتی و یەکێتییەوە پێکەوە بژین و لەگەڵ یەکتردا ڕەفتار بکەن و هاوماڵی کار بۆ خێرو بێرو پێشکەوتنی ئەم وڵاتە بکەن و بیر لە پاشەڕۆژێکی پرشنگدار پڕ خێرو بەرەکەتەوە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەر کاتێك کورد تووشی خۆشی و ڕۆژگارێکی باش بووبێت لە کوردستاندا نەك هەر کورد بەڵکو هەموو

کەمینەکانی وەکو تورکمان و کلدان و ئەرمەنی بەری ئەو خۆشییەیان وەکو کورد بەرکەوتووە. بۆ مەسەلەی کوردبوونی شاری کەرکووکیش، ئەگەر ئەم شارە کوردییە بکەوێتەوە دەستی کورد، بێگومان ئەوانیش قازانج دەکەن و دەبووژێنەوە، بە پێچەوانەوەش هەمووان پێکەوە زیانبەخش دەبن و شارەکە و خێرو بێرەکەش لە دەست هەمووان دەچێت، بۆیە چاکتر وایە هەموو پێکەوە وەکو خەڵکی ئەم وڵاتە ڕێز لەیەکتری بگرن، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری سیاسەتی ئەمڕۆدا، کە سیستەمی دیموکراسی و دانووستاندن و لە یەکتر گەیشتن پەیڕەو دەکرێت و ڕەوتی سیاسەتی دنیا بەرەو ئەم شێوەیە هەنگاو دەنێت و ڕکابەرایەتی و ململانێی نادروست زیان دەگەیەنێت بە هەموو لایەك.

## ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك

مەسەلەی کەرکووك و کوردبوونی، وەکو مافێکی ڕەوای مێژوویی و، هەوڵی خەباتی درێژخایانی، لە پێناوی کەرکووکودا، هەردەم خاڵی سەرەکی بەیەك نەگەیشتنی نێوان خۆی و دەوڵەتی عێراقی بووە، کە مەسەلەی کوردی ئاڵۆزتر کردووە و، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردیش، لەو پێناوەدا تووشی شەڕی درێژخایەن و ماڵکاولی و جینۆساید و کیمیاباران و ڕووخاندنی ژێرخانی نەتەوەیی و ئابووری بووە، بەم پێیە دەتوانرێت ڕێگای چارەسەری بۆ کەرکووك بدۆزرێتەوە:

١- ڕوونکردنەوەی مێژوویی کوردبوونی شاری کەرکووك لە کۆنەوە بۆ ڕای گشتی و نێودەوڵەتی، بەوەی زۆربەی سەرچاوە کۆن و دێرینەکانی مێژوو و جوگرافی، لە مێژوونووسانی تورك و عەرەب و ئەورووپی کوردبوونی شاری کەرکووکیان، لە مێژوودا بە بەڵگەوە سەلماندووە، ئەمەش ڕێگای داواکردنی کەرکووك بۆ کورد خۆش دەکات.



٢- بە بەردەوامی کێشەی کەرکووك، وەکو بەشێکی گەورە، لە کێشەی نەتەوەیی بخرێتە بەردەم بیرڕاو سیاسەتی نێودەوڵەتی و، سوود لە دەرفەتە گەنجاوەکان وەربگرێت، چونکە جەختکردنی بەردەوام سوودی خۆی هەیە لە بەرەو پێشچوونی کێشەکەیدا.

٣- دەرکردنی هاووڵاتی لە زێدی باو پیران و نیشتمانی دێرین، خۆی دژی بەندەکانی جاڕدانی مافی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتییە. ورووژاندنی ئەم مەسەلەیە بە بەڵگەوە سوودی خۆی هەیە تا بدرێتە دادی نێودەوڵەتی (محكمە العدل الدولی) و بەدواچوونی بۆ بکرێت[٦١].

٤- دەرکردنی کوردی کەرکووك پێچەوانەی بەندەکانی بڕیاری (٦٨٨)ی (UN) کە لە ٥ / ٤/ ١٩٩١ دەرچوو[٦٢]، ئەنجامی شەڕی کەنداو، کۆچڕەوی ملیۆنی کوردەوە دژ بە سەرکوت کردنی گەلی کورد و جەماوەری باشووری عێراق. پێچەوانەی ئەمە ئاسایشی ناوچەکە تێکدەدات و گیروگرفت دەنێتەوە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤە[٦٣].

٥- بەرپاکردنی ڕێپێوانی گەورەو سەرانسەری لە کوردستاندا، لە بارودۆخی گونجاودا، لە کاتی دەرکردنی خەڵکێکی زۆر، یا قۆستنەوەی هەڵەی دەوڵەتی عێراقی، لەم بارەیەوە، هێز و گوڕی خۆی دەبێت، بەرامبەر دنیای دەرەوە، بەتایبەتی کورد ئێستاکە، خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنی ئاسمانییە بۆ خستنە ڕووی گیروگرفتەکانی.

٦- بیر خستنەوەی کێشەی کەرکووك، وەکو کێشەی مرۆڤ و خاك سەیر بکرێت، نەك وەکو لایەنی مرۆڤایەتی بە تەنها. بە یاداشتی تایبەتی پەرلەمانی ئەورووپی و کۆنگرێسی ئەمریکی و ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادار بکرێنەوە.

٧- دامەزراندنی کۆڕ و ناوەندی تایبەتی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردی کەرکووك و ڕزگارکردنی شارەکە لە دەردەسەری و گەڕاندنەوەی عەرەبەکانی

نیشتەجێ کراو لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان و گەڕاندنەوەی کوردی دەرکراو بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان لە کەرکووك و ناوچەکانیو کشانەوەی هێزی سەربازی و دەزگا داپلۆسێنەکانی جیاجیای دەوڵەت و شارەکە بخرێتە بن دەستەڵاتێکی چاودێری نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، بە ڕەسمی کوردبوونی شاری کەرکووك لە ناوەندی نێودەوڵەتیدا ڕوون دەبێتەوە،

٨- قەدەغەکردنی دەست بەسەرداگرتنی ماڵ و موڵك و زەوی و زاری خەڵکی پارێزگاکە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە. بوارنەدان بە بەناوهێنانی (استثمار) زەوی کشتوکاڵی پارێزگاکە، لەلایەن خاوەنی نایاسایی و داگیرکەرەوە. چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ڕاگرتنی بەعەرەبکردن و نەهاتنی عەرەب بۆ نیشتەجێ بوون، لە پارێزگای کەرکووك دا. ئەم کۆڕ و ناوەندە، بە بەردەوام چالاکی سیاسی و یاسایی خۆی بنوێنێ بە پێی باودۆخی گونجاو و لەبار، خەبات و چالاکی چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك بباتە پێشەوە بە پێی ئەو بارودۆخە چالاکی خۆی بگۆڕێت.

٩- بوار نەدرێت دەرکراوانی شاری کەرکووك، لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا بڵاوببنەوە، هەر هیچ نەبێت لە شوێنێکدا یا لە دوو شوێن وەك لە هەولێر و سلێمانی کۆبکرێنەوە، چونکە ئەمە سوودی خۆی دەبێت بۆ بیروڕای جیهانی نێودەوڵەتی، بێجگە لە سوودی پاراستنی کوردبوونی شاری کەرکووك و بیرنەچوونەوەی شارەکە لەلای نەوەی نوێ و داهاتووەوە، بەتایبەتی ئەگەر بارودۆخی شارەکە هەروا بمێنێتەوە.

١٠- پێویستە دەزگا جیاجیاکانی حکومەتی هەرێم و حیزبە سیاسی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا، بەردەوام بایەخی تەواو بە کێشەی شاری کەرکووك بدات، کە مانای سووربوون لە داواکردن و وازنەهێنانی لە شارەکە دەگەیەنێت و، مەسەلەکە زیاتر بەرەو پێشەوە دەبات، ئەگینا بە



پێچەوانەی باس نەکردنی وەکو کێشەی شاری مووسڵ، بە فەرامۆشی لە بیر دەچێتەوە، بۆیە پێویستە لەم ڕووەوە بۆ کەرکووك ئەزموونی لێ وەربگرین.

١١- بوونی دیاردەی ڕۆشنبیری و، زۆربوونی زارە جیاوازە کوردییەکانی سنووری پارێزگا و، بوونی ناودارو شاعێری کوردی کەرکووك بکرێتە بەڵگەی دێرینی کوردبوونی شارەکە. تەنانەت گۆڕستانێکی عەرەبی تێدا نییە. بۆیە گۆڕستانەکانی پارێزگاکەش تووشی بە عەرەبکردن هاتووە. ئەوەتا گۆڕستانی (حەواش)ی کاکەییەکان لە دێی عەلی سەرای، گۆڕە کۆنەکانی عەرەبی (عظیم)ی دەگوازرێتەوە. چونکە حکومەت بۆ گواستنەوەی هەر گۆڕێکی عەرەب بۆ ئەو گۆڕستانە سەد هەزار دیناری عێراقی (چاپکراو) دەدات بە خاوەنەکەی، بەو مەبەستەی ئەم ناوچەیە لە کۆندا گوایە عەرەب نشین بووە.بڕوانە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامەنووس) ی ژمارە (٣٤)ی ١٥ ئەیلولی ٢٠٠٠/ دەستەی ڕۆژنامەنووسانی ئازاد.

١٢- بانگکردنی دەزگا و ڕێکخراوی مرۆڤ دۆست و، لیژنەی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی بۆ بینینی باری ژیانی کوردی کەرکووك، لە ئۆردوگاکان و شوێنی دوای دەرکردنیان، لە ڕووی ئابووری و تەندروستی و تەنانەت دابڕان و ڕووخاندنی بنیاتی کۆمەڵایەتی خێزانی کوردی کەرکووك و بڵاوبوونەوەیان لە شوێنی دوور و جیاجیادا، کە ئەمە خۆی لە خیدا دژ بە جاڕدانی گەردوونی مافی مرۆڤە، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەمە بایەخی خۆی، تەنانەت لە یاسای نێودەوڵەتیدا پەنابەری دەدرێت بە ئەندامانی خێزانی لە یەکتر دابڕاو، کەچی هەزاران خێزانی کوردی کەرکووك لە یەکتر دابڕاون، با ئەمەش بکرێتە بەڵگەی دەست و مافێکی ڕەوای مرۆڤ و چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکی شارەکە و کۆتایی هاتن بە عەرەبکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای نەتەوەیی لە پارێزگاکەدا.

## ئەنجام

١- کێشەی کەرکووک، کێشەیەکی نەتەوایەتی تەواوە، لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە حوزەیرانی ١٩٢١ ەوە دەست بە گۆڕینی ڕووماى کوردانەی کراوە.

٢- دەوڵەتی عێراق، پێش ئەوەی کوردی شارەکە دەربکات، عەرەبی خێڵەکی لە ناوچەی حەوێجە لە ساڵی ١٩٣٧ دانیشتەجێ کرد.

٣- هەوڵی بە عەرەبکردنی پارێزگای کەرکووک و شارەکەی، لە سەرەتاوە لەسەر خۆ جێبەجێ کرا، بەڵام لە حوزەیرانی ١٩٦٣ ەوە بە پێی بەرنامە و بەهەمیشەیی کاری بۆ دەکرێت و ئێستا گەیشتۆتە چلە پۆپەی و تەواوی شارەکە و پارێزگاکە لە کورد حەرامکراوە.

٤- پارێزگای کەرکووک، بەگشتی لە سەردەمی شۆڕشی کوردەوە تاکو ئێستا چوار جار تووشی سووتاندن و وێرانکردن و شاڵاوی توانەوەی کورد بوونی بووە، حوزەیرانی ١٩٦٣، مانگی نیسانی ١٩٧٤، بەهاری ١٩٨٧، ساڵی ١٩٨٨.

٥- دەیان گەڕەك و دێ و ئۆردوگا، بۆ عەرەبی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە کەرکووك و دەوروبەری دامەزراوە و ناو و کولتووری کوردی لە شاری کەرکووك بە ڕەسمی قەدەغەکراوە.

٦- شێوازی جۆراوجۆر بۆ بە عەرەبکردنی کەرکووك و پیادەکردنی بەڕێوەدەبرێت.

٧- ناوچەکانی شوان، قەرەحەسەن، دێهاتی پردێ، قادر کەرەم، جەباری، دێهاتی ناوچەی دووبز، ناوچەی سەربازین و بوونی کوردی تێدا حەرامکراوە، ئەوەی لێی بگیرێت چارەنووسی نەمان و ئەنفالکردنە و، لە خاوەنی حەرامکراون.



٨- لە پارێزگای کەرکووك هەمیشە یاساو بڕیاری تایبەت بەهۆی بوونی کوردەوە تیایدا بەپێچەوانەی پارێزگاکانی تری عێراقەوە پیادەکراوە.

٩- وردە وردە دەوڵەتی عێراق دەیەوێت کورد لە زەوییەکەی بە پێی بڕیاری جۆراوجۆر دابڕێت و، لە زەوییەکەی دووربخاتەوە.

١٠- حکومەتی ناوەندی هەمیشە سیاسەتی ئاژاوە نانەوەی لە نێوان کورد و تورکماندا ناوەتەوە و، لە ئەنجامیشدا هەر دوولاش زیانبەخش بوونە.

١١- ژمارەی دێهاتی ڕووخاوو، شارۆچکەکانی دەکاتە (٧٧٩) دێ کە لە ساڵی ١٩٨٧ ڕووخێنران و لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەناوی ئەنفالی بەدناوەوە سەر لە نوێ هەر هەموو ناوچەکانی ڕووخێنران و دێهاتی سەر بە داقووقی لێدەربچێت کە ئێستا ئەوانەشی بە زۆر کردووە بە عەرەب و ناوچەیەکی سەربازی تەواون.

١٢- دەربارەی مەسەلەی کەرکووك تاکو ئێستا، چ لە ناوەوە چ لە دەرەوە، بە شێوەیەکی فراوان و هەمەلایەن، کار بۆ چارەسەرکردنی و بۆ خستنەڕووی گیروگرفتی کوردی لە شارەکە و پارێزگاکەدا، لە ئاستی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان نەکراوە.

١٣- ئەگەر بارودۆخ بەم شێوەیە بڕوات، کێشەی کەرکووك زیاتر زەحمەتترە دەبێت و لە دەست کورد دەردەچێت. بۆیە کورد لەم ڕووەوە پێویستە بە هەمەلایەنی و یەکدەنگییەوە، بە پێی بەرنامەی ڕێك و پێك کاری بۆ بکات و شێوازی جۆراوجۆر بۆ چارەسەرکردنی و ورووژاندنی مەسەلەکەی بخاتە کار.

١٤- کورد لە کەرکووکدا، وەکو هاووڵاتی و مرۆڤی ئاسایی ڕفتاری لەگەڵدا ناکرێت و، ئەوەشی ماوەتەوە چارەنووسی نادیاری هەیە.

## خشتەی ژمارە (١)

ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکوك بە پێی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٢٢ – ١٩٢٤ بە پێی ڕاپۆرتی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم)

| نەتەوەکان | ڕادە٪ |
|---|---|
| كورد | ٤٢,٥ |
| عارەب | ٣١,٩ |
| توركمان | ٢٣,٤ |
| هیتر | ٢,٢ |
| کۆ | ١٠٠ |

ڕاستییەکە کە کورد ٤٣٪ لە دانیشتوانی لیوای کەرکوك پێکدەهێنێ و عەرەب کەمترە لە ٣٢٪ و ڕادەی تورکمانیش تەنها ٢٣٪ ئەمەش خشتەکە لە لایەن دەوڵەتەوە دەسکاری کراوە.

## خشتەی ژمارە (٢)

خشتەی تایبەتی دەربارەی جونکردنی دانیشتوان بەپێی زمانی دایك لە لیوای کەرکوك بەپێی ئاماری گشتی ساڵی ١٩٥٧.

| زمانی دایك | شاری کەرکوك | لیوای کەرکوك | کۆی گشتی لێوای کەرکوك |
|---|---|---|---|
| عەرەب | ٢٧١٢٧ | ٨٢٤٩٣ | ١٠٩٦٢٠ |
| كورد | ٤٠٠٤٧ | ١٤٧٥٤٦ | ١٨٧٥٩٣ |
| توركمان | ٤٥٣٠٦ | ٣٨٠٦٥ | ٨٣٣٧١ |
| كلداني و سرياني | ١٥٠٩ | ٩٦ | ١٦٠٠٥ |



## خشتەی ژمارە (٣)

خشتەیەك دەربارەی ڕادەی بوونی نەتەوەکانی پارێزگای کەرکوك بەپێی ئاماری گشتی ١٩٥٧ و ئاماری گشتی ١٩٧٧.

| نەتەوە | ئاماری گشتی ١٩٥٧ | ئاماری گشتی ١٩٧٧ |
|---|---|---|
| كورد | ٪٤٨,٣ | ٪٣٧,٥٣ |
| عەرەب | ٪٣٨,٢ | ٪٤٤,٤١ |
| توركمان | ٪٣١,٤ | ٪١٦,٣١ |

## پەراوێز و سەرچاوەکان

١- بە بڕیاری (٣٣٨)و (٢٤٢)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی فەلەستین کرایە دووبەشەوە، وەکو دەوڵەتی یەهودی و دووەم بۆ فەلەستینی، بەڵام فەلەستینییەکان پێی ڕازی نەبوون و دوای نزیکەی چل ساڵ هەمان ڕێگایان گرتەبەر.

٢- زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان، لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتە زلهێزەکانی وەکو بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتاڵیا و.... هتد بوون و لە ساڵانی ١٩٥٢ ەوە تاکو ١٩٦٢ زۆربەیان سەربەخۆییان وەرگرت.

٣- وەکو کرمانشا و ناوچەی لوڕستان لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەهۆی مەزەبی ئایینەوە.وەکو شیعە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتەکەیان لەو بەشەی کوردستان دوور خراونەتەوە و لە ئەدەبیات و ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەیەوە دوور بووە، بڕوانە مارتن فان برونسن، المجتمع الکوردی، العرق، القومیة و مشاکل اللجؤ، (ت: صدیق عزالدین)، دهۆك، ١٩٩٩، ص ١٤٩.

٤- بارودۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێستا شێوازی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و شێوازی سیاسەتی گفتوگۆ و دانوساندنە، بەڵام بە بیرو بۆچوونی من کێشەی کەرکوك بەهێز نەبێت ڕزگارناکرێت یا مەگەر پشتیوانی بەهێزی نێودەوڵەتی، ئەویش ئێستا دیار نییە بۆ کورد.

٥- لە بەرنامەی تەلەفزیۆنی (medyetv) بە تەلەفۆن لە ناو تورکیاوە ئەم زانیارییەی دەرخست لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٠.

٦- شمس الدین سامی، قاموس الاعلام، اسطنبول، ١٨٩٨،لەلاپەڕە (١٥٣)ی کتێبەکەی وریا جاف، کەرکوك وەرمگرتووە.

٧- لەیلا نامیق جاف، کەرکوك لمحات تاریخیە، منشورات خبات، اربیل ١٩٩٢، ص١٨.

٨- د. ڕەفیق شوانی، کێشەی کەرکوك بەرەو کوێ؟ ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە (٢٨٩٩) ی ڕۆژی ١٢/٨/ ١٩٩٩ ل ٢.



٩- لەیلا نامیق جاف، لەلاپەڕە (٣٠) ی کتێبەکەیدا دەڵێت وشەی کەرکوك بۆ یەکەمجار لەلایەن علی الزیدی لە کتێبی (ڤفرنامە)لەسەدەی (٩) ی کۆچی بەکارهێنراوە.

١٠- باوە گوڕ باوەگوڕ لە فۆلکلۆریشدا ڕەنگی داوەتەوە: بڕوانە: عەلادین سەجادی، گەشتێك لە کوردستاندا، بەغدا، ١٩٥٦، ل٧٩.

باوەگوڕگوڕ بە گوڕ هاتم، بۆ کوڕهاتم    جێگەی نیازی بۆ کچ و بۆ کوڕ
بەنیازی تۆ هاتووم لە دوور    هاتووم بۆ لات بۆ جووتێ کوڕ
باوەگوڕگوڕ، باوەگوڕگوڕ    گڕی نورت دایم بەگڕ
هاتوومە لات بەشەرمەوە    کۆرپە بخەیتە باوەشمەوە

١١- تقریر عصبة الامم، مساءلة الحدود بین ترکیا و العراق، مطبعة الحکومة بغداد، ص ٢١ لە گۆڤاری هاواری کەرکوك،ژمارە (٤)، ١٩٩٩، ل ١٧٩ وەرمگرتووە.

١٢- گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارە (٣)، ١٩٩٩، ل ١٥٠.

١٣- گۆڤاری هاواری کەرکوك، ژمارەی (٤)، ١٩٩٩، ل ٥٠.

١٤- وزارة الداخلیة، مدیریة النفوس العامة، للمجموعة الاحصائیة لتسجیل عام ١٩٥٧، لوائی السلیمانی و الکرکوك، مطبعة العانی بغداد، لە کتێبی وریا جاف، کرکوك، دراسة سیاسیة و اجتماعیة، اربیل، ١٩٩٧، ل ٢٥٢، وەرگیراوە.

١٥- نجم عمر السورجی، مصیر ولایة الموصل (کردستان الجنوبیة) ما بعد عام ٢٠٠٠، الطبعة الثانیة، السلیمانیة، ١٩٩٩ ص ٧١.

١٦- د. نوری الطالبانی، منطقة کرکوك و محاولات تغییر واقعها القومی، لندن، ١٩٩٥، ص ٧٠ — ٧١. بەڵام لە ئاماری ١٩٧٧ دا بەهۆی هێنان و نیشتەجێ کردنی عەرەبێکی یەکجار زۆرەوە، ژمارەی کورد کەمتری هێناوە و، سەرژمێریەکەش بە نهێنی ماوەتەوە و لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی بەغدایە بڕوانە وریا جاف، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٧. حبیب محمد کریم لە پێشەکی کتێبەکەی لیلی نامق الجاف،

کرکوك، لمحات تاريخيه، اربيل، ١٩٩٢، ل١١ دەڵێت: کورد زۆرینەی شاری کەرکووکی لە ئاماری ١٩٦٥ و ١٩٧٧ هێناوە، هەروەها بڕوانە: محاضرة س. ج ادموندز، المشكلة الكردية، محاضرة القيت في الجمعية الملكية لندن في ٢٥/ ١٠ / ١٩٦٦ ص ١١.

١٧- لەیلا نامیق، هەمان سەرچاوە ل ٨، هەروەها د. نوری تاڵەبانی، ل ١٦.

١٨- درية عوني، الاكراد خصام ام وئامو القاهرة، ١٩٩٣ لە زۆرینەی شوێنی کتێبەکەی ئەمەی دەربڕیەوە.

١٩- نجم عمر السورچي، هەمان سەرچاوە، ل ٥٥، د. قاسملوی نەمر دەڵێت خەڵکی کەرکووك بەر هەڵستی دانانی فەیسەڵ بوون، بۆ مەلیکی عێراق، بڕوانە د. قاسملو کوردستان کورد، ١٩٧٣، ل ٧٦.

٢٠- د. نوری تاڵەبانی، هەمان سەرچاوە، ل ١٠٠.

٢١- بە پێچەوانەی بیروڕای د. نوری تاڵەبانییەوە، دەوڵەتی عێراق یەکەمجار خۆی بەعەرەبکردنی کەرکووك ئامادە کرد، ئەمیش بە هێنانی عەرەب دەستی پێکردووە. ئەمجا دەستی بە دەرکردنی کورد کرد، کەچی بەرپرسیان دەڵێن یەکەمجار کوردی دەرکرد، ئەمجا عەرەبی هێنا.

٢٢- وەکو خێزان و بنەماڵەی شەهیدانی ٢٣/ حوزەیرانی ١٩٦٣ لەبەر شاڵاوی ترس و تۆقاندن و تیرۆرکردن، کەرکووکیان جێهێشت و، هەندێکیان لە بەغدا و ئەوانی تر لە شارەکانی تری کوردستان خۆیان بزرکرد، یا هەندێکیان بە زۆر دەرکران، وەکو بنەماڵەی شەهید عبدالحافز چەمچەماڵی کە پاش خۆی کوڕێکی لە هەشتاکان لەلایەن ڕژێمەوە ونکرا ناوی (شۆڕش) بوو.

٢٣- شاری کەرکووك لەلایەن ڕژێمەوە، لە ڕووی بیناسازی و پیشەسازی و ڕۆشنبیرییەوە، بەتەواوی فەرامۆش کراوە، ئەوەش بە دیمەنی شارەکە و بازاڕ و دوکان و چۆنیەتی ڕووخساری شارەکەوە و سیاسەتی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق بووە.

٢٤- وەکو محەمەد ئەمینی شەربەتچی، لە ڕۆژی ١٢/ ١٢ / ١٩٥٩ دا، هەروەها تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووسی کورد سەدیق بلوکینی، مفەوەزی پۆلیس قادر بابان لە



١٩٦١/٩/١١ و محمود علي بەسیە لە ١٩٦٣/١٠/٢٣، بێجگە لە تیزاب ڕشاندن بۆ سەروچاوی خەڵك و کوێرکردنیان، ئەمە و بۆ ئەمڕۆ باش نییە بڵاوبێتەوە.

٢٥- بەرنامەی کاروان لە تەلەفزیۆنی میدیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ د. جەبار قادر غەفور خەڵکی کەرکووك و مێژوو نووسی کرد. کە ئەم کتێبە لە ئەرشیفی دەوڵەتی سۆڤیەتی پارێزراوە و ئەو لە تەلەفزیۆن کتێبەکەی لەهەمان بەرنامە لە ڕۆژی ٢ / ٨ / ٢٠٠٠ نیشان دا.

٢٦- ئەم زانیاریانەم لەلایەن ناسیاوێکی خەڵکی کەرکووکەوە وەرگرت کە خۆی لەو شوێنە دووکانەکەی جێهێشت. لەبەر هۆی پاراستنی ئەو کەسە ناوی ناهێنم. هەر لەم ڕووەوە کاك فایەق یارەولی ڕەحمەتی لێ بێت لەبەر ئەوەی کوردێکی نیشتمان پەروەر بوو، سمێڵیشی سوور بوو بانگیان کردبوو بەوەی گوایە شیوعیە، لە ساڵی ١٩٥٧ بە هۆی بەشداری شۆڕشەوە ماڵ و موڵکی دەستی بەسەرا گیرا.

٢٧- لە سەرەتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ ەوە، دەستی پێکردو هەندێك ڕۆژی (١١) حوزەیران و هەندێکی تر، ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی داناوە، ئەم ساڵە لە مێژووی نوێی ئەم بەشەی کوردستاندا، ئەوەندە شوومبوو، بەتایبەتی لە ناوچەی کەرکووك کوردەواری ناویان لێناوە ساڵ بەعسێکە، بۆ زانین ناوچەیەك کە دوور و سەخت بووایە لە دوورەوە تۆپ بارانی دەکرد و ناپاڵمی دەباراند بەسەریاندا و دەیان کیلۆمەتری چوارگۆشەی بەم حاڵە لە دێهاتی بناری خاڵخاڵان، لەم دیوو ئەو دیوی سووتاند، من ئەمانەم بە چاوی خۆم دیوە دێهات ڕایان کردبوو بۆ چەمی شیوەسووری ناو شوان کە شوێنێکی زۆر سەختە.

٢٨- لە سەرەتایی مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ دا، لە دێهاتەکان زۆر کەسیان بە باڵبەستی گوللە باران کرد، بۆ نموونە (١٤) کەس لە دێی (بیرەسیان) پێکەوە، لە سمایل بەگی و حاجی جەرجیسیش دێهاتی شوان کەروڵاڵ و شێتیان گوللە باران کرد.

٢٩- د. نوری تاڵەبانی، ل ٥٥.

٣٠- د. نوری تاڵەبانی، ل ٥٧.

٣١- د. نوری تاڵەبانی، ل ٥٦.

٣٢- د. جەمال نەبەز، المستضعفون الكرد و اخوانهم المسلمون، لندن ١٩٩٥، ل ٩٧ و ٩٨ پەراوێزی ٢٣.

٣٣- د. نوری تاڵەبانی لە سەرچاوەکەیدا، قۆناغی یەکەمی بەعەرەبکردنی کەرکووك لە سەردەمی مەلیکییەوە، تاکو ١٩٥٨ داناوە، بەڵام تا ساڵی ١٩٦٣ گۆڕانی تەواو بۆ چوونە ناو قۆناغێکی ترەوە لە کێشەی کەرکووك نەبووە. بڕوانە ل ٣٦.

٣٤- د. نوری تاڵەبانی، ل ٦٠.

٣٥- بڕوانە پەراوێزی (٢٢).

٣٦- کە لە سەرەتایی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٣ سەربازی کوردیان بەناوی (القومیە الکردیە)یەوە، لە سەربازی بەرەڵا (تسریح) کرد. پاش هەشت مانگی تر لە ٢٧ / ٨ / ١٩٨٣ میری لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەجنیدەوە بانگی چوارده موالیدی سەربازی کوردی دەرەوەی ناوچەی حوکمی زاتی بۆ گەڕانەوەی خزمەتی سەربازی لە ١-٩/٧/ ١٩٨٣ کرد. بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان نەچوونە پێشەوە و شارەکەیان جێهێشت.

٣٧- دوای کارەساتی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ دا گەڕانەوەی خەڵکی فەرمانبەری کورد، قەدەغەکرا بگەڕێنەوە شاری کەرکووك لەمەش زیاتر، ئەوماڵانەی کە بەشداری شۆڕشیان کردبوو، کاتێك گەڕانەوە ناو کەرکووك بە پەلەو بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لەلایەن ئەمنەوە دەرکران و ماڵەکانیان مۆرکراو دەستی بەسەرگیراوە، پاشان درایە فەرمانبەر و سەربازی پیاوی دەوڵەت لە عەرەبی دە هەزاری، کوردەکەش بەرەو ناوچەی حوکمی زاتی بە زۆر دەرکرایەوە.

٣٨- مرسومی کۆماری ژمارە (٤)ی ڕۆژی ٢٩ / ١ / ١٩٧٦.

٣٩- مەرسومی کۆماری ژمارە (١٣٩١) لە ڕۆژی ٢/ ١٠ / ١٩٨١ لە ڕۆژنامەی الواقائع العراقیە ژمارە ٢٨٥٦ بڵاوکرایەوە کە گواستنەوەی فەرمانبەر و کرێکاری کورد و تورکمانی بەرەو باشووری عێراقی تیایدا بڕیار درابوو. کە بە هەزاران کەس بوون بە تایبەتی کورد بۆ دوورخستنەوەیان لە کەرکووك.



٤٠- جێگری بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووك لە ١٩٧٠ – ١٩٧٤ مامۆستا محەمەد فاتیح حەمە بەگ بوو، برای مامۆستای شەهید حەسیب حەمە بەگ کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەردە قارەمان لەگەڵ چوارده کەسی تر. لە شەڕێکی قارەمانانەدا شەهید کران.

٤١- وەکو شێخ حەسەنی دێی حەسەن قەباغی ناو شوان کە چەکداریش بوو لەسەر ئەوەی گوایە خەڵکی دێهاتی ئەنفالکراو مێوانی دێهاتی هەبووەو قاچاغ بوونە لە حکومەت و پێشمەرگە بوونە تاکو ئێستاش بزر بووە و بێ سەرو شوێنە.

٤٢- بە پێی ئەم بڕیارە، هەر عێراقییەکی دانیشتووی ناوچەی (حکومی زاتی بێت، مافی ئەوەی هەیە پارچەیەك زەوی نیشتەجێ کردن لە پارێزگای بەغداو پارێزگاکانی تر بێجگە لە – نەینەوا، تەئمیم، دیالە) بدرێتی.. هتد لە پەراوێزی ئەم بڕیارەوە بارەگاو ڕێکخراوە حیزبییەکانی بەعس فەرمانبەر و مامۆستایانی خەڵکی کەرکووك واتە ئەوانەی تەسکەرە و ناسنامەیان سەر بەم پارێزگایەیە، ئەگەر تۆماری ناسنامەکانیان بگوێزنەوە بۆ ناوچەی (حوکمی زاتی) پارچەیەك زەوی و ١٥٠٠ دینار وەردەگرێت، من خۆم و مامۆستایانی تری خەڵکی پارێزگای کەرکووك ئاگادار کراینەوە، کە لە ئامادەیی چەمچەماڵی کوڕان بووین بە خۆشحاڵییەوە کەس ئەم بڕیارەی قبوڵ نەکرد.

٤٣- وەکو شێخ سووعادتاڵەبانی، کە مرۆڤ و کوردێکی چاك و خۆشەویست بوو، لەلای خەڵکی کوردی کەرکووك، دەنگی زۆری لەو دەنگانە وەرگرتبوو، کەچی ناوی دەرنەچوو، بە پێچەوانەی ناوی عەرەبی دەهەزاری خەڵکی ناوەڕاست و باشوور لە جیاتی ئەوان بە نوێنەری شارەکە وەرگیران.

٤٤- من خۆم ئەم گۆڕستانەم بینیوە و لە ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ لە دامێنی گۆڕستانی (شێخ محیەدین) ەوە

٤٥- وریا جاف، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٨، ١٤٤.

٤٦- بڕوانە پەراوێزی (٤٢).

٤٧- دەبوایە ئەو کەسەی ماڵەکەی باردەکات لەناو هەمان گەڕەك، یا لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی تر ئەمنی گەڕەك و پاشان هۆبەی کاروباری ناوخۆیی (شؤون الداخلیة) ئاگادار بکاتەوە تا ڕەزامەندی بارکردن وەربگرێت، ئەمەش تەنها ئەو کەسانەی کە ڕەگەزنامەکەیان سەر بە کەرکووك بوایە بۆی دەکرا ئەویش بە زەحمەت. ئەگەر خەڵکی شارەکەش بووایە و ڕەگەزنامەکەی لەلایەن دەوڵەت خۆییەوە کرابووە و سلێمانی و هەولێر یا خەڵکی ناوچەکانی دەوربەری سەر بە کەرکووکیش بوایە پسولەی (عدم التعرض) ماڵ بارکردنی بۆ ناکرا مەگەر بەهۆی ناسیاوێك نزیك لە خۆیان بێت. من خۆم لە کۆلانێکی گەڕەکی ئیسکان بە زەحمەت بۆم کرا ئەمەش بەڵگەکەیە (عدم التعرض) ژمارە ٤،٣٧ لە ٥/ ١٢ / ١٩٨٧ یسمح لمدعو رفیق محمد محی الدین بنقل اثاثة من محلة الاسكان رقم الدار ٤٥٤،٧ الى نفس المحلة ٥٠٧،٧ المرقمة على ان تبقى نافذة لمدة عشرة ايام من تاريخ صدورها. سعدی رشید صالح

نسخه الی محافظة... س.د / لتفضل بالعلم لطفا.

شرطة التاميم / امن التاميم / مختار محلة للعلم لطفا.

٤٨- لە ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ خەریکی ئامادەکردنی نامەی ماجستێر بووم، لەسەر تۆماری کتێبە کوردییەکان، بە چاوی خۆم ئەمەم لە بەرامبەر ناوی هەر کتێبێکی کوردی دیت کە ٩٥٪ کتێبە کوردیەکان لە کتێبخانەی گشتی پارێزگای کەرکووك نەمابوون و گەڕێنرابوونەوە بۆ هۆبە الاداره / المحلیە (شؤون الداخلیة) بۆ فەوتاندنیان.

٤٩- گرتنی ئەم حەوت هەزار کوردە، لە هەموو دەزگای ڕادیۆ و ڕاگەیاندنی کوردی و تەنانەت لە دەنگی ڕادیۆی مۆنتی کارلۆ، دەنگی ئەمریکا بڵاوکرایەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کەس و کارو خزمی خۆمانی تێدابوو — شتێك نییە کە جێگای گومان بێت.



٥٠- یاداشتێك لەلایەن رفعت عبدالله پارێزگاری کەرکووکەوە لەناو (ی.ن. ك) لە سەرەتایی ئابی ٢٠٠٠ درابوو بە کۆفی ئەنان، بۆ ئەمە بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ (٢٢١٥)ی ٣/ ٨ / ٢٠٠٠ بۆ ژمارەی دەرکراوان لە کەرکووك لە ١/ ١/ ٢٠٠٠ تا ٢٢/ ٧ / ٢٠٠٠ کە بریتییە لە (١٦١) خێزانی کورد کە ژمارەیان دەکاتە (٩٣٠) کەس، بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو، ژ (٢٢٠٦) ی ٢٤ / ٧ / ٢٠٠٠، لە ساڵی ١٩٩١ تا /٢/ ٨ / ٢٠٠٠ ژمارەی خێزانە دەرکراوەکان ١٥٨٣٩ خێزانە. بۆ دەرکراوی کەرکووك بەرەو هەولێریش لە ساڵی ١٩٩٧ تاکو ٢١/ ٥/ ١٩٩٩ ژمارەیان دەکاتە (٥٢١) خێزان بە پێی ئەو ئامارەی کە لە گۆڤاری هاواری کەرکووکەوە بڵاوکراتەوە، ژمارە (١)، ل ١٠٩ — ١٣١ ساڵی ١٩٩٨، (١٣١ خێزان)، ژمارە (٢)، ل ١٣١ - ١٣٧ (٢٠٥ خێزان)، ژمارە (٣)، ل ١٢٣ - ١٢٥ (٩٣ خێزان)، ژمارە (٤)، ل ١٦٤ — ١٦٦ (٩٢ خێزان) کە کۆی گشتی دەکاتە ٥٢١ خێزان.

٥١- بەڵگەی ڕاستی ئەم باسە، بە ناوی خۆم لە لیستی ناوەکانی گەڕەکی حی العسکری کەرکووك) زنجیرەی ژمارە (٩) ی ناوەکان بوو لە کۆی ناوی (٨٠) خێزان، لەم ڕووەوە حیزبەکانی کوردستان ناڕەزایی و بروسکەی ئاگادار کردنەوەیان دایە (un) بە سکرتێری گشتی.

٥٢- بەرنامەی کاروانی تایبەت بە کەرکووك ڕۆژی ٢٤/ ٨ / ٢٠٠٠ ڕۆژی پێنج شەممە لە زمانی د. جەبار غەفوورەوە خەڵکی شاری کەرکووکە لە med tv.

٥٣- ئەم هەوڵ و دەنگ و باسە، لەلایەن خەڵکی سەر بەو هۆزانە لە ساڵی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ بڵاوبۆوە.. پاشان بۆ ئەو مەبەستە سەری بەغدایان دابوو، پێیان ووترا یا بە عەرەب یا دەردەکرێن و دێهاتەکانتان جێدەهێڵن.

٥٤- د. ڕەفیق شوانی، کاتی ئەوە هاتووە کورد سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆی بنوێنێ، برایەتی ژمارە (٢٧٠٦، ٢٧٠٧) لە ڕۆژی ٣ — ٤ /١١ / ١٩٩٨.

٥٥- ڕۆژنامەی ئەلحەیات، ژمارە ١٣٣٤٨ ڕۆژی ٢٤ / ٩ / ١٩٩٩.

٥٦- بەرنامەی کاروانی تایبەت بە کێشەی کەرکووك چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێك بەرهەڵستکارانی عێراقیدا، ڕۆژی ٢٥ / ٦ / ٢٠٠٠.

٥٧- بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (١٤) ی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

* لێدانی بیری ئیرتوازی لە ناوچەی ساڵەیی، شوان، جەباری، لەیلان، لەسەر حیسابی پارەی نەوت بەرامبەر خۆراك بە پێی بڕیاری ٩٨٦ و بێ ئاگاداری و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عەرەبی خێڵەکی ئەوەش دژی ڕێنمایی و بەندەکانی ئەو ڕێککەوتنەیە بڕوانە سەرچاوەی زنجیرە (٥٠) ژ ٢٢٠٦ لە ٢٤ / ٧/ ٢٠٠٠.

٥٨- کوردستانی نوێ — ژمارە ٢٣١١

٥٩- د. علی عبدالواحد وافی، علم اللغه، القاهره، ل ٢٠٨.

٦٠- د. جەمال نەبەز هەمان سەرچاوە ل ١٠٩، ١١٠.

٦١- نجم عمر السورچی، هەمان سەرچاوە، ل ١٧٢- ١٧٥.

٦٢- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٥.

٦٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٧٥.

# کێشەی کەرکووک و ڕاگوازتنی کورد*

باسی کوردبوونی شاری کەرکووك ناکەین، چونکە زۆربەی سەرچاوەوە و بەڵگە زانستییە مێژووییەکان تەنانەت لای نووسەرانی ناکوردیش، وەکو لای نووسەرە زانستی و بە هەڵوێستەکانی عەرەب و تورك و ئەوروپاییەکانیش ئەوە روون بۆتەوە کە کەرکووك شارێکی کوردە بە خاك و میللەت و دانیشتوانەکەیەوە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، کەرکووك وەکو شارێکی کوردستانی، نابێت هەروا کورد لە دوورەوە، سەیری بکات و تێبڕوانێت، بەڵکو دەبێت تێڕامانەکەی بیرکردنەوە بێت. لە پێناوی چارەسەر بۆ دانانی رزگارکردنی خەڵکی ئەم شارە، لەوەی کە وەکو هاوولاتییەکی پلەی دووەم و بگرە سێیەمیش، لەناو شار و ولاتەکەی خۆیدا، لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە رەفتاری لەگەڵدا دەکرێت و تاکو ئێستا، ژمارەی دەرکراوانی کوردی شارەکە گەیشتۆتە هەزاران کەس، بەلام ئەوەی سەیرە، تاکو ئێستا بەڕەسمی و بگرە وەکو پاراستنی مافی مرۆڤیش، بۆ خەڵکی ئەم شارە دەربەدەر و ئاوارەیە یا بندەستە، لەلایەن دنیای بەویژدانی مرۆڤایەتییەوە، یا لەنێو کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکانەوە، هیچ هەنگاوێکی بەدژ ئەو کارانە هەڵنەهێنراوە، بەلای کەمەوە، ببێتە هۆی راوەستان و قەدەغەکردنی دەرکردنی کورد لە کەرکووك.

پاراستن و پارێزگاری سنووری خەڵکی هەر ولاتێك تا بڵێی پیرۆزە، چونکە سنووری جوگرافی، بریتییە لە پشتینەی ئاسایشی میللەتی خاوەن ولاتەکە، پاراستنی ئەرکی سەرشانی میللەتەکەیەتی، چونکە خاك بێجگە لەوەی پیرۆزە و مایەی سامانی ولاتە، نرخی گەورەی ئابووری و کۆمەلایەتی خۆی هەیە بۆ میللەتەکەی، پاشان پەیوەندی مرۆڤ و هاوولاتی بە خاکەوە، زۆر بەهێزە و

* لە رۆژنامەی "برایەتی"، ژ(٣٢٨٩)، ٢٠٠١/١/٢٠، بلاوکراوەتەوە.



بریتییە لە دەیان چیرۆك و رووداوی خۆش و ناخۆشی، مرۆڤ لە هەر شوێنێك لە دایك بووبێت و گەورە و پەروەردە بووبێت، تا دەمرێت چاوی لەو شوێنەیە، چونکە مایەی بوون و کەسایەتی و جوامێری و ناسنامەی خەڵکەکەیەتی.

ئەمجا کێشەی کوردی کەرکووك و بەعەرەب کردنی، یەکێك لە چەندین کێشەی تری نەتەوەی کورد، لەڕووی ئابووری و کۆمەلایەتی و ئایینی و مەزهەبی و، کە تێکڕا سەرچاوەکەی لە رووی کێشەی سیاسی نەتەوەکەیەوە بووە داگیرکەرانی دەیانەوێت، بە کردەوەش ئەنجام دراوە، کە خاوەنەکەی لەسەر زەوی خۆی دەرکەن، نموونەی کێشەی نەتەوەیی لەسەر زەوی و خاکی نیشتمان، کێشەیەکی یەکجار کۆنە، لە کۆنەوە لەلایەن داگیرکەران و دەسەلاتدارە هەر وایە و وابووە، کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا هەردەم لەسەر رێك نەکەوتنی کێشەی کەرکووك بووە لەسەر کێشەی، بۆیە ئێستاش پێویستە و یەکێکە لە ئەرکە نیشتمانییە هەرە پیرۆزەمان، کە کێشە و مەسەلەی کەرکوك، سەری هەڵداوە، نموونە ئەم جۆرە کێشانەی میللەتی کورد، لەملا و ئەولای ولاتەکەیەوە، پێوە دەناڵێت و لەروویدا خراوەتە کار و، بۆتە مایەی هیلاك بوون و هیلاککردنی کۆمەڵی کوردەواری، کە وای لێهاتووە، لەناونیشتمانەکەی خۆیدا بۆتە بەندی و لە بەندیخانەیەکی گەورەدا بەند کراوە، بۆیە کێشەی کەرکووك کێشەیەکی نەتەوەییە، کێشەی مرۆڤی کوردە، لەگەڵ بەهێزەکانەوە سەری هەڵداوە و ولاتی گەلانی ژێر دەست داگیر دەکەن و دەیانەوێ خێر و بێر و سامانەکەی بە تالان ببەن و خاونەکەشی دەربەدەر ئاوارە و ماڵوێران بکەن، بۆیە دەبێت ئێمەی کورد بەرنامەیەکی رێکوپێك بۆ دەرچوونی لەو مەرگەساتە رێکبخەین و بەکردەوە کاری بۆ بکەین، چونکە مەسەلەیەکی وا دەبێت بەرنامەی کات و سات بێت، راستیکەش دەبێت خاڵی سەرەکی و دروشمی ناوەندی بزووتنەوەی کورد بێت و

بخرێتە سەر مێزی دانوساندن، لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا ئێستا دۆستەکان لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکاندا و، بەتەواوی ڕاستی کێشەکەیان بۆ بخرێتەڕوو، کە کەرکووك مافی کوردە و شارێکی مێژوویی و دێرینی کوردستانە، بە چ مافێك بە فەرامۆش کراوی لەلای دیموکرات خواز و لەلای ڕێکخراوی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤەوە ئاوا بمێنێتەوە و نەخرێتە سەرمێزی باس کردن.

دەبا ڕۆشنبیران و نووسەران و هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان، لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا، کێشەی کەرکووك، بکەنە کێشەیەکی سەرەکی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی و بەڕێنمایی سیاسەتمەدارانی گەل و بزووتنەوەکەی لەم بەشەی کوردستاندا کێشەکەی بەرەو چارەسەری بەڕێبازی گفتوگۆ و بەڵگەی مێژوویی ببەین. دەبێ جەخت لەسەر چەند شتێك بکرێت، بۆ ئەوەی کێشەی گۆڕینی دیمۆگرافیای کەرکووك و دەرکردنی خەڵکەکەی، بەرەو هەنگاوی باسکردنی نێودەوڵەتی ببرێت و کێشەکەی بە تەواوی بخرێتە بەرچاوی دنیا، ئەم شێوازانە پێویستە بەپێی بارودۆخ و هەڵکەوت سوودی لێ ببینرێت:

١- ئاماری تەواوی دەرکراوان بەوێنەوە بخرێنە بەردەستی کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانەوە تا بە چاوی خۆیان ڕاستی کێشەکە ببینن.

٢- سازدانی ڕێپێوانی بەردەوام لەلایەن دەرکراوان و تێکڕای خەڵکی کەرکووکەوە کە لە کوردستانی ڕزگارکراون بە هاوکاری خەڵکی کوردستان و بەشداری کردنیان بە هاوکاری و یارمەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندووە. بۆ بڵاوکردنەوە.

٣- ئەگەر بکرێت و لە توانادا بێت دەرکراوانی کەرکووك لە شوێنێکدا پێکەوە یا لەدوو شوێندا نیشتەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە پەرەواز نەبن و ڕەسەنایەتی کوردبوونی شارەکەش هەربمێنێتەوە.



٤- داواکردنی یارمەتی و بژێوی ژیان بۆ گوزەرانی خەڵکەکەی لە ڕێکخراوە مرۆڤ دۆست و مرۆڤایەتی و خێراخوازەکانەوە لەگەڵ دابین کردنی پێویستی خزمەتگوزاری تەندروستیدا.

٥- بەردەوام کێشەی کەرکووك و دەرکردنی خەڵکەکەی لە دەرەوە و لەملاولەولادا باس بکرێت و بایەخی پێ بدرێت، چونکە جەخت کردن و هێنانە پێشەوەی گیروگرفتی کەرکووك لەلایەن کورد خۆیەوە بە بەردەوامی کەڵك و سوودی خۆی دەبێت.

## سیاسەتی بە عەرەبکردن، دەرکردن، داگیرکردنی کوردستان تاکەی؟!!*

سیاسەتی زەوتکردنی خاك و نیشتمانی میللەتانی ژێر دەست و نیشتیمان داگیرکراو با بلێین سیاسەتی ستەمکاری و چەوسانەوەی بێ دەسەڵاتان و بەکارهێنانی کۆیلەی جەنگ و دیلی شەڕ ڕەگ و ریشەی لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە قۆناغی کۆمەڵایەتی گەیشتۆتە قۆناغی بوونی موڵکداری تایبەتی و بەناوهێنانی بەرهەم، وردە وردە لەگەڵ گۆڕانی ژیان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵدا ئەم دیاردەیە کە بناغەی لەسەر بنەڕەتێکی ئابوورییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، لەلای دەسەڵاتدارانی نەتەوەکانی جیهانەوە بەسەر نەتەوە لاواز و بێدەسەڵاتەکانەوە بۆتە سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستانەیی کە لایەنی نەتەوە پەرستیان بێجگە لە نەتەوەی خۆیان کەسان و نەتەوەی تر نابینن و چاویان بە میللەتانی بێ دەسەڵات و ژێر دەستەدا هەڵنایەت. واتە نەتەوەپەرستانی ڕەگەزپەرست (شۆڤینی) هەردەم لەسەر سیك و سەودای سیاسەتی خۆ سەپاندنی نەتەوەکانی خۆیانن.

هەموو شتێکی خۆیان لە زمان، لە دابونەریت، رابردووی مێژوویی، ئایین، ئەدەب....هتد، لەهی خەڵکی تر بە باشتر و پێشکەوتووتر و رەسەنتر ئەزانن... هەر لەم رووەوە هەنگاو ئەنێن و ئەیانەوێت زاڵ بن بەسەر هەموو ئەم لایەنانەی میللەتانی تر و بەتایبەتی ئەگەر ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەیان لەبارودۆخی لەبار و گونجاودا بێت، بە بەرنامەی کار و هەنگاو بە هەنگاو جێبەجێی ئەکەن.

لە کۆنەوە نموونەی وا زۆرە لە مێژووی میللەتاندا، بەڵام باشترین نموونە بۆ ئەم سیاسەتە لە مێژووی کۆن و نوێدا، سیاسەتی تواندنەوەی نەژادی کورد، ڕەگەزی کورد، قەدەغەکردنی زمانی کوردی و قسەکردن بە کوردی، قەدەغەکردنی کەلەپووری کوردی، گۆڕینی شێوە و رووخساری کوردانەی ژیانی نەتەوە...هتد.

* لە رۆژنامەی "رێگای کوردستان"، ژ(٤٩١)، ٢٠٠٢/٢/١١، بڵاوکراوەتەوە.



چونکە ئەمانە هەریەکەیان گورزێکی کاریگەرن کە لە کەمەری نەتەوە ژێردەستەکە ئەوەشێندرێ، بێجگە لە گۆڕینی ئاسەواری کوردانەی دیاردە و شتە کۆنەکانی کوردەواری، کە لە دوای چەند نەوەیەك بە بەردەوامی ئەبێتە هۆی توانەوەی میللەتەکە و یان بەرەو توانەوەی ئەبات.

یەکێك لەم دیاردە و سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەی کە بەرامبەر کورد کراوە، ئەگەرچی ڕەگ و ریشەی دەستپێکردنی زۆر کۆنە و هەموو دەسەڵاتدارانی سەر کوردستان دەستیان داوەتێ، مەبەست لەو سیاسەتەیە کە لە عێراق دژ بە گەلی کوردی ئەم بەشەی کوردستان ئەکرێت و سەرەتاکەی ئەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو (سەدەی بیستەم) کاتێ کە ئەم بەشەی بە زۆر و دوور لە خوایشتی کورد خۆی، لکێندرا بە عێراقی عارەبییەوە، کە پێش ئەم کاتە، عێراق بریتی بووە لە هەردوو بەشی ولایەتی خواروو، کە ئێستا باشووری عێراقە، لەکۆنیشدا لە وشەی کۆنی ئەرەك (ئەراك)ەوە سەری هەڵداوە و ناوچەی ناوەڕاستی عێراقیش ئەگرێتەوە کە پێی وتراوە جەزیرە تاریزە. شاخی حەمرین سەرەتای سنووری کوردستانە لەلای باشوورەوە، کاتی خۆی لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی و لە ئەنجامی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١دا، کەرکووك و موسڵ کە بەشێکی کوردستانیان پێکهێناوە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، (عصبه الامم) دەربارەی چارەنووسی ناوچەکە ئەنجامدرا، خەڵکی ئەم سێ لیوایە دژی پێوەلکانی ئەم بەشەی کوردستان بە عێراقەوە بوونە، لەجیاتی ئەوەدا داوای کارگێری سەربەخۆی کوردستانیان کردووە، بەڵام گوێیان نەدراوەتێ و بەزۆردارەکی کورد و بەشێکی وڵاتەکەی بە عێراقەوە لکێنرا.

وردە وردە ئەم سیاسەتە نالەبارە دژ بە کورد و کوردستان هەر بەردەوام بووە، تا ساڵی ١٩٦٣، سیاسەتی بەعەرەبکردن و دەرکردن، گرتن، رووخاندن و وێرانکردن، سوتاندنی تەڕ و وشکی بە شێوەیەکی تەواو و بە سیاسەتێکی زۆر

توند و تیژەوە، لە بەرنامەوە بوو بەکار و لە لایەن رەگەزپەرستان و دەسەڵاتدارانی عارەبەوە لە توندترین شاڵاویدا جێبەجێ کرا، وشەی کورد قڕان بوو، لەم پێناوەدا چەکداری نا نیزامی بە ناوی (حرس القومی)یەوە دژ بە کورد پێکهات و بە توندترین شێوە، کەوتنە گیانی کورد وڵاتەکەی کە ئەمەش سیاسەتێك بوو لە لایەن خودی حیزبی بەعس و دەسەڵاتدارە عارەبە رەگەزپەرست و نەتەوە پەرستەکانەوە بەرپاکرابوو، ئەم کارانەش جێبەجێ کران:

★ سووتاندنی تەڕ و وشکی کورد لە بەرووبووم و کشتوکاڵ و لە سامانی کورد.
★ رووخاندنی دێهاتی سەر بە پارێزگای کەرکووك و نزیك ناوچە نەوتییەکان.
★ گرتن و لێدان و کوشتنی بێ هیچ تاوان کردنێك تەنها لەبەر ئەوەی کوردن و بەس، لێرەدا نموونە زۆرە، بەڵام ئێمە باسی چۆنیەتی سیاسەتەکە و بەرەنگاربوونەوەی ئەکەین.

سیاسەتەکە بە جۆرێك لەساڵی **١٩٦٣**ەوە توند و تیژ بووە، دروشمەکەی لای (حەرەس قومی)یەکان ئەمەبوو، کە لە کاتێکدا ئەیاندا بەسەر دێهات و شوێنێکدا ئەیان ووت: ((احنا العرب عدنا الغیره وین الاکراد بها الدیره)) ئەمە بێجگە لەوەی کە شاڵاوەکە ئەوەندە توند و بێ بەزەییانە بوو خەڵکەکە ناوچەکانیان چۆل ئەکرد، چونکە ئەوەی دەستیان بکەوتایە یەکسەر بێ سێ و دوو ئەکوژرا، دروشمەکەشیان بە ناوی هەموو عارەبانەوە دژ بە هەموو کورد بەرپاکرابوو.
سیاسەتەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نەتەوە پرستانەی بەعس، کە حیساب بۆ گەلانی تری تەك خۆیان هەرگیز ناکەن.
ئەم سیاسەتی دژ بە کوردە، کە لە داگیرکردنی نیشتمانی کوردا خۆی دەنوێنێ جارێکی تر لە ساڵی **١٩٧٤** دووبارە بۆتەوە بەڵام بە شێوازێکی سیاسیانەی تر ئەویش بۆ جێبەجێ کردنی مەرامەکانیان و بۆ شەق کردنی هەندێ یاسای مافی خودموختاری تا بتوانن خەڵکی کورد و دنیاش لە پشتیوانی شۆڕشی کورد دوور بخەنەوە.



لەو کاتەوە تاکو ئێستا شاڵاوی بە عەرەبکردن و دەرکردن و داگیرکردنی ناوچە سنووری و تخوبیەکان بەردەوامە و رۆژ بەرۆژیش توندتر بووە، وەك چۆڵکردنی ماوەی **٢٠**کم لە دێهاتی کورد لە ناوچە سنوورییەکان و دامەزراندنی ئۆردوگای زۆرەملێ، پاشان چۆڵکردن و داخستنی قوتابخانە و رێگاوبانی هاتووچۆ لە ساڵی **١٩٥٨**ەوە شاری لە دێهاتی کورد دابڕی، لەڕووی رەسمیاتەوە خەڵکی دێهات بە تەواوی و بە تایبەتی لە ناوچەی کەرکووك و خانەقین دژ بە میری و تاوانکار درابوونە قەڵەم.

منداڵی کوردی دێهاتی لە قوتابخانە وەرنەگیران و گەر بەهۆی ناسیاو و خزم و کەسەوەش نەبوایە نەخۆشی خەڵکی دێهاتیش لە نەخۆشخانەکانی شار وەرناگیران، ئەمە بێجگە لە خواردەمەنییە سەرەکییەکان. کاری ئەم سیاسەتە گەیشتە رادەیەك بناغەی ئابووری کوردستان لە بن و بێخەوە هەڵتەکێنرا، دێهاتەکان رووخێنران و چۆڵکران و ئەنفالی بەدناویش دژ بە کوردی موسڵمان جێبەجێ کرا.

کە دروشمەکەی بریتی بوو لە ((سەری کورد بۆ من و ماڵی بۆ چەکدار))ەکانی جاڕدابوو، کیمیاباران و جەنگی قڕکردنی دژ بە کوردی حەڵاڵ کرد و جاڕیدا.

زۆر بەداخەوە ئەو سیاسەتە چەپەڵ و نامرۆڤانەییەی دژ بە کورد لە ساڵانی شەڕی ناوخۆی ماڵکاولکارییەوە تاکو ئێستاش رۆژ بە رۆژو بەیناوبەین درێژەی هەیە و گەیشتۆتە رادەیەك بێجگە لەوەی کە شوێنی ناوچە چۆڵکراوەکان، عارەبی بۆ نەهێنێ و پارێزگارییان ئەکات و هەموو پێویستییەکانیشیان بۆ ئامادە ئەکات، ناونانی کوردی بۆ منداڵی کورد و غەیرە عارەب قەدەغە کردووە، تەنانەت کرێچی ناتوانێت بەڵێنی کرێنشینی (عقد الایجار) لەگەڵ خاوەنەکەیدا نوێ بکاتەوە، چ بۆ ماڵ و چ بۆ دووکاندارەکانیش، بێجگە لەوەی شاڵاوی هێنانی

عارەب بۆ کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە ناوچە ڕزگارکراوەکان نزیك ئەبێتەوە، تا ئێرە باسی سیاسەتەکە بوو، لێرەوە ئەپرسین ئەی کورد ئەبێ بەرامبەر ئەم کاری دژ بە کورد و داگیرکردنە چی بکات و چۆن ڕەفتار بکات؟ تا کار لەم کارە ناڕەوایە بکات، تا هیچ نەبێت بیوەستێنێ.

پێش هەموو شتێك ئەبێت کورد یەك ڕیزی خۆی پێکبهێنێ و بەیەك دەنگییەوە ڕەفتار لە دژیدا بکات، بەرنامەیەکی ڕێك و پێك لە دژیدا بخرێتە کار و ئەنجوومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان لەم ڕووەوە ئاگادار بکات و بەڵگەکانی شاڵاوەکە نیشان بدات. ڕێپێوانێکی گشتی و سەرانسەری لە هەموو شارەکانی کوردستان بەرپا بکرێت و لەو ڕۆژەدا دەوام نەبێت و هەموو کورد بکەوێتە سەر شەقام و دروشمی تایبەتی لەم ڕووەوە هەبێت، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ تەرخان بێت بۆ ئەم مەبەستە بە تایبەتی سەتەلایتەکانی کوردستان.

پێشکەشکردنی سکاڵایەکی کوردانە بە ئیمزای سەرکردایەتی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان بە وڵاتانی ئەوروپا و بە مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی.

پێویستە نەك هەر حیزب و لایەنە کوردییەکان ئەم کارانە ئەنجام بدەن بە تەنها بەڵکو هەموو میللەت و کەمینەکانی تری دانیشتووی کوردستان کە بەشدارن لە خێر و بێری وڵاتەکە بەشداری لە دژی ئەم شاڵاوە بکەن و لەگەڵ کورددا هاوکار و هاوئاهەنگ بن، چونکە ئەوانیش زیانیان پێ ئەگات و ئەو خێر و بێرەی کە هەیە لە دەستیان ئەچێت، چونکە ئەم ئەزموونەی کە ئێستا هەیە لە کوردستاندا بە چاوی برایەتی و ئاشتی و تەباییەوە ئەڕوانێتە هەموو ئەو میللەتانە و حیسابی وەکو هاووڵاتی بۆیان کردووە و لەگەڵ کورددا بە تەواوی لە خێر و بێردا بەشدارن.



یەکێك لە وڵاتێکدا بژیت ئەبێت بە خۆشی و ناخۆشی ڕازی بێت و پشتیوان و پشتگیریکەر بێت و نابێت لە دەرەوە سەیری گۆڕەپانی تۆپێن بکات، ئەبێت هیچ نەبێت پشتگیری و پشتیوان بێت و ئەگینا بە پێچەوانەوە فەرامۆشکردنی ئەم سیاسەتە ئەبێتە ماڵکاولی هەمووان، ئەمڕۆ لە منە، سبەینێ لە تۆو لە ئەوە و ئێمەش پێکەوە وەکو برا دڵساف و دڵپاك پێکەوە جوانین، با پێکەوەش کاربکەین و دژ بە دەرکردن و داگیرکردن ڕابوەستین، بە پێچەوانەوەش بێدەنگی لە ئاستی نارەوایی تاوانە بێجگە لەوەی کاری خراپتری لێ دەبێتەوە، هاودەنگی و تەبایی خەڵکی کوردستان لەم مەسەلەیەدا وەکو نان و ئاو و هەوا وایە، کە بێ ئەمانە ژیان مەحاڵە.

بۆیە هەرچی زووترە ڕاوەستان بە کردەوە دژی ئەم کارە ناڕەوایەی داگیرکردن و دەرکردن بەشێوەیەکی ڕاست و دروست ئەنجامی باشی لێ ئەبێتەوە، بەتایبەتی لەم بارودۆخە نێو دەوڵەتییەی کە ئێستا باوە.

## کەرکووک شارێکی خامۆش و فەرامۆش*

کەرکووك مێژوویەکی زۆر کۆن و دێرینی هەیە، لە شارستانێتی کورد و مرۆڤایەتیدا هەنگاوی چاکی ناوە، بە کورتی لە سالآنی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا تا ساڵی ١٩٥٩ مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی بووە، چوار ساڵی یەکەمی حەفتاکانیش ڕوومای کوردانەی لە دەست نەدرابوو، شوێنی کۆبوونەوە و نیشتەجێبوونی دەیان رۆشنبیری کورد بووە، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی وەك ئازادی، ڕای گەل، شەفەق، باوەگوڕگوڕ، گزنگ، لێ دەرچووە، کتێبخانەی چاك و پێشکەوتووی وەك، عەسری، بێکەس، ئاسۆ، هەندرێن، گەل، دارای لێ هەبووە، چەندین چاپخانەش.

بەکورتی کەرکووك لە سەردەمانێکدا وەك بیستەکان و سییەکان قوتابیانی شارەکانی تری وەك سلێمانی، هەولێر بۆ پرەپێدانی خوێندن ڕوویان کردۆتە ئەم شارە و دواناوەندییان تیا تەواو کردووە لەم ڕووەوە نموونەی دیار هەیە، بێجگە لە هەولّی دانانی بەڕێوەبەرایەتی (مەعاریف)ی کوردستان و بوونی زۆر دام و دەزگای پێشکەوتوو، بە کورتی کەرکووك هەروەکو وتمان مەڵبەندی رۆشنبیری کوردستان بووە، بەڵام وردە وردە ئەم مەڵبەندە دیار و دێرینە ئەستێرەی پێشکەوتنی لە کزبوون و ئاوابووندا بووە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین پیلانی گەورە و ئاژاوەی یەك لە دوای یەکی بۆ نراوەتەوە و تیایدا ئاژاوەچیان تەونی جاڵجاڵۆکەی پیلانەکانیان تەنیوە، بۆ نموونە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا لە وڵاتی سۆڤیەتی پێشوو کتێبێك دەرچووە، ئەوەی تیایە کە دەوڵەتی سۆڤیەت دوو سەد هەزار دیاری عیراقی تەرخان کردووە بۆ ئاژاوە نانەوە لە کەرکووك لە ڕێگای کومپانیای نەوتی عیراقەوە! لە حوزەیرانی ١٩٦٣ دا گەورەترین کارەسات بەسەر کوردی ئەم شارەدا هاتووە لە کوشتن و بڕین، لە گرتن و ڕاونان، ڕووخاندنی

* لە رۆژنامەی "ڕێگای کوردستان"ی ژمارە (٥٨٥) لە (٢٠٠٣/٣/١٧) بلاّوکراوەتەوە.



گەڕەك و دێهات و و سوتاندنی بەروبووم. کەرکووك ئەم شارە هیلاك و ماندوو لە ساڵی (١٩٥٩)وە بارودۆخەکەی وەکو هێڵێکی (بەییانی) لە خراپیدا سەر بەرەوخوارە. هەموو ئەمانە قەیناکات، هەرچیبوو، لە پێناوی شۆرش و وەرگرتنەوەی ئەم شارە ماڵوێرانی زۆر خەڵکی شارەکە و هەموو میللەتەکەی گرتەوە. بەڵام لە دوای ڕزگارکردنی میللەتانی کورد و عیراق و نەمان و ڕووخاندنی ڕژێمی خوێن ڕێژی بەعسەوە، کە چەندین ساڵە ئاواتە خوازین، کەرکووك ڕزگارکراو دەروازەیەکی نوێ لە بەرامبەر خەڵکی ئەم وڵاتە کرایەوە، وا بۆ ساڵێك دەچێ هیچ شتێك بۆ ئەم شارە خامۆش و فەرامۆشکراوە نەکراوە. ئەگەر بچینە ناو گەڕەکەکان و جادەو کۆڵانەکانی ببینین دەڵیی پاشماوەی وڵاتێکی سوتاو و برژاوە، وێرانیەکە بۆ خۆی، بەوە دەکات لە ناو شارەکەدا شەڕی چەندین ساڵەی ئەفغانستان و شەڕی تایەفەگەری لوبنانی تیا ئەنجام درابێ! ڕاستییەکەی جەنگی بەرانبەری بە گوللە و سەنگەرگرتنی سەربازی کۆڵان بە کۆڵانی تیانەکراوە، بەڵکو جەنگی سیاسەتی وێرانکاری بەعسی تیا ئەنجام دراوە و جێبەجێکراوە. تا ئێرە هیچ گلەییەك لەکەس ناکرێ، سەدامیش دوژمن بوو، دوژمن گلەیی لێ ناکرێ دەستی بڕوات قسورت پێناکات وەکو نەیکرد، بەڵام گەلی برادەرینە: ئەی ئێستا بۆچی کەرکووك هیچی بۆنەکراوە؟ تەنانەت هەولّی پشتگیرکردنی گەڕانەوەی خەڵکەکەیشی دیارنییە، بەرنامەیەك نییە، ڕوونکردنەوەیەك نییە، بە خەڵکی ڕاگوێزراو و دەرکراوە بڵێ: ئەمە ڕێگە و جێگاتانە، یا دەبێت وابکەن و یان وانەکەن. ئۆردوگا زۆرەملێکانی گۆڕستانی کوردەواری لە جیاتی وێران بکرێت و خەڵکی تیا نەمێنێت، تازە بە تازە دەکرێتە قەزاو کۆشکی بۆ دەکرێت!! لێپرسراوێك نییە بچێتە ناویانەوە لەگەڵیاندا قسە بکات و مەسەلەی گەڕانەوە بۆ کەرکووك و ناوچەکانی بۆیان ڕوونبکاتەوە، یا گوێیان لێ بگرێت بزانن ئەو خەڵکە بۆچی لەو ئۆردوگایانە غەزلێوە و ناگەڕێنەوە، شاریش ڕۆژ بە ڕۆژ هەڕەشەی بەردەوامی دوژمنانی گەلەکەمانی لێدەکرێ و لە کوردستانی دا دەماڵێنن، ئەگەر ئازایی و نەبەردی و قارەمانی خەڵکی ناو شارەکە نەبێت لە گەڕەکە کوردییەکاندا، کەرکووك دەکرێ بە ئەنقەرە

و ئەستەنبول، یا بە ناسرییە و عەمارە، کەس ناوێرێ تیایا تێپەڕێت و جل و بەرگی کوردەواریش تلیاك دەبێت تیایا. لێرەوە دەپرسم: ئاخۆ تا ئێستا چ خزمەتگوزارییەك کراوە بۆ ئەم شارە؟ کوا یارمەتی ئەوانەی کە گەڕاونەتەوە و ئێستا لە ناو خێوەت دەژین؟ دوور لە هەموو مەرجێکی تەندروستی، بێ ئاو، بێ کارەبا، یا کورد وتەنی جەمێك هەیەو ئەویتر نییە. ئەوە مەپرسە لە منداڵی بێ قوتابخانە و نەبوونی خوێندنی کوردی و بەڕێوەبەری پەروەردەش بە ئارەزووی خۆی کاردەکات و هەموو قوتابخانەکانی گەڕەکە کوردییەکانی فەرامۆش کردووە، قوتابییە گەڕاوەکان زۆر بە زەحمەت قبوڵ دەکات و دەڵێ مەگەڕێنەوە کەرکووك، کەرکووك نا ئارامە، هەولێر و سلێمانی چاکترە، شت و مەك پێویستی قوتابخانە، بۆ قوتابی و قوتابخانە تورکمانییەکانە، لە پێویستی قوتابخانەکانی بێ دەرگا و پەنجەرەن مەپرسە لەم زستانەدا، کاکی بەڕێوەبەر ژمارەی قوتابخانە تورکمانییەکانی بۆ ئەمریکییەکان دەقاتی زیاتر لە ژمارەی قوتابخانە کوردییەکان نووسیوە، ئاشکراش بوو کە بە فەرمانی بەرەی تورکمانی هاندراوە و لەلایەن تورکیاوە کاردەکات و کەسیش لێی ناپرسێت، کەچی بەڕێوەبەری پەروەردەی خانەقینیش بێگوناح و بێ هەڵە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە گیرابوو! تاوانبارکرابوو گوایە جیاوازی دەکات و بە هەڵە کاردەکات؟! بەڕاستی ڕاستیان وتووە: (بانێکە و دوو هەوا) تۆ بڵێی کەس پێیانی نەوتبێت؟ دەبێ کەسێك لەو شارە نەی چرپاندبێتە بن گوێی ئەمریکییەکان و لەبارەی ئەم بەڕێوەبەرە بەڕێزەوە نەی خوێندبێت؟! هەر زوو زوو دەچنە دەزگا ڕۆشنبیری و حزبیە کوردییەکان بۆ پشکنین و چەك دەگرن وەك ئەوەی کورد دژی ئەمریکا بێت و هاوپەیمانیان نەبێت! ئایە هاوپەیمان چەك دەگرێت؟!١. با بێینەوە لای خەڵکی گەڕاوەی کورد کە ئێستا لە ناو سەربازگەی فەیلەق و دایەرەکانی ئەمن، یا لە ناو یاریگای نێودەوڵەتی شۆڕیجە ژیانی کولە مەرگی دەبەنە سەر و ئەو شوێنە کاولە سوارەشیان پێ ڕەوا نابینن و بە فیتی برایانی هاوشاری هەڕەشەی دەرکردنیان لێدەکەن بەوەی گوایە شوێنی حکومین، کە ئەو شوێنانەش کەس لەوان زیاتر پێیان رازی نابێت. با بێمەوە سەر حزبە کوردستانییە دەسەڵاتدارەکان، وەك پارتی و یەکێتی لەجیاتی



بەرنامەدانان بۆ پاککردنەوەی خۆفرۆش و دوژمنان و پاشماوەی بەعس و قەڵاچۆکردنیان، کە هاتوونەتە ئەم شارە و وێرانیان کردووە و داگیریان کردووە، چەندین کوردکوژی ناودارو و گەورەیان لێبورد، کەلەجیاتی ئەمە دەتوانرا بە ماوەی دوو ڕۆژی یەکەمی ڕزگارکردنی شارەکە شێوازێکی وا بگیرایەتە بەر کە هەندێك شت خۆی چارەسەر دەکرا، بێ ئەوەی چاوەروانی چارەسەرکردنی بین، دەکرا بەو هێزە نیزامییەی کە هەردوو حزب هەیانە کەل و پەل پێویستی خزمەتگوزاری شارەکە بپارێزن و نەهێڵن بدزرێت، نەك هەر کەس بە وێنەیەك و پەڕۆیەکەوە ئەو کارە قێزەوەنەی ئەنجام دا و گسکیان لە شاردا، لەجیاتی دەعوەت و دەعوەتکاری قوتابیان و لاوان و پزیشکان و پارێزەران و.. هتد کە هەزاران هەزار دیناری تێچوو، ئەو پارە بکرایەتە بەرنامەی هاوکاری و یارمەتیدان بۆ خەڵکی گەڕاوەی ناو خێوەت و کەلاوەکان، ئەوجا کێ زیاتری خزمەت دەکرد میللەت خۆی دەکەوتە شوێنی و براوەش بوو لەو مەیدانەدا، ئایا هەتا کەی ناوچەکانی شوان و ساڵەیی و قادرکەرەم، هەروا پەپوو لێی بخوێنی و بەچۆڵی بمێنێتەوە، کە لە ڕاستیدا شوێنێکی تا بڵێی گرنگ و پێویست و بەکەڵکە چ لە ڕووی پشتێنەی ئاسایشی شارەکە و میللەتی کوردەوەش و چ لە ڕووی ئابووری و ئاژەڵداری و کشتوکاڵییەوە. ئایا ناکرێت بەرنامە و پرۆژەیەك بە هاوکاری و تەبایی ئەو دوو حزبە دابنرێت بۆ گەڕانەوەی خەڵکی ناوچەی کەرکووك وەك دانان و کردنەوەی شوێنی خزمەتگوزاری پێویست لە ڕێگا و بان، لە نەخۆشخانە و قوتابخانە، پێش هەموو شتێك پاککردنەوەی ناوچەکە لە مین. ئایا هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندنی کوردی بەرنامەیەکی خستۆتە کار بۆ گەڕانەوەی ناوچە ڕاگوێزراوەکان لە ڕووی هۆشیارکردنەوەی خەڵك و ڕۆڵە تازەپێگەیشتووەکانیان، کە وەچەی پێگەیشتووی ئۆردوگای زۆرەملێن؟ ئایا لێژنەیەکی هاوبەش لەو دوو حزبە و لە حزبە کوردستانییەکانی تر دانراوە بۆ چۆنیەتی گەڕانەوەی کارێکە وەك ئاو و هەوا پێویستە بۆ مەسەلە ڕەواکەمان؟ ئایا تا چەند شار بەبێ دێ نرخی هەیە بەتایبەتی شارێکی وەکو کەرکووك کە وەکو تەونی جاڵجاڵۆکە دوژمن دەوری داوە و کاری بۆ دەکەن کە لە کوردستان

دایبماڵن. ئایا ناکرێت چۆن وەکو بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووك چۆن تورکمان چێتی و جەبهە چێتی دەکات و بە ڕەسمی لە بواری پەروەردەدا جیاوازی دەکات لە ناو شاری کەرکووکدا، پارێزگاری کەرکووکیش نیوەی ئەو بکات بۆ کورد؟!!. ئایا پارێزگار و هەردوو (لق و مەڵبەند) لە کەرکووك بە هاوکاری مامۆستاکان و خەڵك ناتوانن خوێندنی کوردی لە هەموو گەڕەکە کوردییەکان بڕیاربدەن و وا لە خەڵکی بکەن لەگەڵ مامۆستایانی کورد خوێندن یەك لایەنە بکەنە کوردی؟!. ئەی بۆچی تورکمانی لە زۆربەی قوتابخانەکاندا دەخوێندرێ؟. ئایا ناتوانرێ لە هەولێر و سلێمانیەوە کتێبی پێویستی قوتابخانەکان بەتایبەتی کتێبی کوردی بۆ کەرکووك بەرن کە بە چەند قوتابییەك کتێبێك و دووانیان هەیە و بە نۆرە تیایدا دەخوێنن؟!. بۆچی بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووك بڕیاربەدەست بێت و بڕیار دەربکات لێپرسراوانی کورد نەتوانن ئەم کارە بکەن؟!. بۆچی شەقام و کۆڵانە پڕ زەلکاو و گۆماوەکانی شارەکە چاك نەکرێت؟ کە ترومبیل ناتوانێت بەزۆر شوێندا بڕوات؟ بۆچی نوێنەری کورد لە ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتی نەیتوانی وابکا کارگێڕی زانکۆی کەرکووك بکرێتە کوردو مامۆستای کوردی بۆ بگەڕێنێتەوە؟. بۆچی هەردوو حزب ڕێك نەکەوتن کە بە هەردووکیان بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووك کورد بێت و گوێنەدەنە ئەوەی هی کام لابێت؟ لەجیاتی گوێیان بدایە بەوەی یەکێکی کارامە و دڵسۆز و ئیشکەریان دابنایە، نەك دوو کەس دانرابوون هەر لە نیوەی دەوامەوە سلف لێدە و بەرەو هەولێر و سلێمانی دەگەڕانەوە. پەروەردەی شاری کەرکووکی دڵ و قودسی کوردستانیان بۆ خەڵکێك بەجێهێشت کە ئێستا لە بواری پەروەردەدا ئەو باڵادەستە و ئێمە لە ژێر دەستی ئەودابین؟! بە کەیفی خۆیشی تابلۆی قوتابخانەکان دەگۆڕێت و ناوی قوتابخانەی شەهید سیروان دەکاتە قوتابخانەی ئیسکان و چاوی پێهەڵنایەت. با لە کەرکووکدا حزبایەتی لە خزمەتی کوردایەتیدا بێت و هەردوولا ڕێك و پێك بۆ کورد بێفەرق و جیاوازی گیانێك لە دوو جەستەدا کاربکەن بۆ شارەکە و ڕوحی سەرکردە نەمرەکان و شەهیدەکان زیندوو بکەنەوە؟! بۆچی چەندین چالاکی و کۆڕ و سیمینار لە شارەکە دەبەسترێ ئەوەی حزبی نەبێت لە هەردوولا بانگ ناکرێت بۆ بەشداری کردن؟ ئایا



خەڵکی ناحزبی کوردنین و کوردایەتی ناکەن یا کوردایەتیان نەکردووە و دڵسۆزنین؟ یا ڕۆشنبیران و نووسەران و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بۆ ئەم مەبەستە بانگ دەکرێن کەچی هی خەڵکی شارەکەش هیچ و وەکو ئەوەی ئەمان ڕۆشنبیر نەبن! یا ئەوانەی ئەو کارە ئەنجام دەدەن تاکو ئێستا لەسەر ئەقلیەتی ناسین و برادەری پەیوەندی کەسایەتییەوە بانگی خەڵك دەکەن، من بۆ خۆم لە خۆمەوە قسەناکەم و بەڵگەم هەیە لە تەلەفزیۆنەوە هەموو شتێك دەبینم و ئاگام لە شارەکەش هەیە. ئایا ناکرێت ئەو ڕێنمایی و بڕیارەی کە سلفەی خانووکردن و ژنهێنان دەدات بە خەڵك لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ ماوەیەك ڕابگیرێت و بۆ خەڵکی ئاوارە و دەربەدەری کەرکووك بێت و تا بتوانێت بە هۆیەوە بگەڕێنەوە کەرکووك و خانووی پێبکەن و ناوچەکانی پێ ئاوەدان بکەنەوە؟ ئایا ناکرێت بەشێك لە دەزگا و ئامێر و ئامرازی شارەوانی هەولێر و سلێمانی ببرێتە کەرکووك و شەقام و کۆڵان و ئاوەڕۆکانی چاك بکەنەوە و خەڵکی شارەکە لەو مەینەتییە ڕزگاربکەن؟! ئایا ناکرێت ڕاگەیاندنی هەردوو حزب بەتایبەتی تەلەفزیۆنی کوردستان و کوردسات بەرنامەی تایبەتی و بەردەوامیان لەسەر کەرکووك و بوژانەوەی هەبێت؟ کوا ئەو بەرنامانەی کە لە سەر کەرکووك و بەردەوام هونەر و ڕۆشنبیری و ڕۆحی شارستانیانەی کەرکووك ببوژێننەوە؟! لێرەوە جێگای خۆیەتی بڵێم: ئایا کەرکووك هونەر و هونەرمەندانی نییە تا لە چاوی کامێرای کوردساتەوە ببینرێت یا بەس سلێمانی هەیەتی و کەرکووك هیچی نییە؟ بۆ نموونە لە بەرنامەی (ساتێك لە تەمەن) دەهێنمەوە تاکو ئێستا یەك هونەرمەندی کەرکووکی نیشان داوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا کردووە؟! ئەوانیتر هەموو خەڵکی سلێمانین، یا بەرنامەی (مێرگ و چیمەن)ی تەلەفزیۆنی کوردستان سەر لە هەموو شوێنێك دەدات بێجگە لە کەرکووك و بەرنامەکە تاپۆیە بۆ بادینان! تۆ بڵێی کەرکووك شاعیر و نووسەرو ناوداری مردوو و زیندووشی نەبێت تا لە تەلەفزیۆنی کوردستانەوە باسیان بکرێت و ڕۆشنبیرانی شارەکە و هونەرمەندانی باسیان لێوەبکەن وەکو برادەرانی سلێمانی؟!. تۆ بڵێی کەرکووك شەهیدی شۆڕشی نەبێت تا باسیان لێوە بکرێت، من ناڵێم ئەم باسانە نەبوونە،

بەڵام وەکو خۆیی ناو چێشتیش نییە ڕادەکەی لە چاو هی سلێمانییەوە کە دەبینرێن؟. بۆیە دەڵێم کوا باسی شەهید سیروان تاڵەبانی، ئەنوەر حەسەن و دوانزەسوارەکەی قازان، کوا شەهیدانی کۆمیتەی ئاگر وەك شەهیدان ئەسعەد و مەلا محێدین، فاروق، فەهمی و هتد، کوا باسی چالاکی و هەڵمەتی پێشمەرگەی ناوچەی کەرکوك لە ناوچەی قەرەحەسەن و بان مەقان و سەیتەرەکەی ئازادی و، شەڕی نەبیاوە و دووبزنی و تێکشکانی چەندین تانك و زرێپۆش، کوا چالاکیەکانی شێخبزێنی و ناوچەی شوان، کوا باسی شەهید مەلا ئاراسی تەیارەشکێن، کوا باسی مامەڕیشەی قارەمان؟!

کوا باسی تەکیە و خانەقای کەرکووك و کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی؟، کوا باسی شاعیرانی کەرکوك چ مردوو چ زیندوو؟، کوا باسی مێژوویی کەرکوك لە بانگ کردنی ڕۆشنبیرانی خەڵکی شارەکە و ڕوونکردنەوەی لایەنی مێژوویی و جوگرافی؟! تۆ بڵێی خەڵکی کەرکوك و ناوچەکانی هونەرمەند و ڕۆشنبیرو پێشمەرگەی چالاك و شەهیدی ناودار و پیاو و ئافرەتی قارەمانی وەك بنەماڵەی ئازاد هەورامی نەبێت؟ کە خوشکەکانی بە دەست ئازاری بەندیخانەی بەعسەوە مردن کەچی کەس باسیان لێوە ناکات!. لە کوردسات دەپرسم تۆ بڵێی قسەکانم وانەبێت؟ کەلەسەدا نەوەتی بەرنامەکانی بۆ خەڵکی خۆیانن و شارەکانی تریش هیچ!. وەکو ئەوەی کەرکووك یا ناوچە و شارەکانی تریش هیچیان نەکردبێت و بەردێکیان لە کاروانی خە باتدا نەنابێتە سەر بەردێکی تر! ئەمە جگە لەوەی چەند کاتژمێرێك لە هەردوو تەلەفزیۆنی کورسات و کوردستانەوە بۆ بەرنامەی بیً کەڵکی عەرەبی تەرخان کراوە، حەز دەکەم ئەوە بڵێم من بەهیچ شێوەیەك مەبەستم لەو شارە خۆشەویستەی سلێمانی نییە، بەڵکو لە کارمەندان و لێپرسراوانی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندنە، من بۆ خۆم شاری سلێمانی بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و خەبات و ئازایەتی و پارێزەری کەلەپور و کەلتوری کوردی دادەنێم. ئەوەی ڕەسەنایەتی کوردی پاراستبێت و



بەرزی ڕاگرتبێت شاری سلێمانی و دەوروبەرێتی. چالاکی زۆری هەیە لەم ڕووەوە، بەڵام ئەوانی تریش کەمیان نەکردووە و شاری کەرکووکیش لە بارودۆخی ئێستادا دەبێت بەشی شێری بەرکەوێت لە خزمەتکردن و بوژاندنەوەیدا چونکە وێرانکراوی دەستی دوژمنە و زۆریش چاویان لێداپچڕیوە و دەیانەوێت لە کورد و کوردستانی بخەن و ڕوومای کوردانە و کوردەواری نەهێڵن، بۆیە بەهیچ شێوەیەك نابێت دەسبەرداری ئەم شارە بین. چونکە لەسەر شۆڕش و خەباتی کوردایەتی و کورد زۆر کەوتووە و قوربانی زۆری بۆ داوە و بەردەوامی شۆڕشی کورد بەهۆی کەرکووکەوەیە. کەواتە دەبێ نکۆڵی لە خزمەت و باسکردن و بوژاندنەوەی گیانی کوردانەی کەرکوك لە هەموو ڕوویەکەوە نەکرێ، چونکە مەسەلەی کات و ساتی خەبات و بارودۆخی یەکلایی کەرەوەی چارەنووسی گەلی کوردە لەم بەشەی کوردستاندا. دواشت پرسیاردەکەم و وەڵامەکەی بۆ خەڵك بەجێدەهێڵم و دەڵێم: ئایا ئاوەدانکردنەوەی دێی (بەشیر) گرنگترە یا دێی چیمەن و دارەمان و حەسار؟!..

## با خەڵکی کەرکووک: شوان، ساڵەیی، قادر کەرەم، قەرەحەسەن

## بگەڕێنەوە بۆ هەواری باو باپیران*

- گەڕاندنەوە و ئاوەدانکردنەوە بۆ پارێزگای کەرکووك وەکو: ئاو، هەوا هەناسە پێویستە بۆ خەڵکی ناوچەکە و بۆ کورد لەسەر ئاستی نەتەوە؟
- گەڕانەوەی دێهات پشتێنەی ئاسایشی نەتەوەیی کەرکووکە.
- خەڵکینە دەستم دامێنتان، قوربانتان ئەبین با بگەڕێینەوە بۆ هەواری خاڵی.
- کەس و کاری شەهیدان: شەهیدان، گۆڕستانەکان لە دەروازەی شار و لادێ چاوەڕوانی گەڕانەوەتانن، پێشوازیتان لێدەکەن.
- با مەزار و کێڵگە و باخ و باخات و کانیاوەکان ببوژێنینەوە.
- ئەگەڕێمەوە بۆ هەوارەکەم، بۆ جێگای باو باپیران، بۆ زێدی ماڵە باوان.
- خەڵکینە با تۆزێك گوێ نەدەین بە بەرژەوەندی کاتی.
- دەسا حزبە کوردستانییەکان ئێوەش پشتگیریان بکەن.
- ئەی دەزگای ڕاگەیاندنی نەتەوەیی: لە تەلەفزیۆن، لە ڕادیۆ، لە ڕۆژنامە، کوا دەنگی بەردەوام و بەرنامەتان، کوا کۆڕو سیمینارتان بۆ گەڕانەوە؟!
- ئەی لێپرسراوانی حزبەکان چەند جار چوونە ناو ئۆردوگاکان بۆ هاندانی گەڕانەوە؟
- ئەی مامۆستایان کوا دەنگی زوڵاڵتان لەناو پۆلەکان بۆ هاندانی خەڵکی؟
- دەبا هەموو پێکەوە، یەك دەنگ، یەك ڕەنگ بین و کاربکەین، بە نینۆك، بە دەست و پەنجە وڵاتی وێرانکراو ئاوەدان بکەینەوە.
- با بستێکی خاکی پاکی کوردستانی ئازیزو دایك لە دەست نەدەین و فیداکاری بین.

* لە رۆژنامەی "رێگای کوردستان"ی ژمارە (٥٦٠) لە (٢٠٠٣/٨/٢٠) بلاوکراوەتەوە.



لێرەوە دێمە سەر ئەم باسە، کە لە ڕاستیدا مەسەلەیەکی بزێو و بابەتی سات و کاتی کوردە، مرۆڤ تا دەمرێت چاوی لەو شوێنەیە، کە کە تیایدا لە دایك بووە، قۆناغی منداڵی بەسەربردووە، خۆشی مەفتەن ئەوەندە بەرز و پیرۆزە، ڕادەی بۆ نییە، مەگەر لای ئەوانە نەبێ، تەنها گوێیان داوە بە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، مرۆڤ و میللەت و نیشتمان وەکو ماسی ئاو وان و بێ یەکتر هەڵناکەن، شەمع و پەروانەن، لە دووری و لە نزیکیدا بۆ یەکتر و لە پێناو یەکتردا دەسووتێن، وەکو تیشکی خۆر و دار و دەوەن و ڕووەك، وەکو کۆرپە و دایك، وەکو دڵدار و دولبەر بێ یەکتر ناژین. بۆیە گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەی دێهاتی کەرکووك زۆر پێویستە، دواخستنی دۆڕاندنی مەسەلەی لە مێژینەی کوردبوونی کەرکووکە، کە چەندەها ساڵە شۆڕشی بەردەوامی میللەتەکەمان بووە، بەهۆی کەرکووکەوە چەندین گفتوگۆ و ڕێکەوتن لەو نێوانەدا هەرەسی هێناوە، بەردەوامی شۆڕشی ئەم بەشەی وڵاتەکەمان، بەزۆری لەسەر کەرکووك بووە، کەواتە ئەنفالکردنی خەڵك، کیمیاباران، ڕاگوێزان، وێرانکردنی دێهاتەکان لەناو ئەو بۆتەوە سەری هەڵداوە، چونکە کەرکووك شوێنێکی بزێو و گرنگ و ستراتیژیە چ لە ڕووی ئابووریەوە، چ لە ڕووی سنووری جوگرافی هەرێمەکەوە، بەوەی کە کەرکووك کەوتۆتە ناو جەرگەی کوردستانەوە، سنوورەکەی لە ڕیزە چیا و گردۆلکاوی حەمرینەوە لەلای باشووری کوردستانەوە کۆتایی پێدێت و تا بەشی ڕۆژهەڵاتی ئاوی کەنداو کوردستانە، کەرکووك بەشێکی هەرێمەکەیە نەك هەرێمەکە سەر بە کەرکووك بێ.

### ناوچەیەك ئەوەندە گرنگ بێت، چۆن دەکرێ و چۆن دەبێت وازی لێبی بهێنرێ؟

چۆن دەکرێ کەرکووك ئاوا خامۆش بێت، لە ڕووی کوردەوارییەوە چۆن دەشێت دێهاتی دەشتی کاکی بە کاکی کەرکووك چۆڵ و وێران کرابێت؟ و ئێمەش کە لە دوورەوە جاران سەیرمان دەکرد و دەسەڵاتی گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەمان نەبوو،

ئەی خۆ ئێستا مەسەلەی گەڕانەوە و ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکان بە دەستی خۆمانە و کەوتۆتە ئارەزووی خۆمانەوە، باشە ئیتر چۆن ڕەوایە، ئەو ناوچەیە بە پیت و فەڕەی زەوی و زاری پارێزگای کەرکووك، ئاوا بە چۆڵی و وێرانەیی بمێنێتەوە و کەسیش دەنگی لێوەنایەت.

خەڵك چاوی داپچڕیوە لە دەرگای ماڵەکەی بدەن و پێی بڵێین فەرموو بڕۆنەوە، ئەوە پارە و یارمەتی ئەدرێن، ئەوە دەرگا و پەنجەرە و شیش و دار، شتی وانییە و نابێت و ناکرێت، کاتێك ئەکرێت و لەبار دەبێت خەڵکی یارمەتی بدرێت، کە بگەڕێتەوە سەر شوێنەکەی خۆی و سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، بەتایبەتی سەرنجی ڕێکخراوە خزمەتگوزارییەکان چونکە ئەوان یارمەتی خەڵکێك ئەدەن شوێنەکەی و جۆری ژیان و حاڵ و ماڵی پێویستی بە یارمەتیدان هەبێت بە چاوی خۆیان ببینن وەکو: خۆشکردنی ڕێگاو بان، پڕۆژەی ئاو، قوتابخانە، نەخۆشخانە، کارەبا یا هەر شتێکی تری پێویست بۆ ئاوەدانکردنەوە.

ڕاستە بۆ خەڵکی زەحمەتە بێ ئەم پێویستیانە بژین، مافی خەڵکیشە داوای ئەم پێویستیانە بکات، بەڵام لە کوێ داوای بکات و چۆن داوای بکات؟ لە شوێنێك و لە سەر زەوییەك داوای بکات، کە پێویستی بەو یارمەتیانە هەبێت، خەڵکی لێپرسراو بەو مەسەلانە ملکەچ بکات، بۆ جێبەجێکردنی ئەو کار و خزمەتگوزارییانە وایان لێبکەن خۆیان بێن لە نزیکەوە خەڵکی دێهات و ببینن و بچن یارمەتیان بدەن.

ڕاستە لەسەرەتاوە زەحمەتە و کاری ئاوەدانکردنەوە هەر وا ئاسان نییە، بەڵام بە ماوەیەکی کەم ئەگەر خەڵکی جەخت بکات لەسەر گەڕانەوە، دەتوانرێ خۆیان بۆ ماوەیەکی کەم بەرنەڕێوە و وەرزێکیانیش زەحمەت دەبێ، تا بەرووبوومیان پێدەگات، ئەو کاتە وردە وردە بەرەو باشی دەچن.



**ئەمەش لەسەرەتاوە بەوە دەبێت کە:**

سەرچاوەی کانی و ئاوەکان بدۆزرێتەوە و پاك بکرێتەوە و ڕێگا وبانەکانیش بە هاوکاری و بە تەبایی نێوان خەڵکی لادێکان تا ڕادەی پێویست خۆشبکرێت تا ئۆتۆمبیل بتوانێت هاتوچۆ بکات، ئەوسا دەبێت کۆمەڵە و ڕێکخراوە خزمەتگوزارییەکان بچن بۆ یارمەتیدان و بەهیچ شێوەیەکیش ناکرێت نکۆڵیان لێ بکرێت و یارمەتییان نەدرێت، بەڵام بە پلەی یەکەم گەڕانەوە کەوتۆتە سەر خەڵکەکە، خۆی و خۆیان بەرپرسیارن لەم مەسەلە نەتەوەیی و مێژووییە، نەگەڕانەوە واتە لەدەستدانی کەرکووك و ناوچەکانی، لەناوچوون و لاوازبوونی ئابووری و مەسەلە ستراتیژییەکەی کوردە، کە ساڵانێکی دوور و درێژە خەباتی بۆ دەکات، ئیتر چۆن دەبێ مەسەلەی گەڕانەوە دوا بخرێت و سستی لێبکرێت و خوێنی شەهیدانیش بە فیڕۆبچێت.

لێرەوەش بۆ ئەم مەسەلە گرنگە پێویستە ڕوو بکەینە حزبە کوردستانییەکانیش، کە بە پێی پێویست و توانایان یارمەتی خەڵك بدەن بۆ گەڕانەوە، پێشەکی ڕاگەیاندنی حزبەکان بەردەوام هانی خەڵکی بدەن بۆ ئەم مەسەلەیە، لە بەرنامەی جیاجیا بە نواندن و شانۆگەری، بە کۆڕ و چاوپێکەوتن و دیدار، ڕێنمایی کردنی خەڵك بۆ گەڕانەوە.. هتد. دەکرێت و دەتوانرێت بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و ڕێگاو بانی هەولێر سلێمانیش یارمەتیدەر بێ و یارمەتی پێویست و بەپەلە پێشکەش بکەن وەکو: بە شێوەیەکی کاتی و بە شۆفەڵ ڕێگای دێهاتەکان بکرێتەوە، تا ڕێگای هاتووچۆ بکەن و خۆیانش هاوکاربن، بەبێ ڕێگا ناکرێت خەڵکی هان بدرێت بۆ گەڕانەوە، پاشان بەشێوەی کاتیش بێت دیسان دەتوانن سەرچاوەی ئاو و کانیاوەکانیان بە ئامێری پێویست بۆ بکەنەوە.

دەتوانرێ چادر و خێوەت بدەن بە خەڵکی دێهات، لە چەند دێیەکی کەم و نزیك بە یەکتر دەتوانرێت خێوەتێکیش تەرخان بکرێت بۆ پێویستی تەندروستی و داوە و دەرمان یەك دو برین پێچ و فەرمانبەری پێویستی لێ دابنرێت، ئەمەش تا

ڕادەیەك ئاسانە، چونكە هی واهەیە لە خەڵكی دێهات خۆی كارمەندی تەندروستییە وەك پزیشكی یاریدەدەر یا برین پێچ.

پێویستە حزبەكانی كوردستان جەخت بكەنە سەر ڕێكخراوە خزمەتگوزارییەكانی وەك NGO كە چەندین ڕێكخراوی جیاجیای هەیە تا بە ڕاستی ئەو كارانە ئەنجام بدەن و ژمارەیان لە كوردستاندا زۆرە، ئەگەریش كار ناكەن مانەوەیان پێویست نییە و با كوردستان جێبهێڵن، ئەوەی من بزانم چەندین ڕێكخراوی NGO لە كەركووك هەن و بۆ ئەم مەبەستە چەندین كۆبوونەوە و سەردانیان كردووە، بەڵام هیچ كارێكیان نەكردووە، بۆیە پێویستە وایان لێبكرێت كار بكەن بەتایبەتی لە دێهاتەكان چونكە شاریش بەبێ دێهات نابێ و ئەوساش پشتێنەی ئاسایشی كەركووك بەهێز دەبێ.

پێویستە خەڵكی فەرمانبەر و كارگوزاریش لە كەركووك دابمەزرێن یا لە شوێنەكانی ترەوە بگوازرێتەوە بۆ ئەوێ، شتێكی زۆر سەیر لە كارگێڕی كاركردن (دارة العمل فی كركوك)، وەكو بۆ دامەزراندنی خەڵكی وەكو فەرمانبەر دانراوە كە ئەوەی دادەمەزرێت پێویستە ئێستا خەڵكی ناو كەركووك بێت و كۆبوونی خواردەمەنیەكەی كەركووك بێت، لەمەشدا دیسان كوردی داماو و دەركراو زیان بەخش دەبێ، بەڵام سەیر لەوەدایە لێپرسراوی كورد، بەتایبەتی لە كەركووك چۆن ئەمە قبوڵ دەكەن و چۆنیش ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نین، ئەوەشی ئەم مەرجەی داناوە دوژمنی كوردە و پێویستە بە توندی ڕەتبكرێتەوە و ڕاستیان وتووە: (دەربەدەری وڵاتێكم دوژمن بەسەری زاڵە من بوومەتە بێگانە بێگانەش خاوەن ماڵە)، بۆیە هەرچی زووترە با خەڵك بگەڕێتەوە و هەموو پێكەوە بچینە چاڵی چاوی دوژمنانەوە، ئەگەر لە ڕۆژی سەرەتای ڕزگاركردنی كەركووكدا قەڵاچۆی بەعس و كلكەكانی بكرنایە، ئاوا دەمیان درێژ و ڕەپ نابوو، كورد كوژیش دەستی پێناكرد.



لیژنەیەكی تایبەت وەكو ئەنجومەنی دێهات لە شاری كەركووكدا بۆ سەرپەرشتی كردنی گەڕانەوە و دابینكردن و ڕاییكردنی كار و پێویستییەكان دابنرێت یا لە دێهاتەكاندا بۆ ئەوەی لەسەر زەوی و زار و شوێنی خانوو گیروگرفت ڕوو نەدات و زەوی خەڵك داگیرنەكرێت كە موڵكی حەق وز ڕەوای باوباپیرانیانە، ئەنجومەنەكەش وا چاكە لە هەر تایەفەیەك یەكێك دابنرێت لە سێ كەسەوە تا پێنج كەس بێت و خەڵكی چاك و هۆشیار و خوێندەوار و ئیشكەربن و لەسەر ئاستی هەر ناوچەیەكیش ئەنجومەنێكی باڵا پێویستە و ئەوان بە ناوی خەڵكەكەوە داوای خزمەتگوزاری و مەسەلەی فریاكەوتن بكەن.

مامۆستایانی خەڵكی دێهات و ناوچەكەی بۆ دێهات و ناوچەكانی خۆیان بگوازرێنەوە و هی تازەش لە دەرچووان دامەزرێن.

لە مەڵبەندی ناحیەكاندا وەك ڕێدار، قادر كەرەم، پێویستە زۆر بەپەلە شوێنی شارۆچكەكە پاك بكرێتەوە، مەڵبەندی پۆلیس، نەخۆشخانە، كارەبا، قوتابخانە، بیری ئیرتوازی، هەبن.. و ساز و ئامادە بكرێن، چونكە كە مەڵبەندی ناوچە ئاوەدان كرایەوە، خەڵكی دێهاتیش خۆی ڕاناگرێت لە ئۆردوگای زۆرەملێ.

دەسا ئەی خەڵكی دەربەدەر و خۆراگر و هەناسە ساردی پارێزگای كەركووك لە شوان، ساڵەیی، قادر كەرەم، بگەڕێنەوە سەر زێدی باوباپیرانتان، هەلێكە و هاتووە با لە دەست نەدرێ، ئەوەی ئاینده و مێژووش لە پاشاندا سەر زەنشتمان دەكەن، دەبا ئۆردوگای زۆرەملێتی گۆڕی كورد جێبهێڵین، ئۆردوگا، گۆڕێكی بە كۆمەڵ بوو لە لایەن دوژمنانی نەتەوەكەمانەوە بۆ گۆڕكردنی نەتەوە و داب و نەریتی كوردەواری دامەزرابوو، با وێرانی بكەین.

ئۆردوگای زۆرەملێ هەستی كوردایەتی نەهێشت بۆیە پێویستە ڕێگا بدرێت خەڵكەكە سوود لە خانووی ئۆردوگاكان وەربگرێت بۆ گواستنەوەی كەرەسەكانی تا لە شوێنی خۆیان خانووی پێ بكەنەوە.

## بەرنامەی بووژاندنەوەی رووماى كوردانەی شاری كەركووك*

لە پێناوی ئەوەی بتوانین رووماى (ملامح) كوردەواری شاری كەركووكی وێران كراو بەدەستی عەقلیەتی شوڤینی بەعسی بۆ لەناوبردنی كوردی بەشێكی كوردستان كە لە كەركووكەوە دەستیان پێكردبوو ئەم بەرنامەیە دەخەینە پێش چاو بەهیوای ئەوەی ببێتە بەرنامەی بوژاندنەوەی رووماى كەركووكی كوردان، بەرنامەكەش بریتییە لەم خاڵانەی خوارەوە:

١- پەلەكردن لە گەڕانەوەی خەڵكی پارێزگای كەركووك بە شار و شارۆچكە و دێهاتیەوە بۆ شوێنی خۆیان و یارمەتی بدرێن بەپێی پێویست.

٢- هەرچی هەڵسوكەوتێكمان هەیە بۆ زیندووكردنەوەی شارەكە پێویستە بەرنامەی دژە تەعریب بخەینەكار و پێچەوانەی كار و كەلتووری بەعس رەفتار بكەین و كەلتووری رەگەزپەرستانەیان لەناوبەرین.

٣- پێویستە بۆ جێبەجێ كردنی خاڵی دووەم لەسەرەوە شۆڕشێكی رۆشنبیری لەناو كوردی شارەكە بەرپا بكەین بە:

أ) كۆرگێڕانی رۆشنبیری لە بواری جیاجیای: ئەدەب، زمان، مێژوو، جوگرافیا، كەلەپوور.

ب) هەوڵ بدرێت كتێبێك لەسەر كەركووك دەربكرێت هەموو لایەنی ژیانی كوردەواری شارەكە وەكو كورد بخرێتە روو كە ببێتە كتێبێكی ئەرشیفی.

ج) گۆری شاعیران و هونەرمەندانی شار تازە بكرێتەوە.

د) گەر بكرێت شوێنێك بۆ هونەر تەرخان بكرێت و هۆڵی مەقامات و وتن لە رۆژانی بۆنە و هەینییەكان لە تەكیەی تاڵەبانی یان لە هەر شوێنێكی گونجاو دابنرێت و تیپی مۆسیقا و شانۆ دابنرێت و شوێنی فێركردنی مۆسیقا بۆ منداڵان و لاوان هەبێت.

* لە گۆڤاری "كەركوك"، ژ(٢٦)، ٢٠٠٥، ل١٦٧-١٧٤، بڵاوكراوەتەوە.



هـ) بایەخدان بە پێشخستن و رێكخستنی كۆڕنیشی ئەم بەر و ئەوبەڕی خاسە بۆ بووك گواستنەوە و رۆژانی جەژن و شادی و ئاهەنگ.

و) لەناوبردنی دروشمی بەعسیزم لە شارەكەدا گۆڕینی هەموو ناوی عەرەبی شوێنەكان و نووسینی تابلۆكان بە كوردی لە بازاڕ و دوكان و شەقامەكاندا.

ز) بایەخدانێكی چاك بە كۆمەڵە و رێكخراو و سەنتەرە رۆشنبیری و وەرزشییەكان.

ح) رێكخستنی تیپی وەرزشی شار و گەڕەكەكان و پشتگیری كردنیان و دانانی دروشمی ئاڵای كوردستان لەسەر جلەكانیان و بانگ كردنی تیپەكانی تری شارەكانی كوردستان.

خ) تەرخانكردنی شوێنێك وەكو (منتدى) رۆشنبیری بۆ كۆبوونەوەی خەڵك و لاوان.

٤- پەلەكردن و هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی عەرەبی دە هەزاری بۆ شوێنی خۆیان.

٥- ئاوەدانكردنەوەی شوێنی ناحیە و قەزاكانی وەك: شوان، قادر كەرەم،... و شوانیش بكرێتە قەزا و دوو ناحیەی تری لێ دابمەزرێت چونكە ناوچەیەكی گەورە و فراوانی گرتۆتە خۆی و لەپێشدا ئەم بیرە هەبوو، بەڵام بارودۆخ نەیهێشت.

٦- بووژاندنەوەی كتێبخانەی شاری كەركووك بەهێنانی كتێبی جۆراوجۆری: مێژوو، جوگرافیا، ئەدەب و زمان، رامیاری و كۆمەڵایەتی، هێنان و دانانی رۆژنامە كوردییەكان و ئەرشیفیان هەبێت و پێویستە هەر رۆژنامەیەك نموونەی ژمارەكانی لێ دابنرێت، هەوڵی بەخشینی كتێب لەلایەن خەڵكی رۆشنبیر و شار و شارەكانی ترەوە بۆ كتێبخانەی گشتی بدرێت یا بە كۆكردنەوەی یارمەتی لەلایەن دەست رۆیان و سەنتەر و رێكخراو و كۆمەڵە كوردییەكانی دەرەوەی وڵات بە تایبەتی ئەوانەی كەركووك.

٧- دانانی ئەنجوومەنی گەڕەکان لە ڕۆشنبیران و کوردی ئازا و چالاك و پاشان ئەنجوومەنی باڵای شاریان لێوە هەڵبژێرێت یا دابنرێت بۆ چارەسەری گیروگرفت و کار ڕاپەراندن و خزمەتگوزاری و ئەلقەی پەیوەندی پێك بێنن لەنێوان کارگێرییەکان و خەڵکدا.

٨- بایەخدان و بوژاندنەوەی تەلەفزیۆنی کەرکووك هەرچی زووترە و بەرنامەی جۆراوجۆری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی هەبێت.

٩- پەلەکردن لە چاککردنەوەی شار و ڕێکخستنەوەی شەقام و بازاڕ و کۆڵان و زێرابەکانی چ لەلایەن ڕێکخراوە خێرخواز و نێودەوڵەتی و چ لەلایەن هاوکاری خەڵك خۆیەوە بە کۆکردنەوەی بودجەیەك بەپێی توانا بۆ ئەم مەبەستە.

١٠- یادکردنەوەی بۆنە کوردییەکان لە بواری: نەتەوایەتی، شۆڕش و خەبات، کۆمەڵایەتی، جەژنی نەورۆز و ڕۆژی پێشمەرگە و شۆڕشی وەك ١١ی ئەیلول، ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ یادی ڕاپەڕین، کۆڕەو، ڕزگارکردنی شار، ڕۆژانی ماتەمی خەڵکی شار وەك ٢٩ی حوزەیران، ١٩٨٥/٨/١٥ ڕۆژی پشکنینی شار لەلایەن بەعسەوە.

١١- هەوڵدانێکی پەلە و خێرا بۆ بووژاندنەوەی باخچە گشتییەکانی شار وەك باخچەی قەڵا، یادگار و زێویە، ئیسکان، باخچەی تەپە (ام الربیعین).

١٢- خوێندنی کوردی و دانانی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی لە قۆناغە جیاجیاکانی خوێندن و بایەخدان بە جوگرافیا و مێژووی کورد و کۆمەڵی کورد.

١٣- پرس و ڕاوەرگرتنی ڕۆشنبیران و پیاوماقوڵان و کەسایەتی شار لە مەسەلە گرنگ و بزێوەکاندا.

١٤- کردنەوەی دام و دەزگا حکوومی و ڕۆشنبیری و خزمەتگوزاری لە گەڕەکە کوردییەکانی شار، چونکە حکوومەت بە پێچەوانەوە هیچ دەزگایەکی لێ



نەهێشتبوو، یا دانەدەنا، تا پێش نەکەوێت و پەشیمانیش بوو لە دانانی نەخۆشخانەی ئازادی (سەدامی گۆڕ بەگۆڕ)، کە ئەم کارەی بووبووە هۆی کوشتن و دواکەوتنی گەڕەکە کوردییەکان.

١٥- هەوڵ بدرێت خەڵکی کورد لە گەڕەکەکانی تری شارەکە بڵاوبینەوە و زۆر بکرێن تا ڕوومای کوردانەی وەربگرن.

١٦- دانانی ڕاوێژکاری بواری جیاجیای سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا لە مەڵبەندی (٢)ی کەرکووك و لقی (٣) بۆ لێپرسراوی مەڵبەند و لق، بۆ پارێزگاری کەرکووك لە خەڵکی کارامە.

١٧- پەرەپێدان بایەخدان بە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی شار و پێش خستنیان.

١٨- سازدان و بایەخدان و بووژاندنەوەی شوێنە گەشت و گوزارییەکانی پارێزگاکە، وەك: قەرە هەنجیر، ئۆمەرمەندان و شیوەسوور، سازدانی شوێنێك لە خالۆبازیانی بۆ هەمان مەبەست.

١٩- هەوڵبدرێت تەلەفزیۆنی کوردستان و کوردسات، بەرنامەی تایبەتی هەبێ لەسەر کەرکووك.

٢٠- دانانی لیژنەیەك لە ئۆردوگا زۆرەملییەکانی هەولێر و بازیان و چەمچەماڵ بۆ گەڕانەوەی ئاوارە و دەربەدەر و ڕاگوێزراو.

٢١- دەرکەوتن و دەرخستنی ڕۆشنبیران و لێپرسراوانی شارەکە، لە مەڵبەند و لق لە تەلەفزیۆنی کوردسات و کەناڵی کوردستان لە بۆنە و کاتی پێویست وەکو شارەکانی تر.

٢٢- دەرکردنی ئەلبومێك بۆ شەهیدانی پارێزگاکە بەم زانیارییانە (ناوی سێینە و نازناوی، شوێن و مێژووی لەدایك بوون، تەمەن، شوێنی شەهیدبوون و ناوی شەڕەکەی کە لێی شەهید کراوە).

٢٣- ڕێکخستنی بەرنامەی تایبەتی لەسەر شەهیدانی شار و پارێزگاکە لەسەر ژیان و خوێندن کاری خەباتی نهێنی و چەکداری و چۆنیەتی شەهیدبوونی بێ جیاوازی حیزبایەتی و ئەم لایەن و ئەولایەن.

٢٤- کردنەوەی وێنەگری تایبەتی بۆ وێنەگرتن و کۆکردنەوەی وێنە کۆنەکانی شارەکە رووەمای (ملامح) کوردانەی شارەکەیە، گرتنی بۆنەکان بە فلیمی ڤیدیۆیی یا بە کامیرا.

٢٥- دانان و سازدانی پەیکەری شاعیرانی شارەکە وەك: ئەسیری لەسەر پردی خەبات (پردی یەکەم)، شێخ رەزا لە فلکەی بەردەم کلێسەی ئیسکان، مەلا فەتاحی جەباری لە شۆریجە، شێخ مارف، پەیکەری عەلی مەردان لەبەرتەکیە یا لە ئازادی لە چوارباخ.

٢٦- سازدانی پەیکەرێکی گەورە و شایستە، بەهەر جۆرێك بۆ بەرجەستەکردنی ئەنفال، لە شوێنێکی گشتی شار، ئەگەر بکرێت لە شۆرێجە ببێت بۆ ئەنفالی گەرمیان.

٢٧- هێنانی ئاو بۆ خاسە لە زێی زابی بچووکەوە، لە ناوچەی ساڵەییەوە بۆ بووژاندنەوەی ناوچەکە، لە رووی کشتوکاڵیەوە.

٢٨- پێویستە لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی پارێزگا و شارەکەدا، نوێنەری هەموو ناوچە و هێزە کوردییەکان هەبن وەك: شوان، ساڵەیی، جەباری و شێخان، بەرزنجییەکان، رۆژبەیانی، گل، هەمەوەند،...هتد.

٢٩- دامەزراندنی مامۆستای کورد لە شاردا و گواستنەوە و هێنانەوەی مامۆستایانی کوردی دەکراو و راگوێزراو یا هەموو ئەوانەی لە شارەکانی تری کوردستانن بۆ کەرکوك و ناوچەکانی، هەروەها فەرمانبەرانیش.

٣٠- هەوڵدان بۆ بە کوردی کردنی زانکۆی کەرکوك و پێش خستنی و کردنەوەی بەش و کۆلێژی نوێ وەك: ئاداب، کشتوکاڵ لە قەرەهەنجیر یا لە خالۆبازیانی، بەشی کوردی، بەشی مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، هەروەها



سوود وەرگرتن و هێنانەوەی مامۆستایانی زانکۆی خەڵکی شار لە زانکۆکانی تر.

٣١- دانانی مۆزەخانەی شارستانیەتی کوردی کەرکوك، مۆزەخانەی کەلەپووری فۆلکلۆری کوردی ناوچەکە و کورد، لە گەڕەکە کوردییەکان بن، لە پێناوی پاراستن و ئاگادارییان.

٣٢- کردنەوەی شوێنێك بۆ هەتیوان بێ کەس و کار و پەککەوتووە کوردەکانی شار.

٣٣- زیندووکردنەوەی کەسایەتییە ناودارەکانی کەرکوك لە کتێبێکدا بەناونیشانی (ناودارەکانی کەرکوك) بۆ نموونە وەك: حمە علی بەسیە، حمە گەوهەر، فەتاح ئاغای کاکەیی، سەید ئەحمەدی خانەقا، کوێخا نەرگز شوانی، مەلا عومەر گومەتی، مامۆستا عبدالرحمن حاجی رەزا، مامۆستا ئیحسان عبدالحمید لە بواری جیاجیادا.

٣٤- دانانی وێنەی شێتەکانی شار لە مۆزەخانە یا لە گازینۆیەکی گشتی وەك مستەفا شێتی کێلانەکە، مەولودە درێژ،...هتد.

٣٥- دانانی بەرنامەیەکی چڕوپڕ، لەلایەن شارەوانی کەرکووکەوە، بۆ پەرەپێدان و بووژاندنەوەی شارەکە، بەتایبەتی گەڕەکە کوردییەکان، کە کاول کراوە بەدەست بەعسەوە، بەشێوەیەك سوود وەربگیرێت لە بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و عیراق، هەروەك شارەوانی سلێمانی لە ئێستاوە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە.

٣٦- بایەخدانێکی تەواو بە قوتابیانی سەرەتایی، لەڕووی پەروەردەی نیشتیمانی نەتەوەیی و کوردایەتییەوە و دانانی مامۆستای شارەزا و زیرەك لە مێژووی کورد، بۆ ئەم مەبەستە، بایەخدان بە سروودی ئەی رەقیب و نەورۆز بە گشتی لە بۆنە تایبەتییەکاندا، بایەخدان بە بڵاوکراوەی دیوار.

٣٧- ڕێزگرتن لە کەسانی خزمەتگوزاری شارەکە، لە مامۆستا، هونەرمەند و وەرزش کاران، فەرمانبەرە لێهاتووەکان، دیسان لە بواری جیاجیادا، بە خەڵاتکردنیان بەشێوەیەکی ڕەمزیش بێت هەر چاکە.

٣٨- دانانی سندوقێك، بۆ کاروحاڵەتی پێویست و یارمەتی دانی و لیژنەیەکی تایبەت سەرپەرشتی بکات. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پەیوەندی بکرێت بە دەوڵەمەندە کوردەکانی شار و سەنتەر و ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکانی دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی ئەوانەی لە پێناوی کەرکووك دامەزراون و لە بەرنامەشیاندا هەیە.

٣٩- هەوڵ بدرێت بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووك و کۆمپانیای نەوت و زانکۆ کورد بن بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕەچاوی خاڵی ژمارە (٢٩-٣٠) ئەم بەرنامەیە بکرێت.

٤٠- پێویستە بەگژ هەموو کار و کردەوەیەکی ناڕەوا بچینەوە لەم شارەدا کە دژ بە نەتەوەکەمان بێت یا بییەوێت ئابرووی نەتەوە و میللەتەکەمان و کەلەپووری کوردەواری بێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەردەم بە ئاگا و هووشیار و پاڵپشتی یەکتری بین کورد و کوردایەتی دروشمان بێت و حیزبایەتیش لە خزمەتی کورد و شارەکەدا بێت.

٤١- قەڵا بکرێتە شوێنێکی جوان و ڕازاوە بۆ گەشت و گوزار و حەسانەوە دەورە درا بێت بە دارستان.

**هەولێر کوردستان**

٢٠٠٣/٨/٣

## ١٩٨٥/١٠/١٥ ڕۆژی ڕەشی شاری کەرکووک*

هەندێك ڕۆژ و مانگ و ساڵ لە مێژووی میللەتاندا هەن، کە ڕۆژی نائاسایین و لە یاد و بیرەوەری ڕۆڵەکانیدا لەبیرناچنەوە و ئەم یاد و ڕووداوانە چ خۆش و چ ناخۆش بن تۆمار دەکرێن و دەبنە مێژوو، لەلایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەوەکەوە هەمیشە یاد دەکرێتەوە، دەبێتە بەشێك لە کەلەپووری تێکۆشانیان و نەوە نەوە بەپێی چۆنیەتی ڕووداوەکە شانازی پێوە دەکرێ یا دەبێتە لاپەڕەیەکی پڕ خەم و پەژارە و ماتەم. میللەتی کوردیش خاوەن ڕۆژگارێکی یەکجار زۆری تاڵ و شیرینە، بەڵام تامی شیرینی کەم چێشتووە و تاڵیش هەندە زۆرە بۆتە باری خەم و پەژارە و مێژووی میللەتەکەمان لە کۆڵی ناوە.

یەکێك لەو ڕۆژانەی کە لەبیری شاری کەرکووکی کورد و کوردستان ناچێتەوە، ڕۆژی ١٥/١٠/١٩٨٥ە، کە ڕۆژی پشکنینی شاری کەرکووك بوو، لەلایەن ڕژێمی بەعسی فاشیزمی پڕ زەبر و زەنگەوە، کە بە ئاگر و ئاسن کەوتنە وێزەی شارەکە و گەڕەك و دێیەکانەوە، ئەوەبوو، هەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێشترەوە، ئامادەیی هاتنی هێزێکی زۆری بۆ کرابوو، لە سوپای سەربازی، پیاوانی تایبەت و هێزی تایبەت، ئەمن و هێزی فریاکەوتن و هێزی ئامادە، سوپای بەناو (جەیشی شەعبی) زرێپۆش و تانك لە دەوروبەری شار کۆکرابوونەوە، لە حەویجە و تکریت و بەغدا و سامەڕا و موسڵیشەوە پیاوانی دەزگای موخابەرات و ئاسایشی تایبەت و دەزگا سیخوڕییەکانیان بۆ وێزەی کوردی کەرکووك هێنرابوون.

لە ئێوارەوە دەوری شار بەهێزەکانیان وەکو تەیمان تەنرابوو، لەمەلا بانگدانەوە دەوری گەڕەکەکانیان دابوو، لەگەڵ ڕۆژەوە بووندا، کەوتنە ناو گەڕەك و کۆڵان و جادەکانی، ژمارەیەکی ئۆتۆمبێلی گەورەی نەفەر هەڵگریانیش بۆ هەر گەڕەکێك ئامادە کردبوو، بۆ گواستنەوەی خەڵکی گیراو و ڕاپێچ کراو، ئەمجا هەر لە بەیانییەوە، لە ئاسمانەوە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر، بە کوردی بانگەوازیان دەکرد و

* لە ڕۆژنامەی "کەرکوکی نوێ"، ژ(٤)، ٤/١١/٢٠٠٣، بڵاوکراوەتەوە.



داوایان لە خەڵکەکە دەکرد کە هەر کەس لەماڵ دەرنەچێتە دەرەوە و لەماڵی خۆیدا بمێنێتەوە، بەپێچەوانەشەوە ئەوەی بڕیار بشکێنێ دەگیرێت و سزا دەردێت، لەپڕێکدا دەکەوتنە ناو ماڵەکانەوە و داوای ناسنامە و تەسکەرەیان لە هەموو ئەندامانی خێزانی ماڵەکە دەکرد و ناو ماڵ و سەربانیشیان دەپشکنی و ورد ورد دەگەڕان، خەڵکێکی زۆریان گرت و ڕاپێچیان کرد، هەندێکیان بەرەڵلاکران و چەندینیان لە کونە تاریکەکانی دەزگای (ئەمنی موخابەرات) توندکرد، تەنانەت میوانیشیان دەگرت و بوونیان لە ماڵەکاندا بەسەرپێچی و نایاسایی دەزانی و دەگیران، یا زۆر بەزەحمەت ڕزگاریان دەبوو.

کاتێك پیاوانی ڕژێمی بەعس دەچوونە گەڕەکەکانەوە کوێرانە لە کۆڵان و ناو جادەکان و لەسەربانەکانەوە تەقەیان دەکرد و تەنانەت ئاربێجیشیان بەکارهێنا و چەندین کەسیان بریندار کرد و کوشت.

لەگەڕەکی ئازادی کوڕی (حاجی نەسرەدین) یان کوشت و کچەکەیانیش بریندارکرد، بێجگە لەمانە دوای ماوەیەکیش لەگرتن هەندێك لە گیراوەکانیان گوللە باران کرد و لەهەندێك ماڵ و گەڕەکدا شتومەکی خەڵك و پارە و زێڕیانیش بردبوو. ئیتر لەم شاڵاوەدا دەیانویست چاوی خەڵك بشکێنن و ئەوپەڕی ترس و تۆقاندن لەناو خەڵکدا بڵاوبکەنەوە و لە ڕێباز و بیری کوردایەتی لایان بدەن و لە شۆڕشی ڕەوای گەلەکەیان بکەن، بەڵام مەرامی پیسی بەعسییەکان نەبەم کارە و نە بەدەیان کاری ناڕەوای تریان نەچووە سەر و شۆڕشی کورد بەردەوام بوو، لە کۆتاییشدا ڕژێمی بەعس خۆی سەرەونگون کراو کوردیش لە چەپۆکی ستەمکارییان ڕزگاری بوو، بێ ئەوەی نەفامانی بەعس ئەوە بزانن کە ڕزگاری هەر بۆ گەلانە.

داوا لێبوردنیش دەکەم گەر شتێکم لە ڕووداوەکان لەبیرچووبێت، یا هەموویانم تۆمار نەکردبێت، چونکە لە شارێکی گەورە زەحمەتە بتوانرێ ورد و درشتی هەموو ڕووداوەکان یاداشت بکرێت.

## بەری ڕۆژی کوردبوونی کەرکوک به بێژنگی کەس ناگیرێ*

- کەرکوك شارێکی کوردو کوردستانییه.
- راسته کەرکو خەڵکی نەتەوەی ترو ئایینی جیاوازی تێدایه، بەڵام دەبێ کورد برا گەوره بێت له بەڕێوەبردنی شاردا. چونکه زۆرینەیه.
- تا ئێستا کورد ئەبێت هیچ لایەنو میللەتی تر بۆ رزگاری کەرکوك قوربانی نەداوەو خەباتی نەکردووه.
- هەر کورده له کەرکوكو کوردستان تووشی سوتاندن، وێرانکردن، راگوێزان، ئەنفالکردنو سیاسەتی قڕکردن هاتووه.
- هەردەم مەسەلەی کەرکوك بۆته خاڵی نەگەیشتنو رێکنەکەوتنی کوردو دەوڵەتی عیراق.
- کێشەی کەرکوك بۆت هۆی بەردەوامبوونو درێژەپێدانی شۆڕشی کورد.
- هیچ میللەتێکی تر هاوکاری خەباتی کوردی نەکردووه لەسەر کورد.
- ئەوانەی ئێستا کەرکوك بەهی خۆیان دەزانن لەساڵی **١٩٦٣** (حرس قومی) بوون لەگەڵ بەعسدا بۆ لێدانی خەڵکی کەرکوك.
- له ئەنجامی ماڵوێرانی کوردو راگوێزانو گواستنەوەی فەرمانبەرەکانیدا کورد له کەرکوك کەمبۆتەوه ئەوانەش بەردی ساردو گەرمییان بەرپێ نەکەوتووه بوونەته خاوەن ماڵ.

ئێمه لێرەدا نامانەوێ باس لەو بەڵگانه بکەین، که کەرکوك شاری کوردیو کوردستانییه، چونکه زۆربەی سەرچاوه کۆنو زانستییەکان کوردبوونی ئەم شارەیان سەلماندووەو بەڵگەی روونکردنەوەیان بۆ ئەم مەبەسته دیارو دەستنیشانکردووه، وەك سەرچاوەی (قاموس الاعلام)ی (شمس الدين سامی)

* له رۆژنامەی "گەڕانەوه"، ژ(١٠)، ٢٠٠٤/٣/٣١، بڵاوکراوەتەوه.



زۆری ژمارەی دانیشتوانی کورد لەشاری کەرکوکدا، زۆری ناوچه کوردییەکانی وەك (شوان، سالەیی، قادرکەرەم، دوبز، دووز، داقووق، کفری، کەلار، چەمچەماڵ) تەنانەت ئەگەر هەر سێ ناوچەی (شوان، سالەیی، قادرکەرەمو قەرەحەسەن) به تەواوی ئاوەدان بکرێتەوه ئەوا دیسان کورد له کەرکوکدا زۆرینه پێکدەهێنن. باشترین بەڵگەش ئەوەیه، که ئێستاش هەوڵی بۆ ئەدرێت ئەو سێ ناوچەیه نابێت له شارەکەدا خانوو بەناوەوه بکرێت یان لەکەرکوکدا به فەرمانبەر دابمەزرێن، بێجگه لەوەی ئەم جۆره بڕیارانه له هەموو گۆشەی دنیادا نییەو پەیڕەو ناکرێت مەگەر لای رژێمێکی وەکو بەعسو پاشماوەکانی نەبێت.

دەسا ئەگەر وانییه، ئایه له چ شوێنێکی ولاتێك ئەوه هەیه لەناو هەر شوێنێکی ولاتەکەی خۆیدا نەتوانێت دابمەزرێت یا نەتوانێت له پارێزگای شوێنی لەدایکبوونی خانوو یا زەوی بەناوەوه بکرێت، لەوەش سەیرو سەمەرەتر ئەوەی هەندێك شوێنی وەکو: (شوان، سالەیی، قادرکەرەمو قەرەحەسەن) سەر به قەزای ناوەندی کەرکوك نینو نابێت له دوای روخانی رژێمی بەعسی فاشیش به ئاژاوەی کلکه بەعسیو کەمینه توندڕەوەکان خانوو بکڕن له شاری کەرکوکی خۆیان، لەو شارەی که هەزاران شەهیدیان بۆ داوه، له پێناویدا ئەنفالکراون یا راگوێزراون، یا خۆیان لەدەستی بەعسییەکان شارەکەیان رزگارکردووه.

**بەخوا سەیره!!**

بەڵگه شاهیده، کەرکوك شارێکی دیارو دێرینی کوردو کوردستانه، تا هاتنی رژێمی بەعس بۆ سەر حوکمو دەسەلاتی عیراق، ئەم شاره قارەمانه، مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردی بووه، ئەگەر سەیری لاپەڕەی مێژوو بکەینو بڕوانینه لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەو کتێبه کوردییەکان، کوردبوونی شارەکەی تێدا دەخوێننەوه، بۆ نموونه کتێبخانەی بێکەسی (عومەر بێکەس) نیشتەجێبوون کۆبوونەوەی رۆشنبیرانی کوردی شارەکانی تری کوردستان لەم شارەدا.

بوونی ناودارانی کورد لەم شارەدا بوونی ڕۆژنامەی (الاهالی)، گۆڤاری (شەفەق)، (بەڕێوەبەری مەعاریفی کوردستان)، (موفتـشی عـامی کوردسـتان)، (تەکیـەی تاڵەبانی)، (تەکیەی سەید ئەحمەدی خانەقا)، کە جێگـەی کۆبوونـەوەی خـەڵکی کوردو پیاوماقوڵانو هـەژارو لێقـەوماوان بـووە. لـە لایـەکی تـرەوە، شـوێنی دابەزینی گەورە لێپرسراوان بوونە لە کۆڕی شاعیرانو کەڵەپیاوانی کورد.

ئەم بارەی کورد، لە کەرکوکدا، تا سـاڵی ١٩٥٩ بـەردەوام بـووە، بـەڵام لەگـەڵ گۆڕانی بارودۆخی وڵاتدا، ئاژاوەگێڕان کەوتنە پیلان دانان تەنها بۆ تاوانبارکردنی کوردو نیشتمانپەروەرانیو بەس، کە تا ئێستا ئەم جۆرە پیلانەو پیلانگێـڕانیش دەیانەوێت کورد تاوانبار بکەنو تا بەو جـۆرە کەڵکەبازییـە شـارەکەی لەدەسـت بدەن. لـەو مێـژووەوە ئـیتر کـورد سـەری خۆیـشی لـەم شـارەدا نەبەسـتۆتەوە، بەڕاستەوخۆیی یا ناڕاستەوخۆیی کورد بیانووی پێگیراوەو لە کارو فەرمانبـەرییە دەرکراوە، یا بەندکراوە، یا بە نارەوا تۆمەتی نابەجێیان بۆ هەڵبەستراوەو زۆریـش لەسەریان کەوتووە، هەموو ئەمانە وەکو تاریکایی مانگی سەر لە ئێوارە دیـارە، کە بۆچی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتو پیلانانە دەگێڕێت.

بەپێچەوانەی ئەم جۆرە کردارانـەوە، کـورد هـەردەم لـە ئـاژاوەگێڕی نەگـەڕاوە، لەکاتی ناخۆشیدا داڵدەی خەڵکی داوە بۆ ئەوەی مەسەلەی کەمـە نەتەوەییـەکان بچێتە پێشەوە، هەردەم کورد لەسەر داواکاری مافی ئەمانە سوور بووەو لـەخۆی جیای نەکردوونەتەوە، بەڵام ئەم هەوڵەش بێسوود نەبووە، باشترین نموونە بـۆ ئـەم ڕاستییە، کورد لەبەیانی ١١ی ئازارو دوای ڕاپـەڕینیش لەگـەڵ مـافی ئەمانـەدا بووە، پشتگیری لێکردوون، لەگـەڵ خۆیـدا جیـای نەکردوونەتـەوە کەچـی ئـەوان بەپێچەوانەوە لەگەڵ کوردا ڕەفتار دەکەن.

بەدرێـژایی مێـژوو بەتایبـەتی لەسـەردەمی شۆڕشـی کـوردا دیـسان کەمینـە نەتەوەییەکانی کوردستان بەهۆی کوردەوە قازانجیان لەسەردەمی خۆشیو لـەبارو



گونجاوی کورد کردووە، وەك وەرگرتنـی مـافی ڕۆشـنبیریو بەشـداریکردنیان لـە بـەڕێوەبردنی وڵاتو دامەزرانـدنی پـارتو ڕێکخـراوو دامودەزگـای پـەروەردەو فێرکردنو کۆمـەڵایەتی.. هتد.
کورد لە کاتی وەرگرتنو داواکردنـی مـافی ڕەوای خۆیـدا داوای مـافی ئـەم بـێ وەفایانەشی کردووە، چونکە هـەر کەسـێك چـاکەی خـەڵکی لـەبیر بکـاتو بـە پێچەوانەشەوە ڕەفتار بکات بێ وەفایە.
پاشان چی لەوە بێ وەفاتر هەیە، کە لە وڵاتێکاد بژێتو دەستی لەگەڵ وڵاتێکـی تردا، دژ بە گەلی برا گەورەی تێکەڵ بکاتو چـاودێر بێـت بەسـەریەوە، هـەردەم خەریکی ئەوە بێت لەم لاو لەو لاوە بەهەل گێروگرفتو ئاژاوە بنێتەوە، ئایـە ئـەم کەمینانە چ زیانێکیان لەم دوانزە ساڵەی حوکمڕانی کـوردا کـردووە بێجگـە لـە قازانجو ڕێزو چاکە.
لێرەوە دەپرسم، ئەرێ بۆ ئەمانە لـە کـاتی بەعـسدا، نەیانـدەتوانی لـە هـەموو ڕوویێکەوە لەل بکەن، یا بەکەمترین شێوە داوای شتێك بکەن لە دەوڵەت، کەچـی بەرامبەر کورد بوونـەت شـێری مەیـدان، کـورد لەوانـە خـۆشو گونجـاو بێـتو خەریکی پێشخستنی بین نەك ئاژاوەگێڕی.

ئەوانەی ئەوان پشتیان پێ بەستاوە، ئەی بـۆ چارەسـەری گێروگرفتـی نـاو مـاڵی خۆیان ناکەن، کە دەیان ساڵە پێوەی تووش بوونەو خەزێنەشیان بـەتاڵو بەقـەرزو قۆڵەوە یارمەتی، ئەو وڵات بەڕێوەدەبەن.

لە کاتێکدا ئەگەر گێروگرفتی وڵاتەکەیان وەکو کورد چارەسـەر بکـەن، ژیـانێکی خۆشو خەزێنەشیان پڕو کەسیش ناویان ناهێنێت.

کورد ڕاستی وتووە، "یەکێك ماڵی لە شووشە بێت بەرد ناگرێتە ماڵی خـەڵك"، ئەوان ئەگەر بتوانن کێشەی نەتەوەکانی تری وڵاتەکەیان چارەسەر بکـەن، ئەوسـا دەتوانن دەست بخەنە ناو وڵاتی ترەوە، ئەمەیە: "کەر لە کوێ کەوتووەو کوندە لە کوێ دڕاوە".

لێرەوە، دەپرسم بۆچی ئەمانە نایانەوێت بارودۆخی کەرکوك بە باشی و بە ئارامی بڕواتە رێوە؟ ئایا کەس مافیانی پێشێل کردووەو بێ رێزی لەگەڵیاندا کردووە؟! بێ ئەوەی رۆژێك یا ساتێك خەبات بکەن بۆ شاری کەرکوك کە ئەوان بە هی خۆیانی دەزانن و لە بنەرەتدا خەڵکی ولاتەکەش نیین.

هەردەم خەریکی ئیش و کارو بازرگانی خۆیان بوونە، فەرمانبەرەکانیان، بۆ ئەوەی زەوی و خانوو وەربگرن لە دەوڵەت، لە کەرکوك خۆیان کردبوو بە بەعسی و بەنەتەوەی تر،لە ناحیە و قەزاکانی سەر بە کەرکوك و سلێمانی من خۆم ئاگادارم مامۆستاو فەرمانبەرەکانیان کە (رفیق حیزبی) بوون، ئەوپەڕی دەوری خراپیان هەبووە، دژ بە کورد و سیخورییان بۆ بەعس دژ بە کورد ئەکرد، لەو کەسانە ئێستا دەبینم و دەیانناسم، بەشێوازی ترو بە هەمان شێوە دژایەتی کورد ئەکەن و لەبیریان چۆتەوە بەعسی بوون ئەوانە هەر بایەك بێت شەنگەری چاکن و شەن دەکەن، ئیتر گوێیان لە هیچ نییە.

کەرکوك شارێکی کوردییە و کەس ناتوانێت بە ئاژاوە لە کورد داگیری بکات، ئێستا لە کەرکوك خۆیان بە زۆرینە داناوە هێشتا بەڕادەی کورد نین، بێجگە لەوەش ئەگەر ئەمانە دژ بە حکوومەتی بەعسی بوونە، بۆچی فەرمانبەریان لە کەرکوك دەرنەکراوە و وەکو خۆیان ماونەتەوە و کوردیش دەربەدەر و ئاوارە و ئەوانیش لە ناو شاری کەرکوك دامەزران؟!

ئەگەر ئەوان ئاژاوە گێڕ نین، لە بازاڕدا کوردێك بچێت شتیان لێ بکڕێت، بە کوردی قسەیان لەگەڵدا بکات، شتەکەی پێ نافرۆشن یا بە عەرەبی وەڵامی دەدەنەوە، بێ ئەوەی ئەو راستیەیان زانیبێت، یا خۆیانی لێ گێل دەکەن، کە بەعس دانی بە بوون و ناویشیانی ناهێنا کە لە عێراقدا هەن، کەچی لە دژی کورد، دەبنە هەموو شتێك و بۆ عەرەب سەردادەنوێنن، بەڵام بۆ کورد بەلایانەوە نەنگە دەسەڵاتی هەبێ و لە شارەکەدا باڵادەست بێ.



کەسێك داوای شت و شوێن و مافی بکات، دەبێت خەباتی بۆ کردبێت، قوربانی زۆری بۆ دابێت، ئایا ئەمانە خەباتیان کردووە؟! وەڵامەکەی روون و ئاشکرایە نەخێر و هەردەم لەگەڵ بەرژەوەندی خۆیاندان و کوا خەبات و رووداوە تاڵەکانیان لە دژی.

لە ساڵی ١٩٨٢ کاتێك حکومەتی عێراق لەبەر ئەوەی باوەڕی بە کورد نەبووە، بۆ ئەوەی سوپا لە کورد پاك بکاتەوە، بڕیاری دا کورد خزمەتی سەربازی نەکات و ئەوەشی لە سوپا دابوو دەریانی کردو تەسریح کران، برا سەربازە تورکمانەکان هەر بۆ ئەوەی سەربازی نەکەن، زۆربەی هەرە زۆریان بەڕادەی دەتوانم بڵێم لە (٩٥٪) ی سەربازەکانیان خۆیان بە شایەدو موختار، بە مەزبەتەی پۆلیس کرد بە کورد و لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا لە سەربازی تەسریح کران ، ئەمانە وەکو ڕەشەبان لە هەموو لایەکەوە دێن و ئاستیان دیار نییە، چونکە لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەم ولاتە نین و لە سەردەمی عوسمانی جێگیر کران و لە سەردەمی عەباسیدا دەوری چەند کەسیان لەمەلاو لەولاوە لەلایەن خەلیفە موعتەسەم بیللاوە، بۆ پاریزگاری خۆی هێنایانی و پاشان لە شوێنە نەوتییەکان جێگیربوون و بەرەو ولاتی خۆیان نەگەڕانەوە، باشترین بەڵگەش ئەوەیە لێرە دێهاتیان نییە یا دەگمەنە.

یەکێك سوود لە ئاوو هەواو خاکی ولات و شوێنێك وەربگرێت دەبێ بەوەفا بێت بۆی و خۆی بە خەڵکی هاوپەیمان و هاوبەشی ئەوێ بزانێت، نەك خەریکی ئاژاوەگێڕی بێت و ولاتەکە بشێوێنێت. پێویستە لەسەر ئەمان عەقڵ و حیکمەت و زانیاری تەواو بەکار بێنن و سوودی لێ وەربگرن، ئاژاوەنانەوە بەکەڵکی هیچ کەس نایەت و بێجگە لەوەی زیان بە خۆی و بە خەڵکیش دەگەیەنن و دەبنە هەڵگیرسانی ئاژاوە، کە ئەمە کارێکە خواو پێغەمبەران سەرزەنشتیان کردووە.

ئەگەر ئەمانە لە ئاژاوە ناگەڕێن، ئەوان کەی مردوویان بردۆتە نەجەف بۆ ناشتن؟ یا تەنها بۆ ئەوەیانە هەست و سۆزی برایانی شیعە مەزهەبی خواروو رابکێشن و گۆمەکە تەواو بشڵەقێنن و خوێنی زۆرتر بڕژێنن و نەوت و بەنزین بکەنە سەر

ئاگردا، ئەگەر چی ئاگرەکە ئەوانن نەك کورد ئایە ئێستا ئەوانن نەك کورد، ئایە تا ئێستا ئەمانە دەزانن، کە کورد دالّدەی شیعەی داوە، کۆنفرانس و کۆنگرەی بەرهەڵستکارانی عێراق کە شیعە زۆربەی بوون لەگەڵ کوردا لە کوردستان دەبسترا، بەرهەڵستکارانی برایانی شیعە لە کوردستانەوە، بەرەو دەرەوە دەچوون؟ لە شارێکی وەکو کەرکوك رۆژێك لە ڕۆژان ناکۆکی لەگەڵ برایانی شیعە مەزەب رووی نەداوە کە ئێمە پێیان دەڵێن ((رافزی)) لە ئیش و کاردا هەردەم هاوبەشیان لەگەڵ کوردا بووە. لە کۆتاییدا دەڵێم کەرکوك شاری کوردانە لە ڕووی مێژوویی و جوگرافی و بوونی هێمای نەتەوەیی جیاواز، لە زمانی کوردی و زارە جیاوازەکانی وەکو زاری کەرکوکی، گەرمیانی، زاری ماچۆ کە زمانی (کاکەیی، زەنگنە و شێخانی) ی و سەربە زاری رەسەنی گۆرانن و کۆنترین ئایین و کولتوری کوردەواری ناوچەی کەرکوکی پێوتراوە، نووسراوەتەوە، لە ئەدەب و شیعر، فۆلکلۆر، مەقام و قەتار و ئەڵلاوەیسی. کەرکوك کەوتۆتە ناو هەرێمی کوردستانەوە کە سنوورەکەی دەگاتە حەمرین.

کورد ئێستاش زۆرینەی کەرکوك پێکدێنێ، تورکمان ئەگەر رەسەنن لە ناوچەکە کوا دێهاتیان، ئەوەی تورکمانی لە کەرکوك زۆر کردووە، بارودۆخی نالەباری دژ بە کورد بووە، کە کوردی نیشتەجێی ناو شاری کەرکوك، لە ترسی گرتن و کوشتن و بڕین و پاشان لە ڕووی جیاوازی نەکردنی کوردەوە لەگەڵ نەتەوەکانی تردا، گوێی نەداوە بە زمانی تریش قسەی کردووە و بەرژەوەندی وای کردووە، بێجگە لەوەی خەڵکی سادەش خۆی گۆڕیوە. ئیتر لە کۆتاییدا بۆیە کەس ناتوانێت بەری رۆژی کوردبوونی کەرکوك بە بێژنگ و کاری نازانستی و بە توندوتیژی جوێندان بگرێت. توندوتیژی پێش ئەوەی زیان بە خەڵك بگەیەنێت، زیان بە خۆی و خاوەنی دەگەیەنێت، جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت، یا قۆری و کتلییەك زیاد بکولێت هەڵدەچێت و لە خۆی دەڕژێت. ئەوانەشی وا لە دوورە وڵاتەوە، لە ئینتەرنێت جوێن بە کورد و سەرکردەکانی دەدەن، یا دەڵێن لە کەرکوك سەگ و



قەرەج حوکم دەکات، خۆیان نەزانن و نەفام و بێ هەست و بێ ڕەوشتن، کەسێك کە هیچی پێ نەکرێت و شتێکی لەبار نەبێت و جاڕی جیهاد بدات کە پارێزگاری کەرکوك بکوژن و بە چەقۆ دەست بکەن بە کورد کوشتن لە کەرکوك، ئەمانە خۆیان بۆ خەڵك دەسەلمێنن کە تەنها چەقۆکێشن و هیچی تر، لەوەش سەیرتر بە ناوی خواو بە ئایەتی قورئانەوە جاڕی قەتڵ و عامی کورد دەردەکەن، ماشەڵڵا چەند باوەڕدارو موسڵمانن، لە دورەوە بە (صائیم نەجیبی ئۆغلۆ) دەڵێم بەسە، بەس بە کورد بوەڕە.

سەرۆکی دانانی لیژنەی دەستوری عێراقی، مرۆڤێکی کوردی خاوەن بڕوانامەی بەرزی ئەکادیمی و جوانترین رەوشت و مرۆڤێکی یاسایی و ناسك و دوورە لە توندوتیژی و رەگەز پەرستی و ئاژاوە زۆر هۆشمەند و ژیرە، نەك وەکو تۆی چەقۆقیش، سەگ و سەگوەڕو تاوانبار، ئەوانەن کە لە دوورەوە تولە بەچیا وەڕین دەکەن و توشی تیرۆریستی دەبێت هەوڵبدرێت بدرێیتە مەحکەمەی وڵاتی دانیمارك.

دوا شتێك پێویستە بوترێت ئەوەیە جوێندان و ئاراستەکردنی قسەی نازانستی و بێ بنەتۆ و کارو پیشەی نەزانە، زانیار ئەوەیە بە حیکمەتی عەقڵ و مەنتیق و بەڵگە و بۆچوونی هێمنانە، مەسەلەکان بخاتە ڕوو، نەك میللەتێکی تەواو بە سەگ بزانێت و ئەوانە خۆیان بەر ئەو قسە پڕوپووچانە دەکەن و دەبێ خۆیان چی بن؟!

ئێمەی کورد بە چاوی ڕێز و خۆشەویستی و خۆشییەوە دەڕوانێنە برای نەتەوەی ترو ئەوەتا لە کوردستانی ئازاد هاوینە هەوارەکان پڕن لە برایانی نەتەوەی ترو بەو پەڕی سەربەستییەوە خەریکی گەشت و گوزارن و هەستیان بە کەمترین ئازار نەکردووە، کەچی خەڵکی ئاژاوەگێڕ لە باشوری عێراقەوە دێن لەناوماڵی خەڵکیداو دوور لە زێدی خۆی ئاژاوە دەگێڕێ و هەڕەشەی مردن دەکات.

هەندێك نەزان لەمانە لە ئینتەرنێتەوە بارزانی رەحمەتییان بە زایۆنی داوەتە قەڵەم، بێ ئەوەی بزانن دەرهێنانی ئاوی دەریا بە بێژنگیش کەم نابێتەوە مەلا مستەفاش ئەو سەرکردەیە بوو چواردە ساڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کردو داڵدەی چەندین هەڵاتووی رۆڵەی نەتەوەکانی تری لەناو ماڵی کوردەواری بەڕێزەوە داوەو خزمەتیشی دەکردن، بارزانی قارەمانێك بوو بەناو هێزی گەورەی سێ وڵاتەوە توانی خۆی بگەیەنێتە سۆڤیەت و گەورەترین داستانی مێژووی خەبات تۆمار بکات، چواردە ساڵ سەرکردایەتی شۆڕشێك بکات، بێجگە لەوەی قسە وتن بە مردوو کاری نامەردانە. کوردێك خاوەن قارەمانی ئاواوبێت توشی سیاسەتی قڕکردن و لەناوبردن هاتبێت نەك فیدراڵی پێویستە داوای سەربەخۆیی بکات.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوانەی خۆیان بە خەڵك کەرکوك داناوە، با بەیەك دەنگ و یەك ریزی و تەبایی پێکەوە خزمەتی شارەکە بکەین و لە جیاتی ئاژاوەو ناکۆکی، با هەوڵی برایەتی و پێکەوە ژیان لە یەکتری بگرین و کەرکوك ببوژێنینەوە چونکە سەردەم، سەردەمی لە یەکتر گەیشتن و گونجاندن و تەباییە نەك ناخۆشی و شەڕەنگێزی، با کورد و تورکمان و کلدۆ ئاشوری وەکو برابین.

## کەرکووکی کوردان مەسەلەیەک نییە دوابخرێت!*

کەرکووك مەسەلەیەکە رووباری خوێنی لە پێناودا رۆییوە، کێشەکە بە هەزاران سەر و ماڵی تێداچووە، کەرکووك باراشێك بووە نەك ئاو، خوێنی زۆر ویستووە! کەرکووك مەسەلەیەك بووە، شەڕی ١٩٧٤ و رێکەوتنی شوومی جەزائیر و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، شەڕی عێراق و ئێران و ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، رووخانی دێهاتی وڵات و رووخاندنی بناغەی ئابووری، کێشەی کوێت و راپەڕینی ١٩٩١ و شەڕی ئەمریکا و ئەوروپا دژی سەدام و رووخاندنی، کێشەکێشی نێوان سەرکردایەتی کورد و بەرهەڵستکارانی عێراق و، هەروەها کێشە و دەجکەی بەردەوامی ئەنجوومەنی دەسەڵات و گروپی کوردی لەناو ئەو دەسەڵاتەدا هەموو لە سۆنگەی ئاڵۆزی مەسەلەی کەرکووك بووە. ئیتر چۆن و بە چ شێوەیەك دەکرێت و رەوایە یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی کەرکووك دوابخرێت بۆ کاتی دانانی دەستوور یا دوای دانانی، ئایا سەرکەوتنی رێژەی دەنگدەرانی کورد بە زۆرینە کورد بوون و کوردستانی بوونی شاری کەرکووك ناگەیەنێت، ئایا باشترین و یاسایی ترین رێگا هەڵبژاردن نییە کە گرێ کوێرەکانی دەکاتەوە؟، ئایا رەواترین شێواز دەنگدان نییە کە راستی و ناراستی دەردەخات بەتایبەتی ئەگەر بەشێوەیەکی رەوا و یاسایی ئەنجام بدرێت و زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی وڵاتەکە تیایدا بەشداربن؟.

ئەمانە هەموو راستی مەسەلەی کورد بوونی کەرکووك دەسەلمێنێ بۆیە لەبەر ئەم هەموو راستییانە ناشێت و ناکرێت و ناگونجێت بەهیچ شێوەیەك کێشەی یەکلایی کردنەوەی کەرکووك دوابخرێت، ئەمە بێجگە لەوەی خۆی مەسەلەکە یەکلایی کراوەتەوە. کە کەرکووك شارێکی کورد و کوردستانییە. رووی جوگرافی، مێژوویی ئەم شارە، لەمێژە ئەم راستییەی سەلماندووە.

* لە رۆژنامەی "رێگای کوردستان"، ژ(٦٣٧)، ٢٠٠٥/٤/١٣، بڵاوکراوەتەوە.



لایەکی گرنگ لە مەسەلەی کەرکووکدا بۆ دواخستنی مەسەلەی بردنەوەی کاتە، ئەویش لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی عێراقی عەرەبییە، دەیەوێت بەهەرچی شێوەیەك بێت دوابخرێت تا هەناسەیەك دەدەن و هێز پەیدا دەکەن و خۆیان دەگرنەوە، ئەوسا بەهێز قسەدەکەن، چونکە عەقڵییەتی ئەوان لەسەر کەلتوورێك پێکهاتووە کە باوەڕیان نە بە هەڵبژاردن، نە بە دیموکراتی، نە بەدانوستاندن و نە بەپێکەوە ژیانی یەکسانی هەیە، باوەڕشیان بەوە هەیە کە ئەوان باشترین نەتەوەن و بۆ ئەم خەڵکە دەرکەوتوون و میللەتانی تری ناوچەکە دەبێت خزمەتگوزار و نۆکەری ئەوان بێت. لەم رووەوە باشترین نموونە بهێنینەوە ئەوەیە رۆشنبیرانی عەرەب زۆربەی دژی مافە رەواکانی میللەتی کوردن و کەرکووك بەشاری عەرەبی و عێراقی دەزانن، نابێت دەسەڵاتی کوردی بیبات بەڕێوە و سەر بەدەسەڵاتی ناوچەی فیدراڵی کوردستان بێت.

غازی یاوەری سەرۆکی عێراق لە هاتنی بۆ کەرکووك بۆ سەردانی ئەنجوومەنی پارێزگاری کەرکووك لە وەڵامی داواکاری ئەندامێکی گروپی کوردی کە باسی گەڕانەوەی ئاوارە و ناردنەوەی عەرەبی هاوردەی کرد و وتی، بەڕاستی قسەکانی تۆ رەق و توندن، ئەمە قسەی کاك یاوەر بێت کە بە پشتگیری گروپی کوردی ئەو پۆستەی وەرگرت وابێت کورد وتەنی (دۆستی وام هەبێت دوژمنم بۆچییە)، یا ئەندامێکی ئەنجومەنی باڵای چارەسەرکردنی کێشەی شاری کەرکووك بدرێتە پەرلەمانی عێراق و یەکێکی تر بە شاری پێکەوە ژیان و ئەوەی تر بە نموونە عێراقێکی بچووك و سەرکردەیەکیش بەشاری (بروکسل)ی پایتەختی بەلجیکای دادەنێت. ئەی ئەگەر وایە ئەم هەموو ماڵ وێرانییە لەبەرچی، هەمووی هەر لەبەر کوردبوون و کوردستانی بوونی شاری کەرکووك نەبوو!!.

بۆیە لێرەوە دەڵێم شاری کەرکووك، شارێکی کوردەواری و کوردستانییە، نە برۆکسلە و نە عێراقە و نە عەرەبستانە، ئەگەر سیستەمی دەسەڵات لە عێراقدا

فیدراڵییە، کەرکووك بۆچی عێراق و عەرەبستان و برۆکسل بێت، دەبێت سەر بەناوچەی سیستەمی فیدراڵی کوردستان بێت، چونکە ئەو فیدراڵییەتەی کە بڕیاری لێدراوە، فیدراڵییەتێکی جوگرافی مێژوویییە، بەپێی برگەی (ج)ی بەندی سێیەمی یاسای بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناغی کاتیدا. باشە ئەگەر سیستەمی دەسەڵات و بەڕێوەبردن، فیدراڵی جوگرافی و مێژوویی بێت دیسان شاری کەرکووك بەپێی جوگرافیا و مێژووش هەر کوردە و کوردستانییە ئەگەر کەمایەتی تریشی لێ هەیە، خۆ ناکرێت زۆرینە ملکەچی کەمینە بێت و دەسەڵاتیش بەدەست کەمینە بێت یا باشتر بڵێین: دەسەڵاتی ئەو شارە کە زۆرینە کوردە و لە هەڵبژاردنیشدا کورد سەرکەوتوو بوو بدرێتە دەس دەسەڵاتی عێراقی حکومەتی ناوەندییەوە، ئەگەرچی کورد نایەوێت کەمینەی میللەتەکانی تر لە بەڕێوەبردنی ئەم شارەدا کارکەنار بکرێن و بەشداری بەڕێوەبردن نەبن، بە پێچەوانەوە کورد تاکە میللەتێکە دەیەوێت بە دیموکراتییانە بژیت و کێشەکانی پێ چارەسەر بکات و گیروگرفتەکانیش بنبڕ بکات.

لێرەدا ڕاستییەك هەیە دەبێ کورد بی سڵەمینەوە جەختی لەسەر بکات و گوێ نەداتە هیچ شتێك لەپێناویدا ئەویش دوانەخستنی مەسەلەی چارەسەرکردنی کەرکووکە دەبێ بێتەوە سەر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان واز لەوە بهێنێت کە کەرکووك نموونەی عێراقێکی بچووکە، یا چەپکە گوڵێکە پێکەوە جوانە، قەیناکات پێکەوە جوانە، بەڵام دەبێت چەپکە گوڵەکە لە باخچە و باخی کوردستاندا بگەشێتەوە و بەدەم شنەبای چیاکانی کوردستانەوە بۆ هەموان بشنێتەوە و چەپکێ گوڵەکە بەدەست باخەوانی کوردەوە بێت، چونکە لەم شارەدا ئەوەی بە درێژایی مێژوو کە حەساوەتەوە، خوێنی لەسەر ڕشتووە، لە کوچە و کۆڵانی تیا ژیاوە هەر کورد بووە بە زۆرینە و ئەوانیتر بای گەرم و ساردیان بەپێ نەکەوتووە و کەچی بە درێژایی مێژوویش هەر ئەوان لەبەری خێر و سامانی ئەم شارەیان خواردووە کوردیش مافنگێ بووە. ئەمجا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کورد،



لەم شارەدا دەبێ دەسەڵات بەدەست و، باڵا دەست بێ. بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردن و بە یاسا و دەستووریش ناکرێت کێشەی کەرکووك چی تر دوابخرێت، دواخستنی دەبێتە هۆی دۆڕاندنی کوردبوونی شارەکە و میللەتیش چیتر قەبوڵ ناکات مەسەلەی کەرکووك بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە. بەتایبەتی خەڵکی کەرکووکیش نایەوێت چیتر لە چاوەڕوانیدا بژێت و بەشداری کردنی لە هەڵبژاردندا بەو کەف و کوڵ و بەسۆزییە و ئەنجامەکەی کورد بوونی شارەکە و وەفای خۆیشی جارێکی تر سەلماندەوە. داواکارین چیتر منالاّنی شۆڕیجە و ڕەحیماوە نەخرێتەوە ژێر ڕەحمەتی ژیانی دەسەڵاتی بەغدا و هەر لە ئاوارە بووندا بژین و لەناو شاری خۆشیاندا هەر ئاوارە و ستەمدیدە بن و لەملاولەولاش مرۆڤی پلە دووەم بن و حیسابی تەواویان بۆ نەکرێت.

## نەك كەركووك!

## بەڵكو عەقڵيەتى شۆڤێنييە بۆتە بەربەستى دانانى دەستوور*

شاراوە نييە كەركووك لە رووى جوگرافى، مێژوويى، زمان، ئـاييينيش بەشـێك و شارێكى كوردستانە و، سنوورى جوگرافى لە لاى باشوورى كوردستانەوە، لـەريزە چياى حەمرين كۆتايى دێت و ماڵ و موڵكى كورد و كوردسـتانە و حەرامـە بـۆ هەر كەسێكى تر و كورديش تا ماوە و هەناسە و نوزەى بێت، واز لـە كـەركووك ناهێنێت، ئەگەر دە جارى تر ئەنفال بكرێت.

لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم عەقڵيەتى شۆڤينى دەسەڵاتدارانى عەرەب و رۆشنبيرە عەرەبەكانە، بوونەتە كۆسپى پێشكەوتن و بەسـەرهێنانى هـەموو كارەسـات و نەهامەتى و كوێرەوەرى و كوشتن و بڕين و جەنگە يـەك لـە دواى يەكـەكان، كـە بەسەر عێراقدا هاتووە، هۆى سـەرەكيش بـۆ ئەمـە، نەخوێندنـەوەى بەرانبـەر و گوێنەگرتن لە بەرانبەر و خۆ بە زلزانينى ئەمانە دەيانەوێت، خۆيـان سـەركردە و باڵادەست و نەتەوەى رەسەن و حوكمڕانى وڵاتەكە، لەم سەر و بۆ ئەوسـەرى بـن، بێ ئەوەى گوێ بدەنە نەتـەوە و كەمينـەى تـر و خـاكى جيـاوازى تـر، كـە بـە زۆردارەكى لكێنراوە بە عێراقەوە.

ملهورى و نەبينينى مافى خەڵكى تر، كارەساتێكى گەورەيە، هـيچ عـەقڵيـەتێك قـەبوڵى ناكـات، مەگـەر عەقڵيـەتى دواكـەوتن و كۆنـەپارێز و شـۆڤينييە تـێ نەگەيشتووەكان نـەبێت، چـونكە فەرامۆشـكردن و چەوسـاندنەوەى خـەڵكى تـر گيروگرفت پەيدا دەكات و بەدواى خۆيەوە كێشە دەنێتەوە، كۆتاييەكـەى دەبێتـە نـاكۆكى و تاوتـەبايى وڵات و دەبێتـە دوو مـەلێكى گـەورە و نەخۆشـييەكى

* لە گۆڤارى "گولان"، ژ(٥٤٤)، ٢٠٠٥/٧/٧، بڵاوكراوەتەوە.



درێژخايـەن، گـەر چارەسـەر نـەكرێت لـە هـەر ناوچـاوتروكانێكدا دەتەقێتـەوە، تەقينەوەشى كارەساتى جەرگبڕ، خوێنڕژان، جەنگ و ماڵوێرانى بـەرپا دەكـات و هەندێك جار سەرى خاوەنەكەى دەخـوات، ئەگەرچـى بـەهێزيش بێـت. باشـترين نموونەش سەدام و رژێمە گۆڕبەگۆڕەكەى بوو، چونكە گوێى بـۆ بـيروڕاى جيـاوازى خەڵكى تر نەگرت و مافى كورد و لايەنى جياوازى ترى دابين نـەكرد و تاكڕەوانـە رەفتارى كرد، تاكڕەوانە دەيوت، تاكڕەوانە بەرنامـەى دادەنـا، تـا كـار گەيـشتە ئەوەى سەريخۆى خوارد و وڵاتەكەش بۆتە گۆمى خوێن و جەنگى عێـراق-ئێـران، عێراق ـ كوێت، شۆڕشى كورد، جـەنگى ئەمـەريكا و هـاتنى، هـەموو ئەمانـە عێراقى وێرانكرد و، عێراقى كـردە ئـەوەى خێـرى پـێ رەوابێـت، سـالانێك بـە خێرخوازى و كۆبۆن دەچێتە رێگاوە و گوزەر دەكات، ئەگـەر وانەبووايـە داهـاتى عێراق گەر پيلاندانەرى چاك و دەسەڵاتى باش بيباتـە رێگـاوە، نـەك وڵاتەكـەى خۆى، بەڵكو داهاتى عێراق دەتوانێ چەندين وڵات بەخێو بكات. دەسەڵاتى بـاش و چاكيش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت كە گيروگرفتى ناو وڵاتەكـەى بـە شـێوازێكى چاك و گوێڕايەڵى بەرانبـەر بێـت و داواكـارى هـەموو لايـەك جێبـەجێ بكـات، ئەوساكە كەس بەرهەڵستى ناكات، ئەمەش رەنگدانەوەى چاكى بۆ سەر وڵاتەكەى دادەنێت و پێش دەكەوێت.

پێويـستە دەسـەڵاتدارانى عێـراق هـەموويان لـە دواى سـەدامەوە عەقڵيـەتى كاركردنيان بگۆڕن و لە ماڵوێرانى عێراقـەوە، ئـەزموون وەربگـرن، ئـەوەى ئـەو كردى بيخەنە چاڵى بێ بنەوە، بە پێـچەوانەى ئـەوەوە رەفتـار بكـەن، نـەك ئـەو رۆيشت، ملى شكاند و بۆتە عيبرەت و كەچى تازە بـە تـازە ((لـە بـێ خەبـەران كەشكەك سەڵاوات)) جەعفەرى دێت بە شـێوازێكى تـر و نوێـوە، دژ بـە كـورد رەفتار دەكات و بە يەكەم هەنگاو دژايەتى خۆى، دڵپيـسى خـۆى، نيـاز خراپـى خۆى رادەگەيەنێت، لێرە و لەوێ دژ بە كورد و كوردستان لە عێراق وتـە دەدات، بەكارى خراپ هەنگاو دەنێت، گـيرو گرفيـى نـاوخۆى عێـراق و دەرەوەى عێـراق

دەباتە ولاّتانی دەوروبەر و دەستی خەلّك رادەكێشێت بۆ ناو ولاّت، بەخۆی رادەگەیەنێت كە ((هەم لە نالّ دەدات و هەم لە بزمار)) لە كاتێكدا ئەو ناتوانێت ئاسایشی نەك عێراق بەلّكو هی بەغداشی پیێ ناپارێزرێت، كەچی دژ بە كورد و بە (پ. ك.ك) و بەناو پاراستنی سنوورەكانی توركیاوە وتەی نابەجیێ دەدات، بیێ ئەوەی ئاگادار بیێ، یا چاوی هەلّنایە بە دەسەلاّتی كوردی، كە سنووری توركیا لە كوردستانەوەیە و نزیك بە كوردە، نەك بەو، ئەمە كاری ئەو نییە، ئەی سالاّنی پێشووتر لە كویێ بووە تا سنووری توركیا لە كوردستانەوە بپارێزێت، كورد وتەنی ((ئای لەم قوڕاوە)) كە بەڕێز جەعفەری دەیشێلێت و ڕۆلّەكانی كورد دەداتەوە بە توركیا.

ئەمجا كەركووك مەسەلەیەكی ڕەوای كوردە، خاكێكی زەوتكراو و بەعەرەبكراوە، دەسەلاّتی عەرەبی شۆڤینی و دارودەستەكەی، ئەم بەربەستەی دروستكردووە، سالاّنێكە، كورد بەشێوەیەكی ڕەواو و بە خەباتێكی دوورودرێژ و دوور لە عەقلّیەتی شۆڤینی، داوای مافی خۆی دەكات و دەیەوێت كەركووكی كوردستانی و كوردی بۆ بگەڕێتەوە، خەلّكە دەركراو و خاوەن مالّەكەی بێتەوە سەرخوانی شارەكەی خۆی و، عارەبی هاوردە غەوارەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق كە بارودۆخی شارەكەیان تێكداوە و دیموگرافی شارەكەیان گۆڕیوە و بوونەتە مایەی خوێن ڕشتن و كوشتن و بڕین و تەقینەوەی ڕۆژانە و خەلّكی ولاّتانی دەوروبەر و تریشیان هێناوە دالّدەیان داوە و ئاسایشی شارەكە و ناوچەكەشیان تێكداوە، پێویستە لەسەر جەعفەری ئەم بەربەستەی دەسەلاّتی شۆڤینی عەرەبی پێشووتر لابدات و چاك بكاتەوە، ئێستا كە ئەو دەسەلاّت دەبات بەڕێوە وەكو سەرۆك وەزیران كەركووك بە بەربەست و كۆسپ دانەنات و ئەوەی چارەسەری گیروگرفت ناكات، ئەوەی هەولّی لادانی بەربەست نادات، ئەوە بەربەستی لە پێش دانانی دەستوور داناوە، نەك كەركووك، دەبیێ بزانیێ كەركووك بەند نییە بە دەستوورەوە، بەلّكو كەركووك حالّەتێكی نائاساییە، پێویستە ئاسایی بكاتەوە وەكو لایەنی دەسەلاّتی جێبەجێكەر.



هەرچی دەستوورە، بەرنامە و یاسایە بۆ بەڕێوەبردنی ولاّت بە شێوازێكی تازە و بەپێی بارودۆخی ولاّتەكە و پاراستنی مافی هەمووان دادەنرێت، واتە دەستوور دەبێتە بەرنامەی كاری بەڕێوەبردنی ولاّت بۆ لەمەودوا و، پێویستە عێراق لەسەری بڕوات، هەرچی كەركووكە كێشەیەكە لە ئەنجامی عەقلّیەتی ملهوڕی دەسەلاّتدارانەوە پەیدابووە، هەر دەبێت دەسەلاّتدارانی میراتگریش چاك و ئاسایی بكەنەوە.

ئەگەر ئاوا ڕەفتار نەكەن ئەوا جەعفەری بیێ یا عەلاوی یا یاوەر و چەلەبی و پاچەچی هەر كەسێكی تریش هەلّە ڕەفتار بكات، سەدامێك دەبێت بۆ خۆی، بەلّكو بە شێوازی تر، ئەو بە عەقلّیەتی نەتەوە پەرستی شۆڤینی، ئەمانیش بە عەقلّیەتی مەزەبی و تایەفەگەری و شۆڤینی، بەلاّم ئەگەر كێشەی كەركووك چارەسەر نەكریێ، ئەوا دیسان نەهامەتییەكی تر و گۆمی خوێنی تر دروست دەكەن و كوردیش تا ماوە واز ناهێنێت لە كورد بوون و كوردستانی بوونی كەركووك، دەبێت هەر بەدەست كورد و خەلّكی ڕەسەنی تری ئەم شارەوە بێت كە پێكەوە ژیاون.

بۆیە كەركووك بەربەست نییە بەلّكو عەقلّیەتی شۆڤینی و تەسكبین بەربەستە لە ڕێگای دانانی دەستوور. پێویستە سەركردایەتی كورد و پەرلەمانتارانی كورد لەناو كۆمەلّەی نیشتمانی عێراقدا چمكی لیێ بكەن بە دارا و پەلەیەكی زۆر و جەختكردنی دەوێت، ماوە زۆر كەم ماوە بۆ ئاسایی كردنەوەی بارودۆخی كەركووك، كات بەسەربردن و دواخستنی بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی كورددا نییە. ئەوان بە عەمدی مەسەلەكە دوادەخەن، كوردستان و مالّوێرانبوونی كورد بیێ كەركووك زۆر لە یەكترەوە دوورە، نەهامەتییە كەركووك نەگەڕێتەوە سەر كوردستان بەرەسمی. دوا شت دیارە جەعفەری دەیەوێت تۆلّەی چەوساندنەوەی شیعە لە كورد بكاتەوە یا لە چەوساوەوە دەبێتە چەوسێنەر كورد وتەنی (كەر لە

کویّ کەوتووە و کونده لە کویّ دڕاوە). ئەمجا کورد و ڕاگەیاندنی کوردیش پێویستە بەرانبەر هەر کار و هەڵسوکەوت و وتەیەکی دژ بە کورد کاردانەوەی هاوکاتی و وروژاندنی خەڵك بەگشتی جۆشبدرێت بۆ نارەزایی نواندن و پوچەڵکردنەوەی.

(+) لە ڕووی ئایینیشەوە ناوچەی کەرکووك شوێنی ئایینی کۆنی کوردەوارییە وەك ئایینی ئەهلی هەق (کاکەیی کە گرنگی لەوەدایە ڕێ و ڕەسم و کتێبی پرۆژەی ئایینەکە وەکو (دەوری بهلول، یارسان) بە زمانی کوردییە واتە بە گۆرانی ئەسڵ (کاکەیی- زەنگەنە و شێخانی)یە بێجگە لەوەی پارێزگای کەرکووك شوێن و بنەڕەتی زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی وەکو: کاکەیی، گەرمیانی، شوانی کێشك، شێخانی و زەنگەنە، جافی)ن. ئەمە باشترین بەڵگەی کوردبوونی کۆنی شاری کەرکووکی کوردانن- لەم ڕووەوە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیم هەیە و بڵاوکراوەتەوە لە (گۆڤاری هاواری کەرکووك).



## چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووک و گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی بۆ شوێنی خۆیان*

کێشەی کەرکووك کێشەیەکی نەتەوەیی درێژخایانە، لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١ەوە دەستی پێکردووە(١).

ئەم کێشەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوە عەرەبە ڕەگەز پەرستانەکانەوە لەو کاتەوە کار و بەرنامەرێژی بۆ دەکرێت و ڕادەکەی هەردەم لە زیادبوون و هەڵکشانە، هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ فراوانکردنی دەسەڵات و سنووری خاکی عەرەب و پاوەن خوازییان کە ئەوان نەتەوەی خاوەن ئایین و زمانی پیرۆزن. بۆیە ئەم کێشەیە، ئاڵۆزترین و دژوارترین کێشەیە ڕووبەڕووی شۆڕشی کورد بۆتەوە لە پارچەیەکی کوردستان و لەو پێناوەدا تووشی ماڵوێرانی و کاولکاری فراوان هاتووە وەك: ڕوخاندنی دێهات و شارۆچکەکانی، کیمیاباران و ئەنفالکردن، کۆکردنەوەی هەموو ناوچەکانی لە چەند ئوردوگایەکی زۆرەملێی نزیك هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی.

کێشەی کورد بەگشتی و کەرکووك بەتایبەتی، کێشەیەکی نەتەوەیی خاك و مرۆڤی کوردە(٢)، نەك کێشەی مافی مرۆڤی دوور لە خاك و نیشتیمان و نەتەوە، چونکە کێشەکە بریتییە لە جیاکردنەوەی مرۆڤی کورد لەسەر خاکی

---

* ئەم باسە لە کۆنفرانسێکی تایبەت بە کەرکووك، کە لەژێر نێوی "کەرکوك لە نێوان ستەمی مێژووو نیگەرانییەکانی ئەمڕۆدا" ڕۆژانی (٢٥-٢٠٠٥/٨/٢٧) لە لایەن دەزگای خاكو کوردساتەوە بەڕێوەچوو، پێشکەشکراوە.

(١) د. رفیق شوانی، کێشەی بەعەرەبکردنی کەرکووك لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژ(٢٠)، ل ٢٢٤-٢٤٩.

(٢) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

نیشتیمانەکەی و هەولّی دابڕان و دوورخستنەوەی لەزیدی باوباپیران و یادگارییەکانی دەردێت، ئەگەر بەرانگاری نەکرێتەوە کەرکووك وەکو بەشێك و پارچەیەکی بەهێز و بزێو و هەستیارە و کوردنشین و سەر بە خاکی کوردستان لە وڵاتەکەی دادەبڕێت و لە خاکەکەی دادەبچڕێت و دەدرێتە دەم خاك و وڵات و میللەتی عەرەبەوە.

بۆیە کێشەی کەرکووك دەبێت و پێویستە کرۆکی مەسەلە و داواکارییەکانی کورد بێت و مەسەلەی ناوەندی نەتەوەی کورد بێت و نابێت و ناکرێت بەهیچ جۆرێك دوابخرێت، دواخستنی بریتییە لە دۆڕاندنی، دۆڕاندنی کەرکووکیش، بریتییە لە بردنی ئابڕووی نەتەوەیی[۳] کورد و داماڵینی پارچەیەك لە جستەی کوردستان و کورد، کەرکووك بەشێکە لە جوگرافیای کوردستان و لەلای باشووری کوردستانەوە، لە بەدرە، جەسان و زرباتییە دەست پێدەکات و لە ناوچەی شنگال بە سنوورێکی دەستکرد کۆتایی پێدێنێت و تووشی ئەم سیاسەتی بە عەرەبکردنە بۆتەوە.

کەواتە کێشەی کەرکووك کێشەی نێوان مرۆڤ و خاکە[٤]، لەلایەك بەندبوونی مرۆڤی خاوەن خاك بە خاکەکەیەوە زۆر بەهێزە و ئەگەر بە زۆریش لێی دابماڵرێت دڵ و جەستە و یادەکانی لێی دانامالرێ و لەلایەکی ترەوە سنووری وڵاتە و ئەم ناوچەیە زۆر فراوانە و بەکەڵکترین و دەوڵەمەنترین شوێنە لەڕووی سامانی ژێرزەوی و کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە داهاتی وڵاتەکەمان فراوانتر دەکات.

بۆیە دەبێت کێشەی کەرکووك، وەکو کێشەیەکی نەتەوەیی ئابڕوی نەتەوە و خاوەن خاك بێت و بکرێتە کێشەیەکی سەرانسەری و سەرکردایەتی سیاسی کورد و رۆشنبیرانی بە شێوازی جۆراوجۆر و گونجاو هەوڵی بێ پایان و نەپچڕاوی بۆ

[۳] مارتن ڤان برونسن، المجتمع الکوردی، العراق، القومیة، و مشاکل اللجو، صدیق عزالدین، دهۆك، ۱۹۹۹، ص۱٤۹.

(٤) بڕوانە سەرچاوەی ژمارە (۱).



بدەن و هەموو نەتەوەی کورد لە ئاستیدا بەم تێگەیە (مفهوم) هوشیار و گۆشبکرێت، کە کەرکووك ئابڕوی نەتەوەی کورد پێکدێنێ، لە دەستدانی ئابڕۆبردنی کوردە و داماڵینی تێکچوونی جوگرافیا و مێژووی کوردستان و کوردە.

## چارەسەرکردنی کێشەکە بە دانوساندن

ئەگەر هەوڵی دان و ساندن و شێوازی دیبلۆماسییانە بۆ هێنانەوەی کەرکووك بۆ بن دەسەڵاتی کوردی سوودی نەبوو، بنبەست کرا، ئەوسا پێویستە شێوازی گونجاوتر بە بەرنامەیەکی تری بۆ بخرێتە کار و پێچەوانەی بەرنامەی ئێستا بێت کە لە دان و ستاندندایە ئەویش بەدوو جۆر:

۱) کێشەکە بە بەڵگەی پێویستی مێژوویی[٥]، جوگرافی، زمانی[٦] وەکو (بوونی زاری جیاوازی زمانی کوردی لە ماچۆ (کاکەیی و شێخانی و زەنگنە)، شوانی کێشك، جافی، گەرمیانی بەڵگەی بوونی ورد لە دێرزەمانەوە لەم پارێزگایە نیشان دەدات)، ئەمە بێجگە لەڕووی ئایینیەوە[۷] (بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی ئایینی کوردی ئەهلی هەق (کاکەیی) بە زمانی ماچۆ یا بە گۆرانی ئەسڵ، روونبکرێتەوە و بدرێتە لایەنی پێویست و پەیوەندیدار لە ناوە و لە دەرەوەی وڵات، کە ئەم شارە شارێکی کورد و کوردستانە و بە ئامانجی سیاسی تعریب کراوە، خەڵکی خۆی

(٥) د.ج. گەرمیانی، شارەکەی مێژوو و سەربەرزی کوردان، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژ(۲۰)، ل ۲۱٦-۲۲۳.

(٦) د. رەفیق شوانی، زارە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکووك و کاریگەری راگوێزان بەسەریانەوە، گۆڤاری هاواری کەرکووك ژ (٥)، ۲۰۰۱، ل۱۰۹-۱۱۷.

[۷] جمال نبز، المستضعفون الکورد واخوانهم المسلمون، من منشورات کوردنامة لندن، ۱۹۹۷،ص۱۰۳. کە زمانی ئایینی کاکەیی لە کەرکووك و رۆژهەڵاتی کوردستان، کتێبە پیرۆزە ئایینیەکانی ئەم ئایینیە وەکو (دەوری بەهلول، پر دیوەر) بە زمانی کوردی زاری گۆرانە.

لێدەرکراوە، ماڵ و ملك و سامانی بە ئامانجی گۆڕینی دیموگرافیای شارەکە لە شارێکی کوردییەوە بۆ شارێکی عەرەبی شیوێنراوە و لێی نیشتەجێ کراون. ئێستاش هەر ئەو عەرەبانەن هێمنی و ئاسایشی شاری کەرکووکیان تێکداوە و شێواندووە و کاری تیرۆریستی تیایدا ئەنجام دەدەن.

٢) بەکارهێنانی شێوازی تر بۆ گەڕاندنەوەی عەرەبی هاوردە بۆ شوێنی خۆیان و بەرنامەی سڕینەوەی ئاسەواری تعریب بخرێتە کار. ئەمەش بەپێی ئەم خاڵانە ئەنجام بدرێت:

١- ئەو پلەو پایەی کە لە کەرکووك وەریان گرتووە لە شار و ناوچەکەی خۆیان بیدرێتەوە پێیان.

٢- مافی ئەوەیان هەبێت خانۆکانی کەرکووکیان بفرۆشنەوە بەو مەرجەی کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان.

٣- گواستنەوەی تۆماری تەسکەرەیان (ڕەگەزنامە) بۆ شوێنەکانی خۆیان کە لێوەی هاتوون.

٤- یارمەتی پێویست بدرێن لەڕووی دروستکردنی خانووەوە لە ناوچەکانی خۆیان کە لێوەی هاتوون.

٥- نابێت مافی ئەوەیان بدرێتێ کە لە کەرکووك بمێننەوە، چونکە ئەمانە بەهۆی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کەرکووکەوە هێنراون نەك وەکو هاووڵاتییەکی ئاسایی.

٦- وەکو پاڵپشتی کردنی یارمەتی ئەو کەسانە بدرێت کە خانووی عەرەبی هاوردە دەکرێتەوە.

٧- بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستە پێویستە لە دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی تایبەتی تەرخان بکرێت.



بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی کەرکووکیش پێویستە بەرنامەیەکی پێویست و چڕوپڕ بەم شێوەیەی خوارەوە بخرێتەکار:

١- بوار نەدان بە دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی ئێراق بە دواخستنی کێشەی کەرکووك[٨] بە هەر بروبیانوویەکیش بێت.

٢- ئاوەدانکردنەوەی کەرکووك بخرێتە ناو بەرنامە پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانەوە لە لایەن دەسەڵاتی کوردییەوە وەکو شارەکانی هەولێر و دهۆك.

٣- چۆنیەتی کارکردن لە کەرکووکدا کوردانە بێت و دوور نەبێت لە حیزبایەتی و ململانێی ئەملا و ئەولا.

٤- گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی کەرکووك لە هەولێر و سلێمانییەوە بۆ شوێنی پێشووی خۆیان و هاوکات بێت لەگەڵ ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و یارمەتی پێویست بدرێن.

٥- کۆکردنەوەی هەرچەند دێیەکی نزیك لە یەکترەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی و دروستکردنی دێی هاوچەرخ تا بکرێت نزیك بن لە شەقام و جادە گشتییەکانەوە.

٦- پێشکەشکردنی پڕۆژەی خزمەتگوزاری پێویستی وەکو: ئاو و کارەبا، قوتابخانە و بنکەی تەندروستی، ڕێگاوبان.

٧- یارمەتیدانی پێویست بە بەخشینی بڕە پارەیەك بۆ هەر خێزانێك بەو مەرجەی بە تەواوی بگەڕێنەوە.

٨- یارمەتیدانی خەڵکی گەڕاوەی بە دان و بەخشینی پەلەوەر و مەڕ و ماڵات.

٩- دابەشکردنی تۆی چاندن و پەینی کیمیاوی بۆ فەلاح و جوتیار بە مەبەستی پێش خستنی کشتوکاڵ و هاندانی گەڕاندنەوەیان و پێش خستنی باری گوزەرانیان.

---

(٨) د. رفیق شوانی، کەرکوکی کوردان مەسەلەیەك نییە دوا بخرێت، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژ(٦٣٧)، لە ١٣/٤/٢٠٠٥، ل٣.

١٠- تەرخان کردنی کۆمپا و تراکتۆر و ئامێری کشتوکاڵی و شتومەکی پێویست بۆ هەر ناوچەیەك بە مەبەستی ئاسانکاری و راپەڕاندنی ئیش و کاری فەلاحەتی و جوتیاری بە نرخێکی دیارکراو و بە تەقسیت تا فەلاح و جوتیارەکان بتوانن بیکڕن یا بەپێی تۆمارکردن لە کاتێکی دیاری کراودا وەریبیگرن.

١١- کردنەوەی نەخۆشخانە بۆ نوستن و چارەسەرکردنی نەخۆش لە مەڵبەندی ناحیەکان بەپێی پێویستی و رەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوانی.

١٢- کردنەوەی بەشی ناوخۆیی لە مەڵبەندی ناحیەکان بەپێی پێویست و ژمارەی قوتابی دێهاتەکان کە روودەکەنە ناحیەکە.

١٣- بڕینەوەی دەرماڵەی پێویست بۆ قوتابی بەشی ناوخۆیی ناحیەکان کە لە دێهاتەوە وەردەگیرین.

١٤- هێنانەوەی ناحیە و قەزا دابراوەکانی پێشووی پارێزگای کەرکوك وەك: چەمچەماڵ، کفری، کەلار، خورماتوو* بۆ سەر پارێزگای کەرکوك، کە لە ساڵی ١٩٧٦ بە مەبەستی گۆڕین و بەعەرەبکردنی کەرکوك لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەکرا.

## بەرنامەی هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك

لەپاڵ جێبەجێکردن و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچەکانی و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخ تیایدا، پێویستە لەسەر کورد و دەسەڵاتەکەی بەرنامەیەکی هاوبەشی هەبێت تا بتوانێت بە تەواوی ناکۆکی نێوان دانیشتوانی بنەڕەتی شارەکە بنبڕ بکات و گیانی تەبایی و هاوبەش و پێکەوە ژیان دابنێت و هەموو لایەك پێکەوە بتوانن شارەکە و پارێزگاکە ببەن بەڕێوە، ئەم بەرنامەیەش رەچاو بکرێت.

* خورماتوو راستترە لە دوزخورماتوو چونکە کوردی ترە و ئەسڵی وشەکە (هورماتوو)ە واتە شاری هوریەکان نەك وشەکە بکرێتە تورکمانی بە نەزانی.



بەرنامەی چارەسەرکردنی کە بێجگە لە کورد و نەتەوەکانی وەکو تورکمان، کلد و ئاشوور، عەرەبی کۆن بگرێتەوە:

١- هەوڵدان بۆ نزیك بوونەوەی نەتەوەکانی شارەکە لە یەکتر و بەشێوەیەکی راست و مکوم (جدی)، ئاشتبوونەوەی گشتی و بەستانی کۆنگرەیەکی گشتی بۆ رۆڵەکانی پارێزگاکە، لە رۆشنبیران، کەسایەتی ئایینی و ناودار و خاوەن دەسەڵات و سەرۆك هۆزەکان و رێکخراو و حیزبەکان بۆ مەبەستی دڵپاککردنەوە و رێزگرتن و داننانی تەواو بە مافی یەکتر بگیرێت.

٢- داننانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نەتەوە جیاوازەکانی کەرکوك بۆ بەڕێوەبردنی کار و چارەسەرکردنی کێشەکان.

٣- هاوبەشکردنی لە بەڕێوەبردنی پارێزگاکە بەپێی رێژەی دەنگدان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتییەوە ئەنجام درابێت.

٤- دابەشکردنی پۆستە جیاوازەکانی بەرەچاوکردنی گیانی برایەتی و هاوبەشی کردنی یەکتر.

٥- رێزگرتن لە بۆنە نەتەوەیی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی جیاوازی پارێزگاکە و هاوبەشی کردنی یەکتر لەم رووەوە.

٦- دانانی سندوقێکی هاوبەش لە پارەی خۆبەخشی بۆ لێقەومان و پێویستی شارەکە و کاتی تەنگانە.

لە کۆتایی ئەم باسەوە پێویستە ئەوە رەچاوبکرێت ئەگەر هەموو رێگا دەستووری و دان و ساندنەکان سەری نەگرت و بێ سوود بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك بەتایبەتی و مافی گەلی کورد بەگشتی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و حکومەتی ناوەندی پاشەکشە بکەن و رێگای تر بگرینەبەر وەکو ناڕەزایی دەربڕین بەشێوەی سەرانسەری لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و فشار خستنەسەر

دەوڵەتی ئەمریکا و بەریتانیای هاوپەیمانی کورد و بۆ سەر کۆڕ و کۆمەڵ و دادگای نێودەوڵەتی و هەروەها ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەرانسەری لە کوردستان بۆ یەکالآیی کردنەوەی چارەنووسی کورد و بۆ ژیانی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی و جیابوونەوە کە تاکە چارەسەری کێشەی کوردە[٩].

(٩) د. رفیق شوانی، پێکەوە ژیان یا جیابوونەوە، تاریکایی مانگە لەئێوارەوە دیارە رۆژنامەی رێگای کوردستان، ژ(٦٤٣) لە ٢٥/٥/٢٠٠٥.



**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بەڕێزان هەر دوو سەرۆکی فراکسیۆنی زەردو سەوز**

**پەرلەمانتارە بەڕێزەکان***

**سلاو و رێزو وەفاداری**

ئێمە بە ناوی خەڵکی دەرکراوو راگوێزراوی پارێزگای کەرکوکی دڵ و قودسی کوردستانەوە، بە ناوی شەهیدانی نەتەوەکەمانەوە، هانای دەربەست بوونی نەتەوەییمان، بۆ ئێوەی دەنگی میللەتەکەمان هێناوە، تا بە دەنگ و بەتەنگەوە هاتنی خەڵکی ئۆردووگا زۆرە ملێکانەوە بێن. هانامان هانای نەتەوەییە، تا زووە کاربکرێت، بۆ پەلەکردن لە گەڕانەوەی خەڵك بۆ پارێزگای کەرکوك و ئاوەدانکردنەوەی شوێنە چۆڵکراوەکانی، کە لەلایەن رژێمی بەعسی گۆڕ بە گۆڕەوە وێرانکراوە.

بەڕێزان: هەموو دەزانین ئێستاکە، لە هەموو کاتێك زیاتر، مەسەلەی چارەنووسی گەلەکەمان، کە ساڵەهای ساڵە، خەبات و قوربانی بێ شوماری لە پێناو کورد بوونی کەرکوك داوە، بۆ ئەوەی بخرێتەوە سەر کوردستان، بۆیە کەرکوك مەسەلەی ناوەندی شۆڕشی نەتەوەکەمانەو، بریتییە لە پشتێنەی ئاسایشی نەتەوەکەمان لە کوردستان و، بە شێکە لە ئابڕووی نەتەوەکەمان و شوێنێکی تا بڵێی هەستیارو ستراتیژییە لە رووی ئابووری و سیاسییەوە.

بۆیە پێویستە و داواکارین تەواوی هەوڵەکان بخرێتە گەڕ بۆ پەلە کردن بۆ گەڕاندنەوەی خەڵکی ڕاگوێزراو، تا پێش کاتی هەڵبژاردن لە ٣١/ ١٠/ ٢٠٠٤،

* رێکخەر و ئامادەکەری خۆپیشاندان و یاداشتەکە د. رفیق شوانی (٣٠/ ٤/٢٠٠٤) لە کاتی خۆی لە رۆژنامەکانی کوردستان بلاوکراوەتەوە.

تا کار لە کار نەترازاوە مشورێکی بە پەلەی بۆ بخورێت و لە ڕێگای پەرلەمانەوە، هەوڵبدرێت هەر دوو کارگێڕی هەولێر و سلێمانی ئەم پرۆژە پێشنیاز کـراوە، کـە ئێمە بە ناوی خەڵکە دەرکراوەکانەوە، پێشکەشتانی دەکەین، بە هەند وەربگیرێت و جێبەجێ بکرێت:

١- پەلەکردن لە گەڕاندنەوەی خەڵك و پشتگیری کردنیان، بە پێـشکەش کردنـی یارمەتی پێویست و بەپەلە.
٢- بەخشینی زەوی بەسەر دەرکراوەکانی کەرکوك.
٣- قەرزی خانووکردن (سلفەی عقاری) بدرێتە خەڵکی دەرکراوو بۆ هەر ماڵێك.
٤- بڕی (٤٠٠٠) چوار هەزار دۆلار بدرێتە هەر ماڵێکی دەرکراو.
٥- بەشـداریکردنی بەڕێوەبەرایەتییـە پەیوەندیـدارەکانی هــەر دوو لا، لـە ئـاوە دانکردنەوەی ناوچەکە، لە خزمەت گوزارییە هەرە گـرنگ و پێویـستەکان لـە ڕێگـاو بانـەکان و نیـشتەجێ کـردن، پـرۆژەی ئـاو، کارەبـا، نەخۆشـخانە، قوتابخانە، پاکردنەوەی کێڵگەی مین لە ڕێگاو بانەکان.
٦- هەوڵدان بۆ گواسـتنەوەی خـەڵکی دامــەزراوو کارمەنـد لـە مامۆسـتایان و فەرمانبەران بێ گوێدانە لایەنی حیزبایەتی.
٧- پارێزگای کەرکوکیش بخرێتە ناو لیستەی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی شـارەکانی تـری کوردسـتان، ئـەمجا بــە هــەر شـێوەیەکی گونجـاو بێـت، لـە ڕێگـای خێرخوازییەوە، یا هەر ڕێگایەکی تری گونجاو بۆ ئەم مەبەستە.
٨- بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی سەرەوە، پێویستە لیژنـەی کارامــە و پێویـست دابنرێت بۆ گەراندنـەوە، لـە راگەیانـدن و تەلـەفزیۆن، لـە ئۆردوگاکـان، لـە بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانی وەك: شارەوانی، ڕێگـاو بـان و نیـشتەجێ کردن، تەندروستی، پەروەردە.

لە دواییدا چاوەڕوانی وەڵامی دڵخۆشین و بە هیوای لە دەست نـەدانی کـەرکوکی کوردستان و ئەو پەڕی ڕێزو خۆشەویستیمان بفەرموون.



## بۆ لێپرسراوو ڕێکخەری C PA لە کوردستان / هەولێر

**بەڕێز هاری شوت***

**سڵاو و ڕێزو وەفاداری**

تەنها ئێمە میللەتی کورد، لە کوردسـتانی عێـراق و بگـرە نەتـەوەی کـورد لـە هەموو دونیا، پشتیوان و پشتگیری ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بووین، بـۆ بڕیـار و مەسەلەی لێدان و ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی سەدامی دکتاتۆر لە عێراق.

کورد پێش لێدان بە ڕاگەیاندن و بە خۆپیشاندان پشتگیری خۆی بۆتان ڕاگەیاند و ئامادە باشی تەواوی لە گەڵتاندا وەکو وڵات و میللەت بە هاوکاری کردنتـان بـە سیاسەتی لۆجیستی و بە هاوکاری هێزی پێشمەرگەوە وەرگرت.

کاتێك کە سوپای هاوپەیمانان گەیشتە کوردستان، بە پێچەوانەی میللەتانی تـری عێراقەوە، بە ماچ و گوڵ و بە دڵەوە پێشوازیمان لێتانکرد. منداڵی کورد بە پارەی ڕۆژانەکەی خۆی ئـاڵای ئەمــەریکا و بـەریتانیانیان دەکـڕیّ و لەسـەر ماڵـەکانی خۆیان بەرزیان دەکردەوە، کە چی ئێستا هاوپەیمانان بوونەتە ئاسـتەنگ بەرانبـەر گەڕاندنەوەی دەرکراوانی کەرکوك.

ڕۆژئاوا لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بە دابەشـکردنی وڵاتـی کـورد بـۆ چوار بەش بەسەر عێراق، ئێران، تورکیـا و سـوریا دا بەشـدارە لـە هـەموو ئـەو تاوانانەی کە بەسەر کوردا هاتووە لە سووتاندن و ڕوخاندنەوە تا دەگاتە جێبـەجێ کردنی سیاسەتی جینۆسـایدو ڕوخـانی ئـابوری کوردسـتان، چـونکە بـە بڕیـاری ڕۆژئاوا وڵاتەکەی دابەشکراوە بۆ چوار پارچە.

---

* ڕێکخەری خۆپیشاندانەکەو ئامادەکردنی ئەم یاداشتە د. ڕفیق شوانی، ٢٤/٥/ ٢٠٠٤، وەکو هـەواڵ (لە ڕۆژنامەکانی کوردستان بڵاوبووە)

بەڕێزان: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، ئێوە دڵی کورد چاك بکەنەوە بە هاوکاری کردنی و بە وەرگرتنی مافە ڕەواکانی و کۆتایی بە نەهامەتی کورد بهێنن. ئەو کاتە کورد لێتان دەبووریێت و دڵسۆزتان دەبێت، بە پێچەوانەوەش بەوەفاترین و دڵسۆزترین میللەتی هاوپەیمانتان لەدەس دەدەن، کوردیش وەکو میللەتانی تر دەتوانێت دوژمنایەتیتان بکات، کە ئێستا بە هۆی هاوپەیمانێتی و هاوکاری کردنی ئێوەوە بە کافرو کرێگرتە و پیاوی زایۆنیزم دانراوە و ڕۆژانە ڕۆڵەکانی لەملاو لەولادا تیرۆر دەکرێن و تەقینەوەی شاری کەرکوك و هەولێریش بەڵگەی قسەکانمانە. بەداخەوە لە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام و ڕزگارکردنی عێراقەوە، ئێوە کوردتان لە بیرکردو تا ئێستا هیچتان بۆ نەکردووە و نەتانتوانیوە یا نەتان ویستووە بارودۆخی کوردستانی عێراق ئاسایی بکەنەوە بۆ بارودۆخی پێش حوکمی سەدام.

ئێمە ئێستا وەکو جەماوەری دەرکراوی خەڵکی کەرکوك، بە دەستی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو، هانامان بۆ ئێوەی هاوپەیمان و پشتیوانی خۆمان (ئەمەریکا و بەریتانیا) هێناوە. تا مافی هاوپەیمانێتی و چاکەمان بدەنەوە، ئەویش بە گەڕاندنەوەی هەموو ئاوارەکانی کەرکوك بۆ شوێنی باوباپیرانی خۆیان بەزووترین کات جێبەجێ بکرێ.

**داواکارین ئەم سکاڵایە بەرزبکرێتەوە و ئەم داواکاریانەش جێبەجێ بکرێت:**

١- فەرمان بدەن بە گەڕاندنەوەی دەرکراوانی پارێزگای کەرکوك بۆ شوێنی پێشوی خۆیان لە پارێزگاکەدا.

٢- پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پێویست وەکو: پرۆژەی ئاوو کارەبا، قوتابخانە و نەخۆشخانە، چاکردنی ڕێگا و بانی دێهاتەکان، پاکردنەوەی لە مین.

٣- قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانەی لێیان کەوتووە بە هۆی دەرکردنیانەوە لە کەرکوك و ناوچەکانی.



٤- فەرمان بدرێت بە ئەنجوومەنی دەسەڵات و بە پارێزگای کەرکوك، زەوی خانوو کردنیان بۆ دابین بکرێت بۆ ئەوانەی خەڵکی ناو کەرکوکن.

٥- دەرکردنی فەرمانێکی گشتی و ڕەسمی بۆ گواستنەوەو گەڕاندنەوەی فەرمانبەران و مامۆستایانی دەرکراو بۆ شارەکەی خۆیان و ناوچەکانی لە کەرکوك.

لە کۆتاییدا چاوەڕوانی بەدەنگەوە هاتنی خەڵکی دەرکراوی کەرکوك وەرگرتنی مژدەی خۆشی هاوپەیمانێتیتانین و بە پێچەوانەوەش هاوپەیمانێتی گەلێکی دڵسۆزتان دەدۆڕێنن و ئێمەش ناچار دەبین شێوازی تر بگرینە بەر لە پێناوی گەڕاندنەوە و مافە ڕەواکانمان.

## پاشکۆ

To Mr. Kevin,
The American director of high studies in Kirkuk,

Warmest Greetings,

First of all, we want to express our deep thanks and appreciation to American government and their allies, who saved us from the bloody rule of the tyrant Saddam . We as Kurds will never forget the American stance in this case and we have supported them strongly and still do that in their war against Terrorism .

Mr. Kevin, the Kurdish people have received American troops with Roses and deep feelings of respect and love, in contrast with other nations in Iraq . I would like you to know, that we always pray for God to protect your troops , because they are implementing a holy task. During the war every Kurdish family had tasted bitterness and sadness when each time an American soldier have been injured, killed, or arrested, as if he is a member of their families. Now these depressed and poor people have put all their hopes on you as American government and civil administration to make them forget what they have lived in and suffered from.

Mr. Kevin, those who save nations and supply social justices for depressed and poor people will never being forgotten, and will live in minds of humanity for ever. You are now doing that, so we as Kurdish people of Kirkuk city are waiting your support and help to put an end for our expuision by facilitating our return to Kirkuk. We as Kurdish teachers who work in other universities , ask you to support and help us to return to Kirkuk university and institute, which is supposed to be our natural and original place, and to ask Arab teachers, who have been brought from other universities instead of the expelled Kurdish teachers . We want to delete BA/Th influence and culture on these academically institutions and to participate in rebuilding a civil and democratic community through such modern and developing place like university . We will try our best to serve science and humanity through the university gate by opening new departments which deal with the culture of Kurdish nation and also departments of humanity sciences .

Finally we ask you to find a quick and a serious solution for our urgent problem. Thanks for your efforts in stabilizing Peace, Freedom and Justice.

Best Regards,

Kurdish teachers of Kirkuk
29/9/2003

The following are the name of the teachers , their signature and field of Specialization:



بەڕێز مستەر کیڤن
ڕێکخەری ئەمەریکایی بۆ خوێندنی باڵا لە کەرکوک

سەڵاو ڕێز

پێش هەموو شتێک ، ئێمە دەمانەوێت لە ناخەوە سوپاس و ڕێزی خۆمان ئاراستەی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بکەین ، کە ئێمەتان لە دەسەڵاتی ڕژێمی خوێناوی سەدامی دکتاتۆر ڕزگارکرد .

ئێمە وەکو کورد هەرگیز هەڵوێستی ئەمەریکا لەم مەسەلەیەدا لەبیرناکەین و تا ئێستاش بە شێوەیەکی بەهێز پشتگیری ئەمەریکا دەکەین لە جەنگی دژە تیرۆردا .

بەڕێز کیڤن : گەلی کورد بە گوڵ و ماچ و هەستێکی قووڵەوە بە پێچەوانەی گەلانی تری ئێراقەوە پێشوازی لە سوپای ئەمەریکایی کرد . هەموو خێزانێکی کورد زۆر دڵگران دەبوو کاتێک لە شەڕەکەدا سەربازێکی ئەمەریکایی بریندار دەبوو ، یا دەکوژرا ، یا بە دیل دەگیرا ، وا دەزانین ئەندامێکە لە خێزانی خۆمان .

ئێمە وەکو کوردی خەڵکی کەرکوک چاوەڕوانی پشتگیری و یارمەتی ئێوەین ، تا کۆتایی بە ئاوارەیی ئێمە بهێنن و بمانگەڕێننەوە بۆ کەرکوک و وەکو مامۆستایانی زانکۆ لە خەڵکی کەرکوک ، کە لە زانکۆکانی کوردستان کار دەکەین داواتان لێدەکەین یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکانی شارەکەمان .

بە هەمان شێوە داواکارین مامۆستا عەرەبەکانی کە لە زانکۆکانی ترەوە لە جیاتی ئێمە هێنراونەتە زانکۆی کەرکوک و پەیمانگاکانی بگەڕێننەوە بۆ شوێنی بنەڕەتی خۆیان .

ئێمە دەمانەوێت زانکۆی کەرکوک کە لە سەر سیستەم و کەلتوری ڕژێمی بەعس دامەزراوە ، بیگەڕێنینەوە سەر ئاستی ئەکادیمی و زانستی خۆی لە پێناو خزمەتی زانست و مرۆڤایەتیدا . ئەمیش بە کردنەوەی بەشە نوێیەکانی کە بەندن بە کەلتوری نەتەوەی کوردو کردنەوەی بەشە زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە .

لە کۆتاییدا داواتان لێدەکەین بۆ دۆزینەوەی چارەسەرکردنێکی خێراو بە پەلە بۆ کێشەکەمان .

سوپاس بۆ هەوڵەکانی ئێوە لە پێناو چەسپاندنی ئاشتی و ئازادی و دادپەروەریدا .

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزدا

مامۆستایانی کوردی کەرکوک
٢٠٠٣/٩/٢٩

ئامادەکەری یاداشت
د. ڕفیق شوانی
مامۆستای زانکۆی لەکۆڵین
ئامادەی زانکۆی سەلاحەدین

لە خوارەوە لیستی ناوی مامۆستایان و ئیمزایان

[illegible]

١- د. رفیق شوانی
٢- د. طالب عبدالله
٣- د. عزیز ستار عمر
٤- د. قاسم سعید هادی
٥- د. عبدالله فاضل احمد
٦- د. نوزاد زراری
٧- عبدالله اسماعیل
٨- شیرزاد عثمان رسول
٩- سمیرة فیض الله محمد
١٠- امین عباس
١١- ئازاد محمد سعید (شیخ...) (یتا ...)
١٢- محمد صباح سعید
١٣- عبدالحمید غفور ابراهیم
١٤- محمد مصطفی احمد
١٥- عبدالله خورشید
١٦- عبدالحمید علی سعید
١٧- ازاد طه محمد سعید (ئازاد)
١٨- د. صباح احمد
١٩- م. شلیر محمود
٢٠- م. سالار محمد امین
٢١- د. باسمه
٢٢- د. لذیذه
٢٣- تارا صباح
٢٤- عبدالله محمود ابراهیم
٢٥- عباس علی سلیمان
٢٦- مجید عبدالله صالح
٢٧- عمر علی رشید
٢٨- هیوا امین حلاو
٢٩- سادات حسین محمود
٣٠- محمد یاسین ...

کوردستانی نوێ، ژمارە (٣٤٤٣) ... سێشەممە ٢٠٠٤/٥/٢٨ ... [illegible]



سەرۆکی
بەڕێز پەرلەمانی کوردستان

بەڕێزان هەردوو فراکسیۆنی زەرد و سەوز

پەرلەمانتارە بەڕێزەکان

سڵاوی ڕێزو وەفاداری .........

ئێمە بەناوی خەڵکی دەرکراو و ڕاگوێزراوی پارێزگای کەرکووکی دڵ و قودسی کوردستانەوە بە ناوی کەس و کاری شەهیدانی نەتەوەکەمانەوە هانای دەربەست بوونی نەتەوایەتیمان بۆ ئێوەی دەنگی میللەتەکەمان هێناوە. تا بە دەنگ خەڵکی ئۆردوگا زۆرە ملێکانەوە بێن تا زوو کار بکرێت بۆ پەلە کردنی گەڕانەوەی خەڵك بۆ پارێزگای کەرکوك و ئاوەدان کردنەوەی شوێنە چۆڵکراوەکان کە لە لایەن ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕەوە وێران کراوە.

بەڕێزان هەموو دەزانن ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر مەسەلەی چارەنووسی گەلەکەمان کە ساڵەهای ساڵە خەبات وقوربانی بێ شوماری لە پێناو کورد بوونی کەرکوك داوە کە پارچەیەکی سەرەکی کوردستانە ،بۆیە کەرکوك مەسەلەی ناوەندی شۆڕشی نەتەوەییمانە و بریتیە لە پشتێنەی ئاسایشی نەتەوەکەمان لە کوردستان و بەشێکی گرنگە لە ئابووری نەتەوەکەمان شوێنێکی تایبڵێی هەستیارو ستراتیژیە لە ڕووی ئابووری و سیاسیەوە بۆیە داواکارین تەواوی هەوڵەکان بخرێتە گەڕ بۆ پەلە کردن لە گەڕانەوەی خەڵکی ڕاگوێزراوی شاری کەرکوك ، تاپێش کاتی ئامارکردن لە (٣١-١٠-٢٠٠٤) تا کار لە کار نەترازاوە مشورێکی بە پەلەی بۆ بخورێت . لە ڕێگای پەرلەمانەوە هەوڵبدرێت هەر دوو کارگێری هەولێرو سلێمانی ئەم پرۆژە پێشنیازکراوە کە ئێمە بەناوی دەرکراوەکانی کەرکوکەوە پێشکەشتانی دەکەین بە هەند وەربگیرێت و جێبەجێ بکرێت .

١- پەلە کردن لە گەڕانەوەی خەڵك و پشتگیری کردنیان بە پێشکەشکردنی یارمەتی پێویست .
٢- بەخشینی زەوی بە سەر دەرکراوەکانی کەرکوك لە کاتی گەڕانەوەیاندا.
٣- قەرزی خانووکردن (سلفەی عەقاری) بدرێتە دەرکراوەکانی کەرکووك .
٤- بڕی (٤٠٠٠) دۆلار وەك هاوکاری بدرێتە دەرکراوەکانی کەرکوك .
٥- بەشداریکردنی بەڕێوبەرایەتیە پەیوەندیدارەکانی هەردوولا لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە خزمەتگوزاریە هەرەگرنگو پێویستەکان لە ڕێگاوبان وە نیشتەجێکردن و پرۆژەی ئاو و کارەبا و نەخۆشخانە، گۆڕستانەکان پاککردنەوەی کێڵگەی مینڕێژکراوەکان لە ڕێگاوبانەکان .
٦- هەوڵدان بۆ گواستنەوەی خەڵکی دامەزراو کارمەنداە مامۆستایان و فەرمانبەران بێ گوێدانە لایەنی حیزبایەتی .
٧- پارێزگای کەرکوکیش بخرێتە ناو لیستی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی تری کوردستان ، ئینجا بە هەر شێوەیەکی گونجاو بێت لە ڕێگای خێرخوازیەوە یا هەر ڕێگایەکی تر بۆ ئەو مەبەستە .
٨- بۆجێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە پێویستە لێژنەی کارامەو پێویست دابنرێت بۆ گەڕانەوە .

لە کۆتاییدا چاوەڕوانی وەڵامی دڵخۆشین بە هیوای لە دەست نەدانی کەرکوکی کوردستانین

بە هیوای سەرکەوتن بۆهەموو لایەك .

دەرکراوەکانی کەرکوك لە ئۆردوگاکانو ناو شار

٢٠٠٤-٥-٥

ئامادەکەر و ڕێکخەری بەرنامە و یاداشتەو
ڕێپیوانەکە د. رفیق شوانی

(٥٩)

ئەوەیە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٠ ڕۆژنامە (الثورة) ئۆرگانی حیزبی بەعس ئاگادارییەکی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی (التأمیم) بڵاوکردۆتەوە، داوا لە خاوەن زەوی و زارەکانی دێی یارەولی کە (٧) کم [لە باکووری ڕۆژئاوای] کەرکوکەوە دوورە ئامادە بن بۆ ئەوەی خاوەندارێتی زەوییە کشتوکاڵییەکانی دێیەکەیان بکوژێنرێتەوە و ببێتە موڵکی دەوڵەت. ژمارەکانی ئەو پارچە زەوییانە ئەمانەیە (٢٢، ١١٢، ١٢٥، ١٢٠/١، ١٣٤، ٢٦، ١٣٥، ١٣٨)ی کەرتی ٥٨ی یارەولی. ئەم ئاگادارییە وەکو هەواڵێک ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕۆژی ٢٢/١١/٢٠٠٠ ژمارە (٢٣١١) لە پەڕە (٢) بە ناونیشانی (لادێکانی ... کوردی ڕەگەزپەرستانەی بەعس) و ئەمەش بەڵگەکەیە.

**مديرية زراعة التأميم**

**اعلان**

من لجنة الغاء وتقدير الحقوق التصرفية لمحافظة التأميم الى اصحاب حقـــــوق التصرفيـــــة فــــي القطع ٢٢ و١١٢ و١٢٥ و١٢٠/١ و١٣٤ و٢٦ و١٣٥ و١٣٨ من المقاطعة ٥٨ ياروالي الثاني حضوركم او من ينوب عنكم قانونا بعد اسبوع من نشر هـذا الاعلان في مواقع القطع اعلاه لغرض اجـــراء الكشف الموقعي عليها لاستكمال اجراءات الالغاء وبخلافه ستتخذ اللجنة اجراءاتها وحسب الاصول قانونيا .

(ث)

سليمان سعيد سليمان
مدير زراعة التأميم



ناوی ئامادەبوان

لە کۆبوونەوەی زانکۆی کەرکوک لە کۆلێجی پەروەردە

لەگەڵ نوێنەری بریمەر و نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا لە عێراق

لە مامۆستایانی زانکۆ / هەڵکی کەرکوک لە زانکۆی سەلاحەدین

ڕۆژی ٢٩/٩/٢٠٠٣

ناوی مامۆستا و توێژەران

١- د. رفیق محمد شوانی
٢- د. طالب محمد احمد
٣- د. ئەزیز ستار عمر
٤- د. قاسم سعید هادی
٥- د. عبدالله فاضل احمد
٦- د. نوری یاسین هەرزانی
٧- عبدالله اسماعیل
٨- شیلان عثمان رسول
٩- سمیرە فیض الله محمد
١٠- امین عباس
١١- م. ئازاد محمد سعید
١٢- محمد صباح سعید
١٣- عبدالحمید غفور ابراهیم
١٤- م. محمد مصطفی احمد
١٥- م. عبدالله خورشید
١٦- م. عبدالحمید علی سعید
١٧- ئازاد طاهر عمر
١٨- د. صباح احمد
١٩- د. شلێر محمود
٢٠- م. سامی محمدامین
٢١- د. باسمە صادق احمد
٢٢- د. لەزیزە عبدالستار عمر
٢٣- تارا صباح
٢٤- عبدالله محمود ابراهیم
٢٥- عباس علی سلیمان
٢٦- حمید عبدالله صالح
٢٧- عمر علی رشید
٢٨- صموا امین جلال
٢٩- سامان حسین محمود
٣٠- م. محمد فارس یادگار
٣١- د. کریم نجیم خضر
٣٢- م. مصطفی محمد کریم زەنگنە

لێپرسراوان ئەمانە بوون:

١- نوێنەری بریمەر بەرپرسیاری بوو
٢- مستەر کیفن [ڕاوێژکاری] خوێندنی باڵا لە کەرکوک
٣- نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵا لە عێراق
٤- سەرۆکی زانکۆی کەرکوک د. محمد العبیدی

تێبینی ① : ئەم سێ کەسەی لای خوارەوە لە جیاتی هەموان قسەیان لەگەڵ نوێنەری بریمەر کرد:

١- م. مصطفی محمد کریم
٢- د. رفیق محمد شوانی
٣- د. کریم نجیم خضر

② بێجگە لەم ناوانەی کە ئامادە بوون، د. رفیق شوانی لیستێکی ناوی مامۆستایانی هەڵکی کەرکوک لە زانکۆکانی کوردستان لە هەولێر و سلێمانی بە ئیمزاوە پێشکەش کرد بە نوێنەری بریمەر.

د. رفیق شوانی
٢٩/٩/٢٠٠٣

## To the Director of CPA in Kurdistan \ North of Iraq

**Warmest Greetings**

- Kurdish people is your ally and gave their support, when you took the decision to change the dictatorial regime of Iraq. We were ready as a nation and country to help you by our logistic information, intellegence, and our military forces ( Peshmarga).
- When the American troops, came to Kurdistan, the Kurdish people received you with claps and flowers, in sharp contrast with the rest of Iraq. Kurdish children used to save their pocket money to buy American and British flags, but unfortunately you are making obstacles or the best remain indifferent question of Karkuk in particular the issue of the return of expelled people back Karkuk.
- Following the first World War, the allied powers of the time in particular the British & French governments played significant role on the division of Kurdistan into four parts (1923). Since then the west either remained silent or helped those regimes that pursued and participated power against the national and human rights of the Kurdish people. We witnessed the genocide of Helabja, the Anfal campaign, and other parts of southern Kurdisatn. Otherwise Kurds would have no other option but to oppose you like the rest of Iraqi people, who regard us as their enemy, because we are your allies and friends.
- Those Kurdish people who were expelled from Karkuk by ex- Bathist regime hoped that after the liberation they will be able to return back to their rightful city. It was expected from you that you should correct the wrong doings of Saddam's regime, hence to return Karkuk back to its pre- Saddam conditions. Now, we as the expelled people of Karkuk ask our allies ( America & Britain ) to help us by supporting us to return back to the our rightful land, the land of our fathers and descendants, as soon as possible.

**<u>Following are our the Demands</u>**

1. Issue an order for the return of all the expelled people to Karkuk. Those expelled people are currently living in a miserable life as compulsory groups in Hawler & Sulimanya.
2. Provide essential and vital services such as water, electricity, building schools and hospitals, removing mine lands, and repairing & paving all the roads to the towns and villages to the people of Karkuk.
3. Grant compensation to all those people who have been harmed and expelled by force from their homes.
4. Issue an order to Karkuk governorate and its council to provide housing lands to those expelled people who are from Karkuk.
5. Provide financial and other helps to the expelled people in order to encourage them returning to Karkuk.
6. All those expelled people who are employees in Hawler, Sulimanya and other cities of southern Kurdistan should be allowed to continue their works in Karkuk. All the essential helps for those people must be provided.

We would appreciate if you would consider our demands. We are optimist that you would prove a just policy in respond to the question of Karkuk. We hope that you would not forget your trust friends, the Kurds, who provided their best in your struggle to topple Saddam's regime.

**Expelled people of**
**Karkuk in Hawler**
**24/5/2004**



بسم الله الرحمن الرحيم

محافظة التاميم
مديرية الشؤون الداخليـــــة
الشعبة السرية

العدد / ٢٧١٤
التاريـــخ / ٥ /١٢/ ٩٨٧

وثيقة عدم تعرض

يسمح للمدعو رفيق محمد محي الدين بنقل اثاثه من محلة الاسكان رقم الدار ٤٠٤/٧ الى تقسيم المحلة ٧/٧ ناحية على ان تبقى نافذة لمدة عشرة ايام من تاريخ صدورها .

صعدي رشيد صالح
م/محافظ التاميــــم

نسخة الى :
محافظة / ش.د /للتفضل بالعلم لطفا .
شرطة التاميم /امن التاميم /مختار محلة /للعلم لطفا .

## بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر

**کتێب:**

١. چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی،دەزگای موکریان، هەولێر/٢٠٠١.
٢. ئامرازی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا، دەزگای سەردەم، سلێمانی/٢٠٠٤.
٣. دەردی دووری هەوارگەی وێران، دیوانی شیعرو پەخشان، سلێمانی/٢٠٠٤.

**زمانەوانی:**

١. گۆڕانی باری ئابوری و فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە (١٣٢)، ١٩٩٣، ل ٦٨ — ٨٠.
٢. دەوری ئامرازی "تا" لە زمانی کوردیدا.گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە(١٣٥)، ١٩٩٥، ل ٦٣ — ٦٩.
٣. دەوریەت مۆرفیمی "ب" لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، گ: ڕۆشنبیری نوێ،ژمارە (١٣٨)، ١٩٩٦، ل ٢٢ — ٢٥.
٤. دیاری کردنی ئامراز لە زمانی کوردیدا، مجلە الاستاذ، جامعە بغداد، کلیە التربیە الاولی (ابن رشد)، العدد الحادی عشر، ١٩٩٨، ل ٥٤٤ — ٥٧١.
٥. چاوگ و فرمان کامیان سەرچاوەو بنەڕەتن، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بغداد، ١٩٩٨، ژمارە ٢٧/ ٢٨، ل ٤٤ — ٧٠.
٦. دەوری ئامرازی "بۆ" لە ڕستەدا لە ڕووی واتاوە، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك، ژمارە(١)، ١٩٩٧، ل ١٥ — ٢٢.
٧. هۆی پەیدابوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی، گۆڤاری زانکۆیا دهۆك ، بەرگی ٢، ژمارە (٦)، ١٩٩٩، ل ٧٩١ — ٨٠٨.
٨. مێژووی زمانی کوردی لە کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ ، گۆڤاری (کاروان)، ژ(١٤١)، مانگی ٢ ی ساڵی ٢٠٠٠، ل ١٠٢ — ١٠٧.
٩. کاریگەری بزوتنەوەی کورد و فراوانبوونی فەرهەنگی وشەی زمانی کوردی، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٢٧)، ١٩٩٨، ل ١٩ — ٢٤.



١٠. زمانی کوردی چۆن زمانێکە، گۆڤاری (گوڵانی لاتینی) ژمارە (٩، ٨)سیبتامبەری / ١٩٩٩، ل ٧٨ — ٨١.
١١. زاری ناوچەی شوان بە بەراورد لەگەڵ زمانی ستانداردا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٥١)، ٢٠٠٠، ل ٢٥ — ٣٨.
١٢. جیاکردنەوەی هەندێ کەرەسەی ڕێزمانی لە یەکتر، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٢٧)ی ئابی ١٩٩٨، ل ١٧٥ — ١٧٩.
١٣. مۆرفیمی "ە" و شێوەی جیاجیای لە ڕستەدا، گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە(٣٨) ی ئابی ١٩٩٩، ل ٢٣٨ — ٢٤٤.
١٤. با بایەخ بە زمانی کوردی بدەین، گۆڤاری دهۆك، ژمارە(١)، ١٩٩٧، ل ٣٥ — ٣٦.
١٥. با زمانی کوردی بکەین بە زمانی زانست ، ڕۆژنامەی پاشکۆی برایەتی، ژمارە (١٥١) ، ئەدەب و هونەر لە ٥/ ١١/ ١٩٩٩.
١٦. با وشە رەسەنەکانی کوردی لە دەست نەدەین، پاشکۆی عێراق، ژ (٣٦١) ، ١٩٩٥/١٢/١٠، ل ٦.
١٧. هەمزە ( ء )، دەنگ و فۆنیمە لە زمانی کوردیدا، پاشکۆی عێراق، ژمارە (٣٢٢)، ١٩٩٥/٢/٢٦، ل٦.
١٨. لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کۆن و تازە، پاشکۆی عێراقی ڕۆشنبیری، ژمارە (٣٤٣).
١٩. سەرهەڵدانی زمانەوانی، پاشکۆی عێراقی ڕۆشنبیری ، ژمارە(٣٤٦) لە ١٩٩٥/٨/٢٧، ژمارە(٣٤٧) لە ١٩٩٥/٩/٣ زنجیرە وتار.
٢٠. جیاوازی زمانی قسەکردن و زمانی نووسینی، عێراقی ڕۆشنبیری، ژمارە (٣٢١) و، (٣٢٥)، زنجیرە وتار.
٢١. هەندێك لایەنی گۆڕانی زمانی کوردی، زنجیرە وتار ، هاوکاری ژمارەکانی (٢٣٣٥ ، ٢١٤٥ ، ٢١٧٠ ، ٢١٨١ ، ٢١٩٩ )...هتد.
٢٢. سەرنج و تێبینی دەربارەی چەند وتارێکی مامۆستا وریا عمر ئەمین، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٣) ، ١٩٩٩، ل ٣٠ — ٣٦.
٢٣. زارە جیاوازەکانی پارێزگای کەرکوك و کاریگەری ڕاگوێزان بە سەریانەوە، گۆڤاری: هاواری کەرکوك، ژمارە (٥)، ٢٠٠١، ل ١٠٩ — ١١٧.
٢٤. دەنگی ڕەسەن و ناڕەسەن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری هاوکاری ، ژمارە (٢٥٦٨).

٢٥. هەڵسەنگاندنی نامەی ماستەری قوتابی ئازاد ئەمین باخەوان بە ناونیشانی (مۆرفیمەکانی "ە" لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا کە لە ڕۆژی ١١/٢٦/ ١٩٩٨ لە کۆلیژی پەروەردەی یەکەم /زانکۆی بەغدا هەڵسەنگێنرا، لە ڕۆژنامەی پاشکۆی برایەتی / ئەدەب و هونەر، ژمارە (١١٣) لە ١٩٩٩/٢/٥، ل ٣.

٢٦. پەیوەندی پێکهاتەی نێوان زمان و بیرکاری ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، ژمارە (١٠) ، ٢٠٠٣، ل ٥ – ١٦.

٢٧. چۆنیەتی ئاوێتەکردنی زارەکانی زمانی کوردی لە زمانی ستاندردا، گۆڤاری (زمانەوان) ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردستان / تاران، ژمارە (٢) ، ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی – ٢٧٠٢ کوردی / ٢٠٠٢ز. ڕۆژانی ٣٠ – ٣١/ ٥/ ٢٠٠٢ ، ٩ – ١٠/ جۆزەردانی ٢٧٠٢. تایبەت بە یەکەمین کۆنگرەی زانستی - فێرکاری زمانی کوردی لە ئێراندا.

٢٨. جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی بوون و نەبوونی کاتەوە، گۆڤاری (الاستاذ)، زانکۆی بەغدا/ کۆلیجی ئاداب، ژمارە (٢٥) ، ٢٠٠٥.

٢٩. دابەشکردنێکی نوێی زارەکانی زمانی کوردی ، گۆڤاری کۆلیجی زمان، زانکۆی بەغدا.

٣٠. پاراستنی زمانی نەتەوەیی بەشێکە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، گۆڤاری سابات بەشی کوردی ژمارە (١) ، ٢٠٠٥، ل.

٣١. کوردبوونی زمانی شیعری بابە تاهیری هەمەدانی ، گۆڤاری کۆری زانیاری عێراق / دەستەی کورد.

٣٢. گەردانکردنی فرمان لە شێوە زاری شواندا بە بەراورد لەگەڵ زمانی نووسیندا.

**لێکۆڵینەوەو وتاری ئەدەبی:**

١. ئەدەب و ئەدەبی کوردی و گەشە و گۆرانی : گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٠) ، ١٩٩٧، ل ٤٥ – ٥٢.

٢. پەیامداری لە ئەدەبی کوردیدا ((الالتزام))، نووسەری نوێ، ژمارە(١٧) ، خولی پێنجەم، ١٩٩٦.



٣. وێنەی هونەری لە شیعری پیرەمێرد دا ، گۆڤاری : نووسەری نوێ ، ژمارە (١٧) ، ل ٢٧ – ٥٠ حوزیرانی ساڵی ٢٠٠١.

٤. وێنەی هونەری لە شیعردا، ڕۆژنامەی (عێراقی ڕۆشنبیری )، ژمارە (٣٨١).

٥. بۆچی خانی مەم و زینی نووسیوە ؟ هاوکاری ژمارە (٢٥٩٠).

٦. جوانی و ناشیرینی بە واتا فەلسەفێکەی لە شیعردا ، عێراقی ڕۆشنبیری ژمارە (٣٦٤).

٧. واتای فەلسەفی شیعری گۆران ، هاوکاری ژمارە (٢٦٥٦).

٨. چۆنیەتی پەیدابوونی شیعرو کۆنترین شیعر ، برایەتی ئەدەب و هونەر ژمارە (١٢٠) لە ١٩٩٩/٤/٢ ل٣.

٩. قانیع شاعیری بەرگری میللی چەوساوەکانی کوردستان ، لە میهرەجانی شاعیر قانیع لە مەریوان ، لە دیداری شیعری قانیع ، سلێمانی ٢٧ – ٢٩ / ١٢/ ٢٠٠٥ پێشکەش کراو خوێندرایەوەو خەڵاتی هاوبەشیکردنی وەرگرت.

**مێژوویی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری:**

١. بۆچی باری ئابوری وڵاتان بەرەو گرانی دەڕوات ، کوردستانی نوێ لە ١٩٩٢/٥/٦.

٢. نەورۆز ناسنامەو کەلتوری نەتەوایەتی کوردە ، لە ڕووی : ئەفسانە، مێژوویی و ئایینی و نەتەوایەتییەوە، گۆڤاری دهۆك، ژمارە (٣) نیسانی ١٩٩٨.

٣. ئایینی زەردەشتی ، گۆڤاری لالش ، ژمارە(١٠) ، ١٩٩٩/٢/٢، ل ١٥٠ – ١٦٨، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و ئایینی و فەلسەفەییە.

٤. دەوری بزوتنەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتی کورد لە دەرکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، گۆڤاری (مەتین)، ژمارە (٧٥)، ١٩٩٨، ل ١٢ – ٢٧ بە بۆنەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەگەرییەوە.

٥. دۆخ و هۆی پەیدابوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، گۆڤاری (گازی)، ژمارە(٤٠)، ١٩٩٨، ل ١٦ – ١٧.

٦. یەکەم شەهیدی شۆڕشی شێخی نەمر، گۆڤاری : ڕەنگین، ژمارە (٧٣).

٧. نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی و سەرتای خەباتی کوردە ، ژمارە (٧٧).

٨. دەربارەی هۆزی ((شوان)) ، گۆڤـاری : هـاواری کـەرکوك، ژمـارە (٤) ، ١٩٩٩، ل٣٥ — ٤٧.
٩. دیسان لە هەقە کەوتنە تەقە، گۆڤاری : کـاروان، ژمـارە (١٤٢)، ٢٠٠٠، ل ٨ — ١٦.


**سیاسی:**


١. حەڤدە دلۆپ فرمێسکی بێدەنگ و دلۆپێکی بە ئاشکرا بـۆ رۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ ، کوردستانی نوێ. ژ(٧٥) ، ١٩٩٢/٤/٢٤، لاپەرە (٢).
٢. کێشەی بەعەرەبکردنی کەرکوك لە کۆنـەوە تـاکو ئـەمڕۆ ، گۆڤـاری : سـەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠) ، ٢٠٠١، ل ١٧٩ — ٢٤٩، تایبـەت بـە کۆنفراسـی زانـستی ئەکادیمی کەرکوك، رۆژانی ٣ — ٥/ ٤/ ٢٠٠١ هەولێر.
٣. بەقسەی کێ کوردستان سـێ جـار دامەزرانـدنی دەوڵـەتی بـۆ ڕێکـەوتووەو خـۆی نەیویستووە ، گۆڤاری : گۆڵان ، ژمارە (١٩٣) ، ١٩٩٨.
٤. هەڵوێستی وەفدی کورد لە قاهیرە دا دەبێ چـۆن بـێ ؟ گۆڤـاری : گـۆڵان، ژمـارە (١٧٥)، ١٩٩٩.
٥. ئایە کورد لە بوونە ئەنـدامێتی تورکیـا لـە یـەکێتی ئـەوروپا زەرەرمەنـد دەبـێ؟ گۆڤاری گولان ، ژمارە (٢٥٢).
٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد دیبلۆماسیوتی نێودەوڵەتی خۆی بنـوێنێ، برایـەتی نجـیرە وتار، ژمارە (٢٧٠٦، ٢٧٠٧، لە ٤,٣/ ١١/١٩٩٨.
٧. هەڵسەنگاندنی کتێبی ((امە فی شقاق)) گۆڤاری : گازی ، ژمارە (٤٣).
٨. هەڵسوکەوتی کورد پێویـستە چـۆن بێـت؟ گۆڤـاری : گـازی ، یـەکبوون — کـاری سەربەخۆ ، ژمارە (١٦) ، ت٢ ،٢٠٠٠ ، ل ٧ — ١٤.
٩. لەکەش و هەوای کۆنگرەی (١٢) ەوە بـۆ تـەبایی مـاڵی کـورد، برایـەتی، ژمـارە (٢٩٥٣).
١٠. بەر لە لێدانی عێراق پێویستە کورد مەسەلەی لەگەڵ ئۆپۆزیـسونی عێراقـی یـەك لایی بکاتەوە، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٤٦٨)، ل ٣، لە ١٧/ ١/ ٢٠٠٢.





١١. مەسەلەی کورد و هەڵوێستی ئەوروپا یا سیاسەتی بانێکەو دوو هـەوا، رۆژنامـەی رزگاری، ژمارە(٨٣) لە ١/٤/٢٠٠٠، ل٤.
١٢. جـەنگ و گـۆڕان و مەسـەلەی کـورد، ڕێگـای کوردسـتان، ژمـارە(٤٨١) ، ٢٠٠١/١١/٢٦، ل ٢.
١٣. پەیامداری و سوود وەرگرتن لە توانای دڵسۆز، ڕێگای کوردستان، ژمارە(٤٨٥)، ٢٠٠١/١٢/٣١، ل ٢.
١٤. دەورو ئەرکی رۆشنبیری کورد لە مەسەلەی نەتەوایەتیدا ئـەبێ چـۆن بـێ، ڕێگـای کوردستان، ژمارە (٤٩٠) لە ٢٠٠٢/٢/٤، ل ٥.
١٥. کێـشەی کـەرکوك و ڕاگـوازتنی کـورد، برایـەتی، ژمـارە (٣٢٨٩) ، لـە ٢٠٠١/١/٢٠، ل٧.
١٦. ڕاگـوێزان، ئـەنفال، ئۆردووگـای زۆرەملـێ، سیاسـەتی سێکوچـکەیی سـڕینەوەی نەتەوەی کورد و قڕکردنی ، برایەتی، ژمارە (٣٣٦٨) ، ٢٠٠١/٤/٢٨ ، ل٧.
١٧. لەم کاتەدا پێویستە کورد لە هەموو کاتێکی تر وریاتر بێ ، ڕێگـای کوردسـتان ، ژمارە (٤٣٩) لە ٢٠٠١/٢/٦، ل٢.
١٨. با لە یادی بۆمبابارانی قەڵادزێـدا بـاڵا گـەردانی یـەکترین، ڕێگـای کوردسـتان ، ژمارە (٤٥١) ، ٣٠/ ٢٠٠١/٤، ل٥.
١٩. نەورۆز جەژنی نەتەوایەتی کۆنی کـوردە، ڕێگـای کوردسـتان ، ژمـارە (٤٤٧) لـە ٢٠٠١/٤/٢، ل ١٣.
٢٠. كيف نقيم اتفاقية اذار ١٩٧٠م، جريدة (ميديا) ، عدد (٨٩) في ٢٠٠١/٣/١٦.
٢١. بەعارەب کردن، دەرکردن، داگیرکردنی کوردستان تاکەی ؟ ! ڕێگـای کوردسـتان ، ژمارە (٤٩١) ، لە ٢٠٠٢/١/١١، ل.
٢٢. بوردومانی قەڵادزێم چۆن دیـت؟ برایـەتی ، ژمـارە (٣٠٧٥) لـە ٢٠٠٠/٤/٢٤ ، ل٦.
٢٣. ئـەنفال و ئـەنفالی کـوردو کاریگەرییـەکانی ، گۆڤـاری : ئـەنفال ژمـارە (١) ، ٢٠٠٢.
٢٤. لە یادی ساڵ ڕۆژی ئۆردوگای قوتابیانی کوردستان لە کـەرکوك سـاڵانی ١٩٧١ — ١٩٧٣ ، برایەتی ژ (٣١٤١) ، ٢٥/ ٧/ ٢٠٠٠ ، ل٧.

٢٥. ئەنجومەنی نیشتمانی و چۆنیەتی هەڵبژاردن، کوردستانی نوێ، ١٩٩٢.

٢٦. کاتی ئەوە هاتووە کورد بەدەنگدانێکی گشتی داوای سەربەخۆیی خۆیی بکات، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٥٥٩)ی ڕۆژی ١٣/ ٨/ ٢٠٠٣ ، ل٢. لە سایتی بەرەو ڕێفراندۆم لە ئینتەرنێتەوەش بلاوکرایەوە.

٢٧. یادی سی ساڵەی دانانی بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی ، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٥٠٤) ی ، ٢٠٠٢، ل ١٠.

٢٨. با خەڵکی کەرکوك : شوان، سالەیی، قادرکەرەم ، قەرەحەسەن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی باوباپیران یان، ڕێگای کوردستان ، ژمارە (٥٦٠) لە ٢٠/ ٨/٢٠٠٣، ل٥.

٢٩. داستانی ڕۆژی ٢٠/١٠/ ١٩٨٤ ی دێی چیمەنی شەهیدان ، ژمارە (٥) ی هەفتەنامەی کەرکوکی نوێ ڕۆژی ٢٠٠٣/١١/١٥ ، ل٦.

٣٠. ١٩٨٥/١٠/١٥ ی ڕۆژی ڕەشی شاری کەرکوك ، کەرکوکی نوێ ، ژمارە (٤) ی ٢٠٠٣/١١/٤.

٣١. کەرکوك شارێکی خامۆش و فەرامۆش ، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٥٨٥) ، ٢٠٠٣/٣/١٧ ، ل٢.

٣٢. بەری ڕۆژی کورد بوونی کەرکوك بەبێ‌ژنگی کەس ناگیری، ڕۆژنامەی ((گەڕانەوە))، کەرکوك، ژمارە (١٠) لە ٢١/ ٣/ ٢٠٠٤، ل٥.

٣٣. مێژووی تیرۆر لە کوردستاندا، ڕێگای کوردستان، ژمارە (٥٨١) ی ١٨/ ٢/ ٢٠٠٤، ل٥.

٣٤. شەوی ٣١/ ٣/ ١٩٨٨ ی شاری کەرکوك (ڕۆکێتی بارانی ئێران) ، ڕۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٧٦) ی ١٠/ ٤/ ٢٠٠٤ ، ل٥.

٣٥. لە یادی ڕۆژی (١٨) ی شوبات و خەباتی قوتابیان لە حەفتاکاندا، هەفتەنامەی ڕوانین ژمارە (٢٤) ی ڕۆژی ٢٠/٢/٢٠٠٥، لاپەڕە ٩.

٣٦. کەرکوکی کوردان مەسەلەیەك نییە دوا بخرێت ! ڕێگای کوردستان، ژ(٦٣٧) ٢٠٠٥/٤/١٣ چوارشەممە، ل ٣.

٣٧. پلەو پایەی کورد لە ناو پێکهاتە وەزارەتییەکەی جەعفەریدا، ڕێگای کوردستان ژمارە (٦٤١)، ١١/ ٥/ ٢٠٠٥ ، ل ٣.



٣٨. پێکەوە ژیان یا جیابوونەوە، مانگە شەو لە ئێوارەوە دیارە، ڕێگای کوردستان ژمارە (٦٤٣) لە ٢٥/ ٥/ ٢٠٠٥، ل ٢.

٣٩. ئێمە بە لێشاو دەنگمان دا — دە ئێوەش بە وەفابن، جەماوەر ، ژ (١٢٦) دووشەممە ١٦/ ٥/ ٢٠٠٥، ل٨.

٤٠. کەرنەڤاڵی دەنگدان لە کەرکوك، ڕۆژنامەی هەواڵ، ژمارە (١٣٠) ، ٢٠٠٥/٥/٧، ل٢.

٤١. لە یادی (٤٢) ساڵەی شەهیدانی ٢٣ حوزەیرانی ١٩٦٣ لە کەرکوك، ڕێگای کوردستان، ژ (٦٤٧) لە ٢٠٠٥/٦/٢٢.

٤٢. نەك کەرکوك ! بەڵکو عەقڵیەتی شۆڤینییە بۆتە بەربەستی دانانی دەستور، گۆڤاری گوڵان، ژمارە (٥٤٤) لە ٢٠٠٥/٧/٧، لاپەرە (١٣).


٤٣. لە یادی (٣١) ساڵەی بۆردومانی قەڵادزێدا، ڕۆژنامەی (ڕوانین)، ژ (٢٧) ، ٢٠٠٥، ل٣.

٤٤. چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و گەڕانەوەی ئاوارەکانی بۆ شوێنی خۆیان ، کۆنفرانسی تایبەت بە کەرکوك، ڕۆژانی ٢٥ — ٢٧ / ٨/ ٢٠٠٥ لە لایەن دەزگای خاك و کوردساتەوە ، سلێمانی.

٤٥. با ئاڵای کوردستان بەرز بشەکێتەوە، برایەتی، ژ (٢٨٥٧) ، لە ١٥/ ٧/ ١٩٩٩ ، ل٣.

٤٦. لە ساڵ ڕۆژی شاڵاوی ئەنفالی چوارەمدا، ڕۆژنامەی برایەتی ، ژ (٣٠٨٥) ، لە ٢٠٠٠/٥/٨ ، ل٦.

٤٧. بەرنامەی بوژاندنەوەی ڕوومای کوردانەی شاری کەرکوك، ژ (٢٦) ، ٢٠٠٥ ، ل١٦٧ — ١٧٤.



کێشەی کەرکوك، کێشەیەکی نەتەوەییــە، بەنـدە بــە مرۆڤ و خاکەوە واتە پەیوەندی و پابەندبوونی مرۆڤ بە خــاکی نیــشتمانەکەیەوە، بــەهیچ شــێوەیەك لێــی داناماڵرێت، تا دەمرێت چاوی لێیەتی.

کەرکوك لەڕووی جوگرافی و مێژوویی و ئاینی کـۆنی کورد و زمانەکەشیەوە بەشێکە لە نیشتمانی کـورد و دەچــێتە نــاو نەخــشەی سیاســی و سروشــتی کوردستانەوە.

بۆیە کێشەی کەرکوك بەندە بە ئابڕووی نەتەوەییمانەوە، کێشەیەکی سەرانـسەری نەتەوەکەمانــە، لــە دەســتدانی دەبێتــە هــۆی لــە دەســتدانی ئــابڕووی گــشت نەتەوەکەمان. بۆیە دەبێت و پێویستە لەسەر هەموو کوردێك لەهەر شوێنێك بێت بەرگری لە کوردبوونی ئەم شارە کوردییە بکات و، نابێت بەهەر شـێوەیەك بێـت، لەدەست بـدرێت و دەبێـت لـەم پێنـاوەدا گیـان لەسـەر دەسـت بـین. ئەگەرچـی کەمتەرخەمی بەسەرکردایەتی کورد و پاشان بەخەڵکی کەرکوك و لە دوایشدا بــە هەموو کوردەوە دیـارە و لـە ئاسـتی مەسـەلەکەدا نـین. لـە کاتێکـدا خـەڵکی غەوارەی دوورە وڵات دەیەوێت کەرکوك دابڕێ بۆخۆی و تیایدا دژ بە کورد کـاری تیرۆرستی دەکات و لە کاتی روخانی رژێمیشدا هـەلی رزگـارکردنی کـەرکوکمان بەخۆمان لەدەست دا.

لەم باسـەدا کێـشەکە بـە چـەند شـێوەیەك و لـە پـێش ڕوخـانی سـەدام و دوای ڕوخاندنیشی لەگەڵ چۆنیەتی چارەسەرکردنی بە بەڵگەی نوسراوەوە خراوەتە ڕوو.